

# بارگای مامه عەزۆ

سەر بە هیچ دەستە و تاقم و دەزگایەک نیە! سەری خۆی هەڵگرتووە و سەر بەخۆیە!؟









## سەر بژار

رۆژباش بینەر و خوێنەری خۆشەویست. هەروەك دەزانن ئەم بارگایە بۆخۆم دروستم کردوە وئیجازەم لە کەس وەرنەگرتوە, پێویست ناکا! هەر لە ئەوەڵی بیسملاوە لە بنی کولەکەکە دەدەم تا لێتان حاڵی بێ دوو مەن ماست چەنێ کەرەی هەس. زۆر کەس پێیان وا بوو منیش حەلە و قەلەیەك و سڕێك لە کارم دایەو نێوێکی سەیر وسەمەرە لە خۆم دەنێم و بەردەبمە تەقەڵە لێدان. نەخێرگیانەکەم لە سەهوو دان, ڕاستە کە ئێمەش گەردن شین وتەقڵەبازمان تێدایە, بەڵام بۆ هەموو کەس و لە هەموو شوێنێك تەقەڵە لێنادین. جا باش وایە حیسابی خۆتان بکەن چ بە چۆرت و چ بە کامپیۆتێر! لێتانی ناشارمەوە هێندێك پێش ئەوەی هەڵفڕین, بەردیان بۆ لە قۆچەقانی خستووین, دەمان پێکن, ئێستا هەڵنەفڕیوین, چۆرەی خوێنی دڵمان دێ, چوونکو نافامن ! تەقڵەی باڵی ئێمە و هەڵفرینمان بۆ سەربەرزی هەموانە. موخابن. ڕەخنەی باش ئێسکمان پتەو دەکا, خوێنمان زولال دەکا! نەفەسمان درێژ دەکا! برینەکان سارێژ دەکا و بە تەقەڵی ورد سەریان وێك دێنێتەوە و دەیان دورێتەوە. ئەو ڕەخنانەم لە بەرگی گوڵی لەتیف و جواندا خەملاندون بۆئەوە دڕوە وردەکان پەنجەتان نەێشێنێ, بزە بکەوێتە سەر لێوتان. بە دڵ فراوانی سەیری ئەو دیمەنە جوان و رەنگینانە بکەن. دەبا بە یەکەوە پێبکەنین و نەك بە یەك پێبکەنین.

**mame-azo@gmx.net**









## وتەیەكی پێویست

مامە عەزۆ یەكێك لە كارێكتێرەكانی شانۆیی و بەرنامەكانی تەلەوزیۆنی"كاناڵی 2000" بوو، كە لە ناوەندی شانۆی كۆچەر، لە ئاڵمان ئامادە و تۆمار دەكرا. دەرهێنەرانی كاناڵی 2000 سولەیمان فەرشی و عەلی عەبباسی بوون. نووسەرانی بەشەكانی"كاناڵی 2000" بریتی بوون لە برایم فەرشی، عەلی عەبباسی و سولەیمان فەرشی. دەورگێڕ و وێژەران بریتی بوون لە گەوهەر فەرشی، لەیلا ئینسان، جاسم ئینسان، سولەیمان فەرشی، عەلی عەبباسی، برایم فەرشی و كەسانی تر. كارێكتێری مامە عەزۆ پاشان لە جیهانی دراماتیكی و شانۆییەوە و گوێزرایەوە بۆ مەیدانی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیات و تایبەتمەندی ئەم دوو بوارەی وەرگرت، كە بە ساڵانێك لە ماڵپەری ڕۆژهەڵاتەوە بڵاودەكرایەوە. ئێستاش بەشێك لە نووسراوەكان وەك كتێبێكی دژیتاڵ بڵاو دەكرێتەوە.

ماڵپەری ڕۆژهەڵات-ئاڵمان

# پێرست


**گەشتنامەی هەولێر**

لۆ كێ دەچی ماموستا!؟

وتوویژ لە گەڵ سادق هیدایەت لە هەولێر

دەنگی بەرد

**خا زڵەخا**

تەیارە

**كاك ڕەحمان**

باجی سمێڵ

شەنبەلیلە

میوانی هیندوستانی..

سەلكێك پیواز ..

**ئاغا یونس خان**

*تروسكەی ئەستێرەی..*

*رووكەشی تەڵا و ددانە..*

*لۆتی بەرقی ,ویدیۆگریپ*

*فەرمانی, فەرمان خان*

*هێلكەی كوردی ئیسرائیلی*

ئاژیری مام بایز و میرزا عومەر!

كاتێك بۆ حەسانەوەی مام پیرۆت

*سۆفی ڕەمەزان وپیرۆزبایی*

*سەری عەبباس و تیمی ماشێن سازی*

*قەیتانی كەوشەكانی ئاغای سەمەدی*

**بوش و سەدام**

*جیمزباندو دووپشكی ڕەشی ئێران*

*سەدام و توری فەرەنگی*

سەدام زورنا لە كام سەریەوە لێدەدا!؟

*سەدام و جاچكەی كوردی*

*وتوێژ لە گەڵ بوش*

*نامە بۆ جۆرج W بووش*

*نامە بۆ جۆرج بوش*

شەڕی ناومال

*نامەی نهێنی بۆ سەرۆك*

بابەلی و چل دزی بەغا

*خاوەنی نەوت, بۆ دەبێ تەپاڵە بسوتێنێ*

چۆلەكەی قاقەزی

كورتانی ناپلیون بناپارات

نەقل ونوقلی سیاسی

خۆزگەمر بە زەمانی شا

پیتزا مارگاریتا

مازوو

بژی كورد, بژی كوردستان

كەس نەڵێ كورد مردووە!

*دێموكراسی بۆ ئێوە كێو و شاخیش بۆئێمە*

*تێكەڵاوی ڕەنگەكان بە قازانجی كێیە!؟*

هەڵپەرینی ورچ و دەعبایەكی تازە

لكی قەڵەشیو

كاتێك بۆ دیتنی سینەما

قاز و قولینگ

ڕەخنەی چەك و چەكی ڕەخنە

(100) پرسیار و یەك پیرۆزبایی

ڕۆژهەڵاتی كوردستان وگەزی ئیسفەهان

مووڕو مووڕوم لێ داوە!!!!

وتوویژی لە گەڵ ماموستا هەنجیر

*دەنگ و باسی خێرا و بێ گرێ!!*

*ڕێنوێنی بە ئەدەبەوە*

*سرتە و خورتە ونامە ومامە*

*گەورەترین سیاسەت وان كێیە؟*

*گەورەترین هونەرمەند كێیە؟*

**هەڵبەست و هۆنراوە**

سەدامە زێڕە

قووقولی قووقو

بەهار تاقە گوڵ

*سەدەی بیست ویەك*

*بوشدام و هەقلی مەقۆ*

*مەتڵۆكی مامە عەزۆ*

*بانگەواز بۆچاتكەران*

*خەونی سۆفی ڕەمەزان*

بۆ شاعیرێ100 ساڵ..

**ئارنۆڵد**

وتوویژ لە گەڵ ئارنۆڵد

**وتوویژ دەگەڵ مامە عەزۆ**

پرسیاری كورتی نادر و وڵامی خێرای مامە

وتوویژی نادری فەتحی لە تەك مامە عەزۆ


«مووڕو مووڕوم لێ داوە!! هەر كەس دەستی لێ داوە حەوت براو خوشكی نەماوە»

میوانی خۆشەویستی بارگای مامە عەزۆ, بەخێر بێن سەرچاوی مامەی خۆتان! هەمووتانم خۆش گەرەكە, مامە لە دەوری سەرتان گەڕێ! بەكەیفی خۆتان لەو بارگایەدا..و كەیف خۆش بن. بەڵام لەمنو كەوێ, بە ئیحترامی خانە خوێش بێ, تكاو رجاتان لێ دەكەم ئەگەر كەڵكی تایبەتیتان لە خوانی ئەو بارگایە وەرگرت, ناوەكەم مەسڕنەوە! لاچاوی هەمووتان دوو ماچ دەكەم.

# گەشتنامەی مامە عەزۆ بۆ هەولێر

**لۆ کێ دەچی ماموستا!؟**

سەرەتای هاتنی نەورۆز بوو, لە گەڕەکی «حەی موهەندیسی» لە هەولێر بەرانبەری حەمامەکەی وا نێویم لە بیر چۆتەوە, دەستم لە تاکسی یەك هەڵهێنا. تاکسی یەکی قوڕازەی زەمانی مەلیك, بە خۆڕاژاندن و شەقەشەق وتەقە تەق بۆی ڕاگرتم.

مامە عەزۆ: سەلام وعەلێکم, کاکە گیان ماندوو نەبی.

شۆفیر: بەخێرهاتی سەر چاوم ماموستا! کوی؟ باشی ئەلحەمدولیلا!

مامە عەزۆ: سپاست دەکەم براگیان!

شۆفیر: ماموستا بۆ کوێ تەشریف دەبەی؟

مامە عەزۆ: ساحەب تەشریف بی, بۆکۆمەڵەی هونەرە جوانەکان!

چاوەکانی لە پشیلەیەك دەچوو,کە تازە لە متبەق هاتبێتە دەرێ, بە سەرسوڕمانەوە پرسی.

شۆفیر: ئەوە کوێیە ماموستاگیان؟

مامە عەزۆ: قوربان ئەوە, ئەو شوێنەیە وا هونەرمەند لێی کۆدەبنەوە.

شۆفیر: ماموستا حیزبە یان قوتابخانەیە؟

مامە عەزۆ: نا کاکەگیان ئەمانە نیە, ئەحمەد سالار دەناسی؟

شۆفیر: بەڵێ ئەرێ والا.

مامە عەزۆ: ئەوە کۆمەڵەی جەماعەتی هونەرمەندی وەکو ئەحمەد سالارە!

شۆفیر: ئاخر ماموستا ئەحمەد سالار لە پارلەمانە, لە شوێنی دیکە کۆ نابێتەوە!

مامە عەزۆ: کاکە گیان ئەو قەلە ودەلەی ناوێت. دەمبەی بۆ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان یان نا؟!

شۆفیر: باشە ماموستا ئێستا لۆت پرسیار دەکەم.( لە دورەوە) ئەرێ کاکە کۆمەڵ و هونەری جوان لە کوێیە؟

کابرا: (دەست دەخاتە پشت گوێی): چی؟ حاڵی نەبووم!

مامە عەزۆ: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان!

کابرا: فنونول جەمیلەت مەنزورە؟؟

شۆفیر: بەڵێ. دە ئەوەی برێ! ماموستا گیان ئەوەی پێدەزانم!

مامە عەزۆ:دەباشە کاکە گیان! بمبە بۆ لای ئەو جەمیلەیە!

شۆفیر: حەی بە سەر چاوان!

نێوچاوانی تیشکی تێ کەوت و چاوەکانی بریقەیەکی داوە و کوژاوە. چاوێکی لێ کردم و بە ئەرخایەنی تاکسی گاز دایە.

سەعات پێنجی ئێوارە لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان قەرارم بوو. تاکسی ڕایگرت و شۆفیرەکە کوتی.

شۆفیر:فەرموو ماموستا, ئەوەش فنون ئەلجەمیلە!

(ئەوە نەبو! جارێك چوو بووم. لە سەر تابلویەکی ڕەش بە عەرەبی نووسرابوو ئەل فنون ئەل جمیلە و نازانم چی)

مامە عەزۆ: کاکەگیان ئێرە نیە! بە کوردی لە سەر دەرگاکەی نووسراوە.

شۆفیر:ماموستا هەر ئەوەیە دەنا من نازانم. دیسان لۆت پرسیار دەکەم. (کابرایەکی لە دورەوە بانگ کردو کوتی.) کۆمەڵی هونەری جوان لە کوێیە؟

کابرا: نازانم, بەڵام بۆ لەوەزارەتی رۆشنبیری ناپرسی خۆ دور نیە, لەوبەری شەقامەکەیە!

لە بەر دەرگای وەزارەتی رۆشنبیری کابرایەك راوەستا بوو, شۆفیرەکە چوو لێیپرسی, لە دورەوە چاوم لێ بوو کابرا شانی بۆ هەڵتەکاند. کابرای شۆفیر دیار بوو زۆر توڕەیە. خێسەیەکی لێ کردم و کوتی.

شۆفیر: فەرمو ماموستا! لە تڕی وەزارەتی رۆشنبیریت بم. ئەوانە رۆشنبیرن نازانن! سایەقێکی بەدبەختی وەك من بۆ بزانێ! ها؟ پێم نارێی؟(ماوەیەك بێدەنگ مامەوە)

مامە عەزۆ: کاکەگیان بمبە بۆ نێو بازار, بۆمەیدانی سەوزی فرۆشەکان!

شۆفیر: ئاخر ماموستا کۆمەڵەی جوانت دەوێ یان سەوزی فرۆش؟( سەعات لە پێنج تێپەڕ ببو).

مامە عەزۆ: مەیدانی سەوزی فرۆش!

شۆفیر: باشە ماموستا, هەرچۆن بفەرمووی! (ماوەیەك هەردووکمان بێدەنگ بووین, ئاگام لێ بو, پێی خۆشە قسان بکات, بەڵام نەیدەزانی لە کوێوە و بەچی دەست پێ بکا! لەو دەمەدا گەیشتینە چوار رێیەك, راوەستاین! پاسەبانێکی کزی باریك لە لیباسی ئەسەکری دا کە لە دورەوە هاواری دەکرد ئی خۆی نیە بە ئیشارەی دەست فەرمانی بە ماشێنەکان دەدا، پرسیم.

مامە عەزۆ: وەزارەتی کارو پیشەت بیستووە؟

شۆفیر:بەڵێ بیستومە!

مامه عەزۆ:لە کوێیە, پێم بڵێی پێنج دینارت دەدەمێ! (پێکەنینێك بە ئەسپایی بە سەر دەم وچاویدا خوشی خواردو تێپەر بوو.)
شۆفیر:باوەڕ بکە ماموستا بەدبەختی هێند زۆرە, پیاو ناوی خۆشی بیر دەکا, من نازانم ئەو نێوەڕۆیە چم خواردیە!
مامە عەزۆ: وەڵا خۆ منیش نازانم, کابرای چەشتخانە شتێکی دەرخوارد دام, نێوەکەی فێر نەبووم.
کابرای پاسەبان دەستێکی راداشت و ئیزنی دا بڕوین.
مامە عەزۆ: کاکە گیان چاو لێ کە لەو بەر شەقامەکە. ئەوە وەزارەتی کاروپیشەیە! با فێر بی بۆ جارێکی کە!(یەك دوو شوێنی کەم هەڵدا وپرسیم, بەڵام نەیزانی, ئێستا نەگەیشتبووینە مەیدانی سەوزی فرۆشەکان چاوم بە تابلوکەی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان کەوت.)
مامە عەزۆ: کاکە گیان تکایە, لەو پێشەوە ڕایگرە! ئەوەیە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان! فێری بی باشە!
شۆفیر: ئەوە فێر بووم ماموستاگیان. خوداخافیزت بێ.

## وتووێژی رۆژنامەوانێکی هەولێری لە گەڵ سادق هیدایەت

لە باشوری کوردستان با بڵێین لە هەولێر و سولەیمانی شتێك زۆر باوی خۆشە, دیمانە کردن و وتوێژ لە گەڵ ئەم وئەو، بە تایبەت میوانە عەزیزەکان. میوان ئێستا نەگیشتووتە ئەوێ, ئەوە 50 ژۆرنالیست درێژ وقەڵەو وباریك و قوڵە لە دەوری کۆدەبنەوە. ریزی بۆدەگرن ناهێڵن شڵپێك ئاو بە دەم وچاوی دادا و کەمێك بحەسێتەوە. یەك لە دوای یەك دیمانە دەکەن و ئەوە لە *کاروان ومەاروان* و هەواڵەتی و جیرانەتی, بڵاوی دەکەنەوە هەتا دێتە سەر تەلەوزیونەکان بە نێوی سەیر وسەمەرە!
نەورۆز بوو, لە هوتێل چوارچرا تەماشام کرد پێنج کەس دەوری عەزیز شاروخ یان داوە, چووم بەرەوپیری بەخێرهاتنی بکەم, کابرایەك پێشی گرتم وکوتی: « دەتەوێ وتووێژ بکەی؟» کوتم نەوەڵا دەمەوێ دووماچی عەزیز (شاروخی!) بکەم. باوەشم پێداکرد و دووماچی حیسابیم کرد,هەر ئەوەندەم وەبەر کەوت. کاك حسێن شەریفی یش بە نابەدڵی دوو دانە ماچی دامێ, دەتکوت دەیخۆم! کوتم وەڵا بچمەوەماڵێ دەبێ شریتت نەهێڵم, خۆتۆ ,,ئیبراهیم تاتلی سەس,, نی!
چاوەڕێ بووم دوکتور قوتبەدینی سادقی بێ و چاوێکم پێی بکەوێ هەتا زوو نەگیراوەتەوە.لە ناکاو دوو کابرای لاو کە دیار بوو هاتوون بۆوتووێژ لێم نزیك بوونەوە, یەکیان پرسی:
,, ئەرێ کاکە, سادیقی هیدایەت لە کوێیە؟ هاتووین بۆ دیمانە کردن!,,
کوتم: لە قەبرانە! خۆ لەمێژە مردووە! نەتانزانیوە؟! بە پێکەنینەوە یەکیان کوتی: ,,ماموستا گەمەمان پێدەکەی؟,,
کوتم: ئەستەغفرلا, کاکەگیان,سادق هەدایەت ئێرانیە و خۆی کوشت. یەکیان هێندێك تێکچوو کوتی: ,, ئەوە دەڵێی چی دوێنێ لە تەلەوزیونی زاتەلیت بۆخۆم دیم, لە گەڵ عەزیزی شاروخی وئەوان بوو!,,
پرسیم سادق هەدایەت چ کارەیە؟ کوتی: ,, شانۆکارە, تەمسیلی هێناوە بۆهەولێر.,, ئەوجا کوتم: دوکتور قوتبەدین سادقی دەڵێن؟ کوتی بەڵێ هەر ئەو سادقە! کوتم ئەوەش هەر سادقە بەڵام ئێستا هەدایەت نەبووە! لێم حاڵی نەبوو,بەڵام سەری راوەشاند. بۆئەوەش ئاشت بینەوە کوتم, ئەوە لەخواردنی بەیانی یە,منیش چاوەڕێ ئەو دەکەم. پرسیم بۆچت دەوێ؟
وتی: ,, وتووێژی لە گەڵ دەکەم.,,
باشە دەتەوێ چ پرسیارێکی لێ بکەی؟
کوتی: ,, دەمەوێ بزانم ئەوان نەورۆز لەوێندرێ چۆن دەگرن.,,
کوتم, دەوڵەت لەوێندرێ نەورۆزی گرتوە و بەم زوانەش بەری نادا! بە دۆستەکەی کوت: ,, وەرە بابڕوین وادیارە ماموستا زۆر ئیشتیای لە گەمەیە!,, هێندێك بیرم لێ کردەوە, رەنگە ئەوان راست بکەن, لەوانەیە دوکتور بۆ ئەوەی نەیناسنەوە لێرە خۆی بە نێوی سەدق هەدایەت ناساندبێ! دوور نیە, لە رۆژهەڵات دوور نیە, ئێستاش کەس نازانێ رۆژ لە کام لاوە هەڵ دێ!                (2002/11/16/15)

## دەنگی بەرد

تازە لە خواردنی کەبابی وەستا عەلی لە مەتعەمی قەڵادزێ گەڕابوینەوە, هێندەشمان ماستاو بەسەردا کردبو,وەکو هەنبانەمان لێ هاتبوو, جولەمان لێ بڕابوو!
دەڵێن زگی تێر ئاگای لە برسی نیە! بەڕاستی هەر وابوو,ئاگامان لە مەحمودی بێ زەواد نەبو!
ئەرێ کاك چالاك چۆنە بچین پیاسەیەك بکەین؟ زۆر قورس بووین ماڵەکەتە! کاك چالاك وڵامی داوە باشە, با ئەحمەد بێتەوە دەچین. لە پشتتەوە دانیشتبووم, لە ئاوێنەی ماشێنەکەوە چاوێکی لێ کردم و پێکەنی وکوتی, ئەوەش کەبابی هەولێر قوربان! جا ئەگەر چوویەوە هەر باسی بکە چیت خواردوە! کوتم خۆ ماڵت نەشێوێ لێرە لەبەر خواردن فریای هیچ کارێکی دیکە ناکەوین.کوتی کوڕە کاری چی, ماڵەکەتە, ئیستراحەتی خۆتی لۆ بکە.
کوڕێکی باریکەڵەی درێژی چاوبەقوڵ داچو لە ماشێنەکە نزیك بووە و سەری دانەواند و رووی کردە کاك چاڵاك, کە زگی بە فەرمانی ماشێنەکەوەنووسابوو, کوتی «ئاغاگیان برسیمە,نانم نەخواردوە یارمەتێکم بکە». کاك چالاك دەستی راستی خستە سەر زگی وەکو ماهوتماڵ هێنای وبردی وزاری بستێك کردەوە وکوتی دەنا من برسیم نیە, تازەم نان خواردوە!

کوڕە جحێل روخساری گوڕێ و هەر لەوێ بوو بە بەرد.
چاڵاک وتی: سەگ باب بە قەرا نێرەکەرێك دەبێ سواڵ دەکا, هەرچی دزی وکاری خراپەیە هەر ئەوانە دەیکەن, ئاسایشیان لە خەڵکەکەش ساندووە, ئەوە چیە ئاوارەن, کەروکوکیان بۆ سەدام بە جێ هێشتووە هاتونەتە سەر زگی ئێمە. برسیمە!! بەجارو جەهەندەم برسیتە!
زمان لە زارمدا شکا، خۆمم گرمۆڵە کردو و منیش بوومە بەرد.
لە خوار داوێنی قەڵاکەی هەولێر لە سەر دیوارەکە بە گەورە, بە رەنگی سوور نووسرابو« **کەرکوك دڵی کوردستانە!!**»
( 2002/11/16/15)

## خا زڵەخا

رۆڵە، خازڵەخا بە قوربانو بێ و لە دەوری سەرو گەڕێ, چیتان بۆ وەگێڕم؟
لە دوای ئەوەی بابی منداڵەکان ئەمری خودای کردو عەمری درێژی بۆئێوە بەجێ هێشت, خازڵەخای بێ بەختی کڵوڵ بە کۆشێك منداڵەوە بوو بە بێوەژن.
خودا لەو سەرە بۆخوی ئاگادارە تەواوی عەمری خۆم کڵفتی و قەرەواشی و جلشۆری ماڵانم کرد, بۆئەوەی منداڵەکانم ببن بە ئینسان و باوکیان لەودنیا روحی شاد بێ, منی بێچارەش شانازیان پێ بکەم و سەر بڵیند بم, بەڵام چ بکەم کە زەمانە و رۆژگاری بێ ئەمەگ تفی لە چاوان کردم و هەڵیداشتمە دنیای تەنیایی و بێ کەسی.
چوار کوڕ و کچێکم بو. کچەکە لە هەموویان گەورەتر بو, دەرسی خوێند و بوو بە معەلیمی دێهات و شووی کرد بەکابرایەکی سنەیی, کە ئەویش معەلیم بو.
چوار کوڕەکەم کە ئێستا ناوەکانیانم گوڕیوە، ئەوانەن: سندان, دەرد, قوزەڵقورت و زەهری مار.
سندان کوڕی گەورەم کە لە دەوروبەری سابڵاغێ معەلیم بو, ببو بە دیموکرات و سۆرانی لە قۆڵی هەڵاندو و زەنگاڵ وپوزەوانەی هەڵکێشاو فیشەکدانی لە خۆی بەست و کەڵاشینکۆفی لە شان کرد.
دەردیش وەکو دەردێکی گران, خودا غەزەبی لێگرت و بە حەفتا زمان قسانی دەکرد, کە منیش لە هیچی حاڵی نەدەبووم, سەروسەکتی خۆی گۆڕی و بوو بە چلیکی فەدایی. قوزەڵقورتیش لە گەڵ زاواکەم هەر یەکەو شازدە گەزیان پشتێن لە خۆیان هەڵاندو ئەوسەروئەوسەری کوردستان غاریان دەدا, بوون بە کۆمەڵە.
زەهریماریش زیادە لە هەمو حیزبی ئەو دنیایە, ببوو بە موزایکی خەڵك و بەردەمۆرەی بۆ دادەنام و نەسیحەتی دەکردم.
منی قوڕبەسەری بێ بەختی داماویش مابومەوە بە تاقی تەنیا! دڵە سوتاو و قرچاوەکەم ببوو بە هەزار لەت. نەمدەزانی ببم بە چی!؟ رۆژ هەتاکو ئێواری پێنج فەرزە کارم گریان بو. دەمکوت: خوزگە بە بابەکەیان بەس نەبوو بوخۆی نەجاتی بو.لە وەتی ئەو حیزب و میزبە پەیدا بووە, قەت پاروە نانێکمان بە یەکەوە نەخواردو شەوێك بەیەکەوە سەرمان نەناوە.
ئێستاش شوکرانە بژێرم و لە سەر بەرماڵێ لاناچم و لە خودا دەپاڕێمەوە, کە شکور منداڵەکانم زیندوون.
زەهریمار لە دوای ئەوەی دووجار بریندار و دەستێکی ئیفلیج بوو, ئێستا لە ئوردوگایەکی بەغدایە, دەڵێن سەدام بەخێویان دەکا. جا دەڵێم: کوڕە شتی واچۆن دەبێ ئەو سەدامە هەموو میللەتی کوردی قڕ کرد, چۆن ئێوە بەخێو دەکات؟! سەرەندەری لێ ناکەم.
قوزەڵقورت ژنی هێناوە و بەخۆی و سێ منداڵەوە لە سوێید دەژی و حەقایەتەکەی خۆشە!
دەردیش لە گەڵ ژن و دوو منداڵەکەی لە ئاڵمانن و دەڵێن گۆیا خەریکی زەیتوونن. سندانیش لە فەرانسە دانیشتووە و دەڵێن لە دەفتەرە, دە بەو خوڵایەی لەو سەرە ئاگادارە قەت لەو دەفتەرو قەڵەمە حاڵی نەبووم.
کچەکەم و زاواکەم دورخراونەوە بۆ مەشهەد و لەوێنە دەست بەسەرن.
جا بەقوربانو بم, چیرۆکی من دورو درێژە و دوایی نایات, با وەختی بێت هەموتان بۆ وەدەگێڕم, دەنا بەو مامە عەزۆیەدا خەبەرم بۆ بنێرن تا بێمە خزمەتتان. (19.12.2002)

**خا زڵەخا »»تەیارە««**

یەکێ لە کوڕەکانی خا زڵەخا داوەتنامە دەنێرێ بۆ دایکی, بانگهێشتنی دەکا بۆ دەرەوەی وڵات. ئەوە بەشی یەکەمی بەسەرهاتی خا زڵەخایە.
,, ئەوە بە قوربانوو بم, لە بەر دڵی مامە عەزۆ و لە بەر دڵی ئێوە چم بەسەر هاتووە، بۆ ئەوە ببێتە عیبرەت بۆ هەموو ئینسانێک, بۆتان وەدەگێڕمەوە. بۆتان دەگێڕمەوە کە چۆن ژنێکی بێ بەختی, جەرگ سووتاوی بێ سەوادی بێ کەس و کار, باروبوخچەی تێک دەنێ و هەڵوەدای وڵاتی کافرستانێ دەبێ. *تاقیق من جە سەنگ سەرختیم باڵان مەزرەعەی خارج ئینسانیم کاڵان*

*وەرنە من وەی تەور کیشام سزا و دەرد*
*ئەگەر سەنگ بیا مەکەردەش وەگەرد*

مەولەوی

خودا لەو سەرە ئاگادارە ئەو چەند ساڵە هەموو شەوێک دوو سێ چین گریاوم لە دواییدا ئەو سەرە نەدامەتەم خستۆتە سەر سەرین و چاوم لێک ناوە, نازانن بۆ دایک چەندە ناخۆشە جەرگی لەت لەت بێ و هەر لەتی پەرەوازەی وڵاتێک بێ, ئەگەرچی ئەوان منیان قەبوڵ نیە, بەڵام من دایکم و چارم نیە, دەبێ هەر بسووتێم. ئەو مامەیە هەمیشە پێم دەڵێ خاڵەخا هێندە مەناڵێنە, قسەکەت بکە. دەڵێم ئاخە تۆ چووزانی دایک بۆ ڕۆڵەی چی دەکێشێ, کابرایەکی سەڵت و قووڵت کەس نازانێ لە کوێڕا هاتووی, لە جوابدا شێعرم بۆ دەڵێ:

*ڕۆشنیی دیدەم, سەرمایەی ژینم*
*مەزەی بەزم کەیف دڵەی خەمینم*
*ساکە من بێ تۆ نەسپەردەم ئەروا*
*سەر نەنیام نە سای ئەلحەد بێ پەروا*
*چۆن واچوو وەفام ها نە تۆی دڵدا*
*وەفام هەم جەرگم بدەن وە چڵدا*

کوڕەکەم کارتی دەعوەتی ئاڵمانی بۆ ناردم, کەسیش نەبوو بۆم تەجروبە بکات. قاقەزی نووسیبوو, دەبێ ئەوە بەرمە سیفارەتی ئاڵمان هەتا ویزرام بدەنێ و بلێت بکڕم و بچم بۆ لایان.
تەلیفونم بۆکرد: ڕۆڵەگیان بۆ پێت وایە من خانمی گوگوشم 17 زمان بزانم و 17 وڵات چووبێتم و 17 مێردم کردبێ. من لە شاری سەقز هەتا ئێستا 7 جار ون بووم, نە خوازە بە تاران. کە سەری مار و مێرووی تێدایە. ئەوەتا کوڕەکەی خا نەخشین چوار ساڵە لە تاران ون بووە ئێستاش نەیاندۆزیوەتەوە. منی پیرێژنی, بێ زمان دەنێریە تاران کە بڵێم چی؟ بچم بۆ سیفارەتی ئاڵمان, نازانم ویرزا وەرگرم و چی وەرگرم. بۆ پێت وایە من کێم. من لێرە کۆپێنەکانی مزگەوتم بۆ وەرناگیرێ. هەر بینا لە تاران گرتیانم کوتیان: ژنەتیو هەموو کوڕەکانت موفلیسی سەر عەرزن, هەتا نەیەنەوە برت نادین. من چی بکەم؟
دەڵێ نامەم ناردووە بۆ خاڵم و سمایلی رەفیقم و ئەوان هەموو کارەکانت بۆ جێ بەجێ دەکەن و لەگەڵت دێن و خەرج و مەخارجیش هەرچی بوو لە سەر خۆم. کوتم: هەی قەزاو بەڵای ئەو لە سەر سەری هەر سێکتان کەوێ, ئەوەتا بۆخۆی بۆتە پیاو و عەسای دەستی دایک و بابە پیرەکەیەتی. وەڵا تەلەفونی زرم داناو قسەی لە گەڵ نەکردم. دەڵێن بۆ پیاوی دەستەو وەستان چ گەرمێن و چ کوێستان, بە خودا لەوێش نەبوون بە ئینسان.
جا بە قووربانووبم هەتا ویرزایان دامێ 7 جار چوومە تاران و هاتمەوە, لە گەرەکەکە ژنان ناویان لێ ناوم, زڵەخا تارانی.حەقیانە بە خوا! لە حەوتوودا دوو ڕۆژ لە ماڵی خۆم نیم.
جا حەقایەتی تارانم بە حەوت شەو ورۆژان تەواو نابێ, دایدەنێم بۆ چەلێکی دی. خوا دەوامی عەمری ناسری برازام و سمایل بدا, زۆر بە ئاە و ناڵەوەم بوون و لەگەڵم ماندوو بوون و کارەکانیان بۆ جۆر کردم. قەولم داونەتێ دیاری چاکیان بۆ بێنم.
دروست نێوەراستی مانگی هاوین بوو, هەوەڵی گەرما و خۆشی. هەر وەکو خانم پەڕۆ بە کۆڵێک شت ومەکەوە لە تەیارەخانەی مێهرئابان چاوەڕێ بووم. جا بە قوربانوو بم, خا زڵەخای داماو و بەستزمان 2000ترسی لێ نیشتبوو. لە سەر یەک دەمکوت دەمگرن ناهێڵن برۆم. یان شت ومەکەکانم لێ دەگرن. خۆ ئەگەر لەو حەوت خانەش نەجاتم بێ, هەر لە ئێستاوە دڵم تۆقیوە لە سواربوونی تەیارە. خۆمن لە ناو ئوتوبوسەکەدا نایلۆن و مشەمام نەهێشت, دور لە رووی ئێوە, هێندە رشامەوە. هەموو شوفیرو شاگردەکانی سەقز وتاران دەیانناسیم. هەر سوار نەدەبووم عەمریان درێژ بێ سێ چوار کیسە و میسەیان دەخستە باوەشمەوە. جا لە ناو تەیارە لەو ئاسمان چی بکەم وەڵا دڵم لە خۆ دەبێتەوە. هەتا ئێستا 2000جار خەونم دیوە کە تەیارەکە بەردەبێتەوە ئەرزی.جاری وابوو ئاگری دەگرت و بە کەس نەدەکوژایەوە.جاری واش بوو هیچی لێ نەدەهات و دەبووە کیسەڵ و بە عەرزدا دەرۆیی. خەونەکەیان بۆ لێک دامەوە و کوتیان: ئەمنیەتت نیە و ترست زۆر لە وەزعی ئێستا و داهاتووە. دەنا عەمرت وەک کیسەڵ زۆر دەبێ, یان دەڵێن وەڵا ئەوە مەنزوریان تەیارەی ئێرانە کە وەک کیسەڵ سەبر دەڕوا و هەر ناگاتێ.
تەسکەرە و قاقەزیان چاولێکردم کوتیان بە نێو ئەو چوارچێوەدا برۆ, پێشتر وتیان هەرچی پێتە هەلیرێژە. هەر ڕەد بووم وەڵا زرینگەیەک هات و دڵم داچڵەکی و هاوارم کرد یا حەزرەتی غەوس شاهی نەقشبەندی. وەڵا وتیان دەیانەوێ لە بەرقم دەن, منیش کوتم حەک قوری دنیام بە سەر جا چۆن لە بەرقم دەدەن ولا دڵم دەتۆقێ. کابرا پرسی ئاسنەواڵە چت پێیە، داینێ. ئەنگوستیلەیەکم بە دەرزیلە لە ژێر باڵم قایم کردبوو, لێم کردەوە. دیسان بە چوارچێوەکەدا چووم, خۆ کوڕە دیسان ئەو سەگ بابە زرینگەی لێ هەستا.ئەوجا سەعاتیان لە دست کردمەوە. وەک بەرانی زەنگوڵە لە مل هەر هێناویانم و بردوویانم. کابرای ریش زل توڕە بوو لە گەڵ ژنێک ناردمیە ژوورێک. عەیب نەبێ چەتیوە ویستی رووتم کاتەوە و گیانم بگەڕێ. کوتم ئەیەڕۆ بەو ئاخری عومرە ئەو ئەتکەشیان پێکردم. ئاخر خواهری زێنب من شەمسی تەڵا لە کوێ دارم! رەبی تیری حەزرەتی عەلیتان بۆ نازل بێ. خۆ نەم وێرا بەخۆی بڵێم لە دڵی خۆمدا سرتەم کرد. دیسان بردیانمەوە بۆ نێو چوارچێوەکە.دیسان سەگ باب دەستی کرد بە زڕزڕ. ئەوان هەموو توڕە ببون و منیش لە وان توڕەتر.لەپڕ وەبیرم هاتەوە و کوتم: ئاغای بەرادر دەستم شکاوە و ئاڵماتۆڕی تێدایە. وڵا خودا بتانحەسێنێتەوە نەجاتم بوو. ناسر بە قوربانی بم

چەمەدانێکی بۆکڕیبووم, دەستەنوێنێکی تەواوی جێگا دەبووە هێندە گەورە بوو. تەگەری هەبوو.دەسکی راکێشانی هەبوو.دەتکوت بۆ خارج دەبێ.جا رۆڵەگیان ئەوە کوا بۆمنی پیرێژن هەڵدەگیرێ؟ خۆبۆ خۆت هەڵیناگری هەر رایکێشە دووایە کەسێک دەبێ یاریدەت بدا.
وەڵا ئاغای نابرادر پرسی چەمەدان چی تێدایە؟ کوتم هێندێک جل وەمل وشتومەکی خواردن و سەوزی تێدایە. کوتی بیکەوە.کلیلم دایە وکوتم ها بۆخۆت بیکەوە. رەبێ جەرگ وسیپەلاکت خرا بێ بۆ بەزمی بەمنی دەگێڕی. خۆ بەخۆیم نەکوت لە دڵی خۆمدا بە سرتە بە کوردی کوتم بۆ ئەوە لێم حاڵی نەبێ وبەزمی ئەوەشم پێنەگرێ.شتەکانی دانە بەدانە دەردێنا و لێی دەپرسیم ئەوە چیە؟ ئەوە کولێرە ناسکەیە! ئەوە هەرشتەیە و منداڵەکان پێیان خۆشە. ئەوە جاترە "ئەست", ئەوەش گێلاخەی ویشک "ئەست".شیوت و گوڵ "برای" دۆ. هێندەی پرسیار کرد سێ چوار موسافر دەنگیان لێوە هات و وڵا منیش وەرەزبووم و کوتم ئاخر گەزڵە گوو, منی پیرێژن مەسخەرە "میکونی" چوار عومری تۆ "دارم", تریاک و هیروین "دارم" فەرموو تیربارانم "کون", موفلیسی سەر ئەرزم؟ دڵم وەک چۆلەکە پاساری لێی دەدا, بەرچاوم رەش بوو, نەمدەزانی چی دەکەم و چی دەڵێم. هەزار تف و لەحنەتم لەخۆم کرد. کابرایەکی گەڕاوەی سەرسپی هاتوو ئاهونی کردمەوە. داڵگە, داڵگە نارەحەت مەوە. لە تاوان باوەشم پێداکرد و لە پرمەی گریانم دا. ئەی هاوار چۆن بێ کەس وکار بە دەست ئەو سەگ بابانەوە گیرم کردوە!
مامە عەزۆگیان هێندەیان ئازار دام, ترسی تەیارەم لە بیر چووە. ئەو کابرا کرماشانیە خوا دەست بە عومری بگرێ کوردی خۆمانی نەدەزانی, ئەمما زۆر پیاو و مەرد بوو, لەبەر من جێگاکەی گۆڕی و هات لای من دانیشت و دڵداری دەدامەوە.کوتی کوڕ وکچی لە کانەدان و دەچێ سەریان لێ بدات. بە مەرحەمەتی خوا, هیچ نەرشامەوە و نارەحەت نەبووم, تەنیا وەختێ تەیارەکە هەستا هێندێک دڵم لەژێرڕا هات, ئەمما زۆر چاک بووم.وەڵا تەیارەکە زۆر راحت تربوو لەو ئوتوبوسانەی سەقزو تاران. وەڵا زۆریشیان خزمەت کردم و هەر دەهاتن لێیان دەپرسیم. پێم وایە ئەو کابرایە پێکوتبوون. لە بەرخۆمەوە کوتم نە بابە عەجمیش ئینسانیان تێدایە. کابرایەکی عەجەم کە ئاگای لەو بەزم رەزمە بوو ئێستاش لەوبەری ئێمەوە لە بەر پەنجەرەکە دانیشتبوو, روی تێکردم و کوتی: "کورد زن و مەرد ندارد, هەمووشان بە غەیرەت و جورئەتن". منیش کوتم. ئەگەر ترسەنۆک و خێڕی "باشیم عەجمان مارا مەیخورن". کابرا بە قسەکانم پێدەکەنی. نێو تەیارە هەموو شتی لەبیر بردمەوە, خۆ لەبەر قسەکردن ئاگام لە هیچ نەبوو. جار جار لە پەنجەرەوە تەماشای ئاسمانم دەکرد و ترس دایدەگرتم. بەخۆم دەکوت ئەیەڕۆ خا زڵەخای بابان وێران ئەوە لەو ئاسمانە چی دەکەی؟ خۆ ئەگەر خەونەکانت راست بێ و بەربێوە, هەنجڕ بەهەنجڕ دەبی بە گۆڕی بابی ساحبتدا دەڕێی. بۆ ئەوە لەو خەونانە دورکەومەوە رومدەکردەوە کابرای کرماشانی و قسەم بۆ دەکرد. خۆ نەمهێشت دوو دەقیقە چاوەکانی بنوقێنێ. (08.01.03 )

## کاك رەحمان

به یادی کاکه رەحمان که پێکەنین ژیانی بوو, بەڵام ژیانی پێکەنین نەبو!

**باجی سمێڵ**

کاك رەحمان پیاوێکی قسە خۆشی لە بەر دڵان بو, هەتا بڵێی خوێن شیرین بوو. لە زەمانی حەمەرەزادا نازانم چۆن بوو،چووبو بۆ ئاڵمانی روژئاوا! لە دوای چەند ساڵێك کە گەرایەوە, زیادە لە تەواوی شوغلی دونیا فێری خەیاتی ببو هیچی دیکە! دەیکوت کاکە زمانەکەیان زۆر گرانە لە دوروێنە ناخۆشترە, هەر بۆ <u>ئۆغلەمە</u> دەبێ .
بەڵام قسە وباسی تەواوی دنیای دەزانی, دەیکوت:,, مەلا نەسرەدین مامی باوکمە و لە تورکیا چومە سەر قەبری!
چل ساڵی بوو, ئێستا بوخچەی نەکراوە بوو, قەد بەرووی خوی نەدەهێناو لە وڵامدا دەیکوت پیاو هەتا درانگ ژن بێنێ بە قازانجە, هەڵبەت لەوانەیە وەجاخ کوێریش بێ. بەڵام رەحمان تاکو کوردستان نەبێتە یەك پارچە ژن ناهێنێ! بۆخۆتان دەزانن خەیات خۆشی لە پارچەی لەت و کوت نایات! ئەو شیعرەی سالم وێردی زمانی بو:
لە کوڵمەت هەرچی خاریج بێ سەری ئەگریجە قەیچی کە
بڵێن با سەربڕینی خاریجی بۆ رونەقی دین بو
لە بارەی دین و دونیاوە دەیکوت: من هەر ئیمامێکم قەبوڵە, ئەویش دەنکە هەر درێژەکەی تەسبێحە!! فارسی باش دەزانی وبەشێکی عومری خۆی لە تاران بو. دەیگێڕاوە: تورکی بە قەرا مامم دەزانم! دەیانپرسی مامت کێیە؟ - وەبیرم نایا, چوار رۆژ بەر لە دایك بوونم عومری خودای کرد, پێیخۆش نەبو چاوی بە دیداری من بکەوێ! قەت بە قسەکانی خۆی پێنەدەکەنی دەیکوت: ئەو قسانە لە زگمدا وەکو قوزەڵقورت وایە, کە دێتە دەرێ واشیرین دەبێ! دەیگوت، خاڵم لە ئەرتەش دایە, قونگی خۆی دڕاند هەتا ئەستێرەێکیان لە سەر شانی دا. پێ دەڵێم خاڵۆ وەرە دەرێ, بە خوڵای بۆخۆم هەمو سەرو قونت لە ئەستێرە دەگرم! ئەوانە بێ ئەمەگن, هەربینا لە جیاتی نیشانە دایانچەقاندی و گوڵبارانیان کردی! ئەوانە عەجەمن دەیانەوێ بتکەنە ئەستێرۆك, هەتا شەوانە قونت تروسکە بدات!
پێی دەکوتم: خوێڕی, تۆ سافت(دەزوو) بۆ لە کونە دەرزییەوە ناچێ, نەسیحەتی من دەکەی قوندڕاو, لە جیاتی ئەو قسە قۆڕانە فکرێك بۆ ئاوی کەلەکەت بکەوە!

منیش ئەو شیعرەی نالیم بۆدەکوت:
دەستم کە لە سەد جێگە بە سەد وەعدە شکاوە
جەبری نیە ئەم کە سرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ
خاڵم دەیکوت توخمی سەگ شیعرم بۆ دەڵێی, خۆزگە دەیان ناردیە بەر دەستی خۆم, دەمکردی بە پیاو. بەو قسە خوێڕیانە ئاخرسەری خۆت بە فەتەرات دەدەی.
بەڵێ کاک رەحمان لە هیچ نەدەسڵەمێوە و قسەی خۆی هەر دەکرد.
دەیکوت: نیوەی خەڵکی ئاڵمان بێ دەرپێ بوون, هەتاکو من چوم شالوارم بۆ درون. ئەو کاتەی چومە ئاڵمان قنچکە سمێڵێکم لە بەر کەپۆم دانابو, پێموابو هەر زەمانی هیتلێرە! لە کوێ بزانم منی بەستەزمان, تاریخی ئێران هەر باسی ژان و گانی پاشاکان بو, خۆ نەیاندەکوت لە دنیا چ خەبەرە! ئاغا بە سەری تۆ بەو قنچکە سمێڵەوە هەرکە گەیشتمە فرۆکەخانەی فرانکفورت, گەمارۆیان دام لە حەوت لاوە بەربونە شەق وزللە! نەمدەزانی بۆ لێم دەدەن! بابی قرانێکیش زمانم نەدەزانی! ئینگلیسیش هەر گودمورنینگ و هاوئاریوم دەزانی, کە بە دەردی ئەم شەڕەشەقەی نەدەخوارد. هەردەمکوت: ئەی هاوار بۆ لێم دەدەن! ئەوجار زوو زوو دەمکوت: No-No
کوڕە بە خاتری خودا NO چارە نەبو! وەکو بینی ئاو, وەکو شەق شەقە هەڵدەلەرزیم. لە پڕدا کوتم: یا حەزرەتی عیسا, عیسا,عیسا,عیسا, زوو زووش خاچم دەکێشا, پێموابێ سەلیبەکەم خواروخێچ بو! ئەوەندەی دیکە خرابتری کرد, بەزمی شەڕە شەق گەرمتر بو. هەتا پولیس هات و نەجاتی دام, داو و چیلکەی ساخ لە لەشمدا نەمابو! بردمیانە ئیدارەی پۆلیس, بە هەزار و یەك ئەدا و ئەتوار حاڵیان کردم ئەوە شەقی ئەو قنچکە سمێڵە بو! هەنیسکێکم داو پێمکوتن: هەموی خەتای خالیدی کوڕی خاڵم بو, ئەو ناجسنە کوتی لە ئاڵمان کچان خۆشیان لەو جۆرە سمێڵە دێ!
ئەحمەد موختار قەبری هەمیشە نورانی بێ چاکی کوتوە:
لە دونیادا رەفیقی پیاوی کەر هەرگیز نەکەی ئەحمەد!
لە دەستی ئینسانی بێ ئاوەز هەتا ئاخر سەرا ڕاکە.
(2000/12/08)

**فەرهەنگۆك**

ئۆغلمە: شەڕ بە تێکچرژان و پێك هەڵپرژان
ئەستیرۆك: گوڵە ستیرە, گوستێرە, کرمێکە باڵدار شەوانە قونی دەتروسکێ.
ئاوەز: هۆش, فام

**شەنبەلیلە**

کاك رەحمان کاتێك لە ئاڵمان گەڕایەوە, وەك هەمیشە لە تاران گیرسایەوە. دەیکوت: شاری چکولەم پێوە نایات, پیاو دەبێتە زیندانی داب ونەریت, لەوەش گەڕین تاران سەری مارەکەیە, پیاو نابێ کلکی مار بقرتێنێ, دەبێ سەری پان بکاتەوە.
وەك هەمیشە قسەی پێ بو بۆئەوی هەم خۆی و هەمیش خەڵکی دەوروبەری رازی کا. بەڵێ کاك رەحمان بڵاڤۆکێکی لە رۆژنامەکانی ئەو کاتی تاران بڵاوکردەوە:
((خەیاتی ماهیری ئوروپایی, شاگردی ماموستا بەناوبانگەکانی مودی فەرانسە و ماموستای دەرزی و تەبەنە لە ئاڵمان گەڕاوە.
هەمو جۆرە پێشنیارێك قەبوڵ دەکا, جل و بەرگی دڵخواز, بەتازەترین مودێلی ئوروپا و ئەمریکا.
بەو ژمارەیە پەیوەندی بگرن: خەیاتی کاوە, تەلەفون 021-505050
ئادرەس خەیابانی نەوت, روبەروی سینەما وەنك پلاکی 13 ))
بۆ ئەوەی بە تیرێك دوو نیشان لێدا, لە شوێنێکی دیکە ئەم بڵاڤۆکەی بڵاوکردەوە:
(( ئاشپەزی ماهیری ئوروپادیدە و ماموستای هەمو چەشنە خواردنی ئێرانی و فەرەنگی, بۆ جێژن و عەزاداری لە خزمەت ئێوەدایە, بە هەرزانترین نرخی رۆژ. تام وبەرامی خواردنی ئاژانسی رێك وپێکی,ئوروپا سرویس,, قسەی تێدا نیە.
تکایە بەم ژمارەیە پێوەندی بگرن: شاپور 021-131313))
تەواوی ئەم قەلە ودلەو دەزگا ودوکانە تەنیا وتەنیا کاك رەحمان بۆخوی بو.
دەیکوت لە ئاڵمان فێریان کردوم خەڵکی شاری گەورە چۆن کەر کەم. بەڵام لە راستیشدا خەیاتێکی باش و لە گەڵ ئەوەشدا ئاشپەزێکی کارامە بو. کابرایەکی دەوڵەمەندی باکوری تاران کە لە ,, دەرەکە,, ئەژیا, داوای لێ کردبو, بۆ شامی غەریبان بێ و خواردنیان بۆ دروست کا. کابرا حاجی یەکی دەوڵەمەندی بازاری تاران بو, کە خزم و کەسی عەجەمیشی زۆر بو.
کاك رەحمان دەیکوت: فەرمو بابەگیان نەمکوت, ئەو تارانیانە پێیان خۆشە قونیان روت بێ بەڵام ورگیان پڕ. لێیان گەڕێی هەمویان وەك بابا ئادەم دێنە دەرێ, خەیات و دەرزیان بۆچییە.
مانگی مەحەرەم بو, کاتێك چوبو بۆ ماڵی حاجی ئاغا,کراسێکی سوری ئاڵی لە بەرکردبو. حاجی پێش ئەوەی بەخێرهاتنی بکا, لێی دەپرسێ, بۆ کراسی سوری لە بەردایە, وەڵامی دابۆوە : ئەوە سور نیە حاجی ئاغا! رەنگی خوێنی مەزلومە!
لە دوایەشدا ئایەیەکی بە عەرەبی بۆ خوێندبۆوە! حاجی ئاغا قسەی پێ نەمابو بێدەنگ ببو. کاك رەحمان دەنگی خۆش بو قورئانیشی دەزانی زەمانی خۆی لە لای مەلای شارەکەیان فێرببو. حاجی دەڵێ: میوانی ئەو شەوی من هەمو ئینسانی

دیندار و گەورەو ماقوڵن, دەمەوێ ,, سەنگی تـەواو,, دانێی! باشترین خواردن چێ بکـە! کـاك رەحمـان پرسـی: خـواردنی فەرەنگی یان ئێرانی؟
حاجی دەڵێ: شامی غەریبان و خواردنی فەرەنگی!
کەسێك دەنێرم پێت بڵێ چیمان بۆ لێنێی. ئەرێ راستی تۆ خەڵکی کوێی؟
منداڵی تارانم, گەرەکی پێچ شمران. فارسی بێ لەهجە قسەی دەکرد.
حاجی ئاغا( سەرێکی بۆ لەقاند وکوتی) لە خۆمانی! ئەوە کراسێکی رەشت بۆ دەنێرنم, نـاکرێ هەرکـەس پرسـی, ئایەیـەکی قورئانی بۆ بخوێنی. فریای شێولێنان ناکەوی.
باشە حاجی ئاغا بە سەرچاوان. (چاوی بریقەی دەدا وەکوئاخرین ئەستێرەی شەو کاتی بەیانی)
کاك رەحمان کە دوو بەردەستیان بۆدانابو, وەکو خـول خولـە هەڵدەسوڕا, کراسـە رەشـەکە هێنـدێك گۆشـت تـاڵی کـردبو, لـە دورەوە دیار بو کراس و رەحمان خۆشیان لە یەك نایات. ئەو شـەوە زۆر کـەسی دیـت بـە هـەق و نـاهـەق بـێ حورمـەتیان بـە حەزرەتی عومەر کرد, ئەوەش لە سەر دڵی زۆر گران بو, پیاوێکی مەزهەبی نەبو, بەڵام ئەوەشی بە هەق نەدەزانی، هەر بۆیە ئاڵوگۆرێك بە مێشکی داهات و کاری نەکردەی کردو شتی نەبیستراو.
کاك رەحمان خوارکی مریشك, سوپ و قاورمەسـەوزی لێنـابو. لـە راستیدا ئـەوەی ئـاخر خـوراکی سـەرەکی بو,هـەر دوو بەردەستەکەی بە دوای کارێك دا ناردو پێش ئەوەی بگەرێنەوە ئەو کارەی کرد.
هێشتا قاورمەسـەوزی ئـاوی مـابو خەسـت نـەببو, هێنـای بەسـتەیەکی قاپشـۆری ,,ریکـا,,ی قلـپ کـردەوە نـاو چێشـتەکە! بـە کەوچکی دار بەئارامی تێکەڵی دا, بۆئەوەی دیار نەبێ, هێندێك زۆرتر شـەنبەلیلەی تێکـردو بـە هـەزارجۆر رازاندیـەوە. لـە رازاندنەوەی خواردن و مێزو کەوڵ ماموستایەکی تەواو بو.
شامی غـەریبان تـەواوبو, خـواردن هـەموی خـوراو هـەر دەسـت خـۆش بوکـە نیسـاری کـاك شـاپوریان دەکـرد, یـەك بـۆنی پێخۆش بو, ئەوی تر پێی رەوان بو.
بەشێك لە میوانەکان رۆیشتن و بەشێك لە حەکایەتەکەی ئێمەیان لە گەڵ خۆیان برد. بەڵام ئەوانەی بۆ خـەوتن مانـەوە چیـان بە سەر هات!؟
بـاوەڕ و ئیعتبارتـان هـەبێ مـەبال و موستـەراح وەبـەر نەدەکـەوت! تـەواوی ئـەفتاوەی ئـەو ماڵـە گەورەیـە هـاتبووە کایـەوە, نۆکەر و بەردەست وەك فرفرە دەخولانەوە! حاجی قەڵەو و ئەستور کزو باریك درێژ و قوڵە هەر لەهاتوچۆدابون, دەتکوت گوێ پروسکێنەیە. ,, ریکا,, بەو نێوەشەوە تەقی بۆوە، کاری خۆی کردبو, جـەرگ و ریخۆڵـەی هـەمویانی وەسـەما خستبو. شـەپڵی شـەپانی پـێ کردبوون. جیرانـی ئـەو بەروبـەر وچوارجیران ئـەولاتر خـەویان نـەبو. دوو ماڵیـان بـۆ ژنـان تـەرخان کردبو, دەتکوت کارنەواڵ و شەوی نوێی ساڵی مەسیحییە! تـەق و تۆقێك بو ئەوسـەری ناپەیدا! تڕ کـاری لـەوە گوزەرابو ببورەی بۆ بڵێن! پیاوی وەبیر کاتیوشـای روسـەکان دەخستەوە! تـەنیا کەسـێك کـە وەك چنـارە بـەرزەکانی دەوری بـاخی میکائیل راوەستابو چاوەکانی وەك ئەستێرە بریقەی دەداوە کاك رەحمان بو. نەیدەوێرا پێبکـەنێ, هـەر نـوقرینچکی لـە خـۆی دەگرت بـەڵام ئەوەنـدە لـە دڵـەوە پێکـەنی بـو, هـەمو رەگـی دەم وچـاوی وەکـی شـیلانکی 1/2 یـەك دووەم ئەستور ببو. سـێ چوارێك کە دەتکوت سەماوەری رەژی قەدیمن سەرو بنیان وەك یەك بو, ئەو هـەڵات هەڵاتـەیان پـێ نـەکراو لـە ناوەراسـتی حەوشەدا خۆیان پیس کرد. کاك رەحمان شامی غەریبانێکی پێکردن حەوت هەزار ساڵی دیکە لە بیریان نەچێتەوە!
حاجی ساحێوماڵ کە ئەوشەوە هێندە ئیسحال ببو, ئاوی بەدەنی وشك ببو، دەم وچاوی وەکو گـەچی مەراغـە سپی ببو, هاتـە لای کاك رەحمان و پێی کوت: خودا چاکت بۆنەکات ئەوە چیت لەو چێشتە کردبو؟
کاك رەحمان بە قیافەیەکی خەمناکەوە دەڵێ: وەڵا حاجی ئاغا هیچ, بەڵام پێموایە شەنبەلیلەکە فاسید بو. ,,قوربـان کـار کـارە شنبلیلە است,,
حاجی کوتی ئاگام لێ بو تەواوی ئەم شەو تۆ جارێك نەچوی بۆ ئاودەست!
وڵامی داوە: قوربان من شەوی شامی غەریبان بە رۆژوەبم.
حاجی توڕە بـو بـە هەردودەستی چەپۆکێکی بـە سـەری داداو کـوتی: بـەو کراسـە سورەتەوە دەبـا بمزانییـا,, شـەیتان هـاتوە خواردنمان بۆ دروست کا,, (18و2002/12/19 )

**فەرهەنگگۆك**

شەپڵی شەپان: بە لەپی دەست گەمە بە شتێك کردن, هەڵاویتن و گرتنەوەی

## میوانی« بەکرام سینگ»ی هیندوستانی!!

کاک رەحمان ئەو کاتەی لـە ئاڵمـان بـوو, لـە هـایم دەژیـا, لەوێنـدەرێ هێنـدێک دۆسـت و رەفیقـی پەیـدا کـردبوو, ئینسـانێکی خوێن گـەرم و روح سـووک بـوو, لـە هـیچ شـوێنێک بـە تـەنیا نـەدەما. دۆسـتێکی خـەڵکی هیندوسـتان بـوو لـە وانـەی کـە «سیک»ن, بە پەنجابیش قسەی دەکرد.لەو زمانەشدا گەلێک وشەی کوردی و فارسی و عەرەبی هەیە. کاک رەحمـان هـەر لەو وشانە بۆ قسەکردن لـە گـەڵیا کـەڵکی وەردەگـرت. دۆستەکەی نـاوی بـەکرام سینگ بـوو.جگـە لەوانـە شێخاب خـەڵکی یەمەنی شمالی و سامپای و سەیتۆ خەڵکی کۆنگۆی ئەفریقا رەفیقی بوون و دایم بە یەکـەوە بـوون. رۆژێـک بـەکرام سینگ وتی هەمووتان بانگهێشتن دەکەم بۆ خواردنی هیندی, هەموو قەبوڵیان کرد. کاک رەحمان هەتا ئـەو کاتـە خـواردنی هینـدی

نەخواردبوو و دەیکوت لە هیندوستان سێ کەس دەناسم, زیمبۆ و داراسینگ و ماهاتما گاندی. لە نێو یەک ملیارد ئینسان ئەو سێ کەسەش زۆرە, هەڵبەت بە بەکرامەوە دەبێتە چوار کە کاک رەحمان پێیدەگوت بەهرام. رۆژێکی دوای نیوەرۆ سەرەتای هەوەڵ مانگی بەهار بوو, کە کاک رەحمان بۆ میوانی چووە ژورەکەی بەهرامی هیندوستانی, ئەوانی دی پێش کاک رەحمان لەوێ حازربوون و چاوەڕێی ئەویان دەکرد. بەکرام سوپی مریشکی لێنابوو, لە گەڵ تەندووری مریشک و برینج. کاک رەحمان کوتی لە لای ئێمە لە پێشدا سوپ دەخۆن! هەموو کوتیان لە هەموو شوێنێک هەروایە. بەڵام هەتا تەندووری بێ سوپی چی! کاک رەحمان جوابی نەدانەوە و سوپی خۆی تێکرد, بەکرامیش هەر وایکرد و زوو زوو بە کەوچک هەڵیدەقوراند. کاک رەحمان کەوچکی پرکردو و فوی لێکردو ئاوەژوی ئەودیوی کرد. هەر ئەوەندە بەس بۆ ئەوە پلیتەی فیشەک ئاگر بگرێ و وەحەوا کەوێ. کاک رەحمان قونێکی سووڕاندو سەندەڵی بەرداوە و کەوچکی فرێ دا و وەکو فیشەکە شێتە فڕی. دەور تادەوری وەتاخەکە چوار تەختی خەوی تێدابوو کە مەلافەی سپی پێداکێشرابوو, مێزی نانخواردنیش لە ناوەراستی ژوورەکە بوو. کاک رەحمان بە سەر تەختەکاندا هەڵدەهات و زاری گەزێک کردبووە, هەر جارێ دەستێکی بۆ زاری دەبرد وەک مەزراق بە دەوری خۆیدا دەخولاوە, دۆستەکانی سەیریان دەکرد و پێدەکەنین. بەکرامیش وەشوێنی کەوتبوو بە سەر تەختەکاندا دەسوڕایەوە. زوو زوو دەیکوت رەهمان , رەهمان من لە بەر تۆ بیبارم کەم تێکردووە. کاک رەحمان ورگ و ریخۆڵەی سووتابوو., وەی دەزانی ئاوگەردانێک قورقوشمی داغیان بە گەرووی داکردووە. رەحمان هەڵدەهات و بەکرامیش بە شوێنیدا. شێخاب بە خۆی و 20کیلۆ قورساییەوە, هێندە پێکەنی بوو دڵی لەخۆببووە و گەشگەی گرتبوو, لووتیت گرتبا گیانی دەردەچوو.بە قەولی بانەیی گەڵ قونیت لە چەرخی گۆشت دابایە نیوکیلۆ قیمەی لێ پەیدا نەدەبوو. رەحمان لە تاوی ئاگری ناو زگی ئاگای لە مەحمودی بێ زەوات نەبوو, هەر لەو مۆتۆرسەوارە هیندیانە دەچوو کە بە فرەفرە لە دیواری مەرگ سەردەکەوتن, بەکرام دڵگران هەر بە شوێنیەوە بوو بۆ ئەوە ئاهونی کاتەوە, کاک رەحمان دوای باوەخولێ هێندێک خاو بووە. هەر زاری کردەوە و کوتی: هەی دایکی داراسینگ......بۆ سوپت, خۆ حەیاتی رەشی لێبریم. پاش چەند سەعاتیش کاکە رەحمان هەر جنێوی دەدا, لە بەر خۆیەوە دەیکوت سەرێی وا سووتاندبێ دەبێ وەزعی خوارێ چۆن بێ. بەمجۆرە دەورەی میوانی هاتەوە کاکە رەهمان. کاکە رەحمان گۆشتی ساندبوو قاورمە سەوزی لە گەڵ برینج لێنابوو. هەموو دانیشتن و دەستیان کرد بە خواردن تەنیان بەکرام هەر برینجی بە خاڵی دەخوارد.کاک رەحمان کوتی ئەوە چی دەکەی, خۆتۆ مریشک نی. قسڵ قاورمە سەوزی بخۆ. سێ چوارجاری پێکوت بەڵام بەکرام بێ دەنگ جوابی نەداوە. کاک رەحمان ئەوجار بۆخۆی کەوچکێکی خۆرشت بۆ بە سەر برینجەکە داکرد. بەکرام دەوری لە خۆی دور خستەوە و سەری داخست.کاک رەحمان نەیدەزانی چی بووە و بۆ وادەکات, بەکرام چی بووە بۆ ناخۆی؟ بەکرام: دەتەوێ تۆڵەی خۆت بکەیەوە! تۆڵەی چی ئەوە دەڵێی چی. بەکرام: ئەی تۆ بۆ گۆشتەکەت بۆمن داناوە مەگەر نازانی ئێمە گاپەرستین و گۆشت ناخوین. کاک رەحمان دەتکوت چەلەنگێکیان ئاوی سارد بە سەری داکردووە, راچڵەکی و هێندێک دور کەوتەوە. تەزی بوو, تاسابوو. ئەو قەت نەیدەپرسی کە کێ چ دینێکی هەیە و چۆن بیردەکاتەوە. زۆر تێکچوو. چوو باوەشی بە بەکرام داکردوو لە پەستا ماچی دەکرد و کوتی بەکرام گیان بمبورە بە راستی نەمزانی. دوایە کاک رەحمان حەقایەتی حاجی لەک لەک و رێوی گێڕاوە, ئەگەر ئێوەش نەتانبیستووە بچن بە خاڵۆتان بڵێن بۆتان وەگێڕێ.(01.01.2002)

**سەلکێک پیواز و دوو حاجی لەک لەک !!**

دۆستێکی نزیکی کاک رەحمان لە تەورێزەوە بە میوان بۆلای هاتبوو, عەجەمی خالیسی ئاونەپاڵیو. خڕیلانە وخوێن شیرین, چاوی وەکو چاوی کۆترەباریکە بریقەی دەداوە. لەکاتی سەربازی دوو ساڵی تەواو بەیەکەوە بوون. باوکی لە تەورێز زێرینگەر بوو, ئەویش ڕێ وشوێنی باوکی گرتبوو, دەیکوت:

پسر کوو ندارد نشان از پدر تۆ بیگانە خوانش, مخوانش پسر

کاک رەحمانیش لە وەڵامیدا دەیکوت:

گویم پدر تۆ بود زەرگەر ئەوە دەخڵی بە تۆوە نیە بەدبەختی کەر

نێوی سوهراب بوو. کاک رەحمان پێیدەکوت: ئەو ناوە لە عەجەم نایا! راستی بڵێی باوکت لۆڕ نەبوویێت؟ سوهراب وەکو خۆی قسەخۆش وگوڵمەزی بوو. پێیکوت: رەحمان ئەگەر تۆ 24 سەعات لە تیزابدا بتکوڵێنن یەک نۆک زێڕیان دەست ناکەوێ. ئەتۆ ئالیاژێکی زۆر سەختی, دەبێ قاڵت کەن و ناڵی کەر وئەسپت لێ دروست کەن. شەرت دەبەستم لەو گەدوگیپاڵەی تۆ 999 ناڵی باش پەیدادەبێ. سوهراب بێ ئەوەی بۆخۆی بیبەوێ پەیتا پەیتا 999ی دوبارە دەکردەوە. لە سەربازی ناویان نابوو جەناب سەروانی 999. سوهراب قەت بە قسەکانی کاک رەحمان عاجز نەدەبوو, دەیکوت: ئەگەر کورد هەموو وەک تۆ قسە خۆش بن, ئەوە منیش زڕبراتم. کاک رەحمان لە وڵامی دا کوتی: عەمرت نەمێنێ بۆ قسەی دەیکەی. رۆڵەگیان «زڕ» لە هەرچی بکەوێ«دەیڕزنێ»! بۆ حاڵی نابی دەڵێی مەزراقی هەر بە دەوری خۆتدا دەخولێیەوە. ئەو دووانە کە دەکەوتنە لای یەک بەزمیان یەکجار خۆش بوو.

کاک رەحمان زۆری خۆش دەویست و بە رەفیقی خۆی دەزانی, سوهراب ئینسانێکی عاقل و تێگەیشتوو بوو, گیرۆدەی کتێب خویندن بوو. کاک رەحمان دەیویست ئەو رۆژە بۆ نەهار بیبا بۆ رستۆرانی عەلی بابا کە گۆیا بەناوبانگ بوو لە چێشت لێناندا. رستۆرانی عەلی بابا لە سەروی مەیدانی« وەلیعەهدی داماو» بوو, لە خوار سینەماکەوە, بەڵام دەرکەکەی لە کوچەیەکی باریکدا بوو. لە بەر دەرکە کوڕێکی باریکەڵەی درێژ لە جل وبەرگێکی خەنەیی رەنگدا راوەستا بوو,

کڵاوێکی گەورەشی هەتا بن گوێچکەکانی بە سەریدا کێشابوو. پێیکوتن: ببورن جارێ جێگا نیە, هێندێک دەبێ ماتڵ بن, هەتا جێگا خاڵی دەبێ. هەردووکیان سەریان بۆلەقاند واتە, قەی ناکا.سوهراب کوتی: دەبێ خواردنی باشیان هەبێ کە واپڕە. رەحمان کوتی: بەڵام لەوە ناچێ خواردن بدەنە کرێکارەکانی خۆیان! کابرایەکی کۆت وشاڵوار لەبەری فاسونیا سورمەی و کراوات لە مل, کە ئەویش درێژ و رەقەڵ و باریک بوو, هەر جارە ناجارێک دەهاتە پێش دەرکە و سەرێکی بۆ ناوسالۆنەکە دەکێشا و وەک مقەبا رەق دەبو و چاوەکانی نەدەتروکاند و دەگەڕاوە. کاک رەحمان خۆی بۆ رانەگیرا و بە کوردی کوتی: ئەرێ ئەوە کێیە دەڵێی« دارچرابەرقە»!؟ هەر بۆ ئەوە دەبێت حاجی لەک لەک لە سەری هەڵنیشێ و رۆژ هەتا ئێوارە بە جیقنە سپی کاری بکا. کابرای بەر دەرگا وا لەقاقای پێکەنینی دا کلاوەکەی سەری کەوتە هەڵبەز هەڵبەز.
کاک رەحمان بێ دەنگا سەیری دەکرد و مەتەقی لێ بڕابوو. یاساوڵی بەردەرگا کوتی: قوربان ئەوە رەییسی ئێرەیە.کاک رەحمان کە بۆخۆشی نەیدەزانی کە بۆ بەکوردی ئەو فرمایشتەی کردووە لە کابرای پرسی: حەمە گیان کوردی؟ بەڵێ قوربان. کاک رەحمان بە گەرمی تۆقەی لە گەڵ کرد. یاساوڵ کوتی: ببورن وەمزانی عەجەمن. کاک رەحمان وڵامی داوە: هێندێک ناخالسیمان تێدایە, باوکی ئەو کابرایە زەمانی خۆی لۆر بووە چۆتە تەورێز بۆ ئەوە ئاسنگەری فێربێت, لەوێ ژنی هێناوە و دوای چەکوشکارییەکی زۆر ئەو داعبایە پەیدا بووە!! سوهراب ئەوە حاڵی بوو کوتی: داعبا خۆتی, مێرولە کوردانە, "دوبارە یەک هەم شالواری پەیدا کەردی" بۆ چەقە چەق. سوهراب ئەو ماوەیە لە گەڵ کاک رەحمان هێندێک وشەی کوردی فێرببو.
کابرای بەردەرگا زۆری کەیف بەو دووانە هاتبوو کوتی: سەرێکی ژوورەوە دەدەم و بەو رەفیقەم دەڵێم بەشکو جێگایەکتان بۆ بدۆزێتەوە. کاک رەحمان: زۆر سپاس پێویست ناکات چاوەڕێ دەبین. کابرا کوتی نا, چووە ژوورێ.هێندی پێنەچوو هاتەوە و کوتی: قوربان فەرموون, لە بەشی خانەوادەگی مێزێک خاڵیە. کاک رەحمان کوتی: ئاخر ئێمە بێ خانەوادەین! کابرا پێکەنی و کوتی: ئیختیارتان هەیە قوربان. کاک رەحمان کوتی: ئەوەندە مەڵێ قوربان, خاڵی ئەوەیە پێی ناخۆش دەبێ, سوهراب سەری راوەشاندو کابرا بێ دەنگ بو.
کابرایەکی ڕەقەڵی درێژ بەخێرهاتنی کردن وفەرمووی لێکردن. کاک رەحمان لە دڵی خۆیدا کوتی« وەڵا لە چەرخی گۆشتی دەی نیوکیلۆ گۆشتی لێ پەیدا نابێ». کابرا پرسی: چی دەخۆن قوربان؟
کاک رەحمان کوتی: ببورن ئێوە بۆخۆتان لێرە نان ناخۆن, یان خۆاردنی ئێرە تەئسیری وایە؟ کابرا پێکەنی و کوتی: نا ئێمە هەموومان رژیم دەگرین.کاک رەحمان کوتی: من تا ئێستا وەمدەزانی رژیم خەڵک دەگرێ, نەمدەزانی خەڵک وا ئازابوون و رژیم دەگرن. کابرا لێوی خۆی گەزت, کاک رەحمان حاڵی بوو. سوهراب پرسی: چیتان هەیە؟
کابرا: باقەلی پلۆ, عەدەسی پلۆ, سەبزی پلۆ, هەویج پلۆ, شیرین پلۆ و تەچین!
کاک رەحمان پرسی: تەرەماش پلۆ نەدارید؟ کابرا لە وڵامدا کوتی: نەمبیستووە, خواردنێکی ئێرانیە؟ کاک رەحمان: نا لە ئەسڵدا لە ئەفغانستانەوە هاتووە, بەڵام پلۆوەکەی ئێرانیە! کابرا کوتی دەفەرمووی لە ئاشپەزەکە بپرسم, ئاخە ئەو بۆخۆی ئەفغانیە! سوهراب وتی لازم ناکا, بۆ من باگەلی پلۆ بێنە. کابرا پرسی لە گەڵ چی؟ سوهراب کوتی: لە گەڵ نوشابە! کابرا پێکەنی,مەنزوورم ئەوەیە لە گەڵ گۆشت یان مریشک. سوهراب کوتی: لە گەڵ مریشک, گۆشتم تەرک کردووە. کاک رەحمان کوتی, بۆ من چلەوکەباب بێنە لەمێژە نەمخواردووە, هەتانە؟ بەڵێ هەمانە! نوشابە چی دەخۆن؟ دۆمان بۆ بێنێ دۆی ئابعەلی.کابرا بەڵێ بە چاوان.
لەو سەردەمەدا پیواز لە ئێراندا قاتی بوو گیرنەدەکەوت, تەنات لە کاریکاتۆرەکاندا سەلکێک پیوازیان لە سەر تەختی پادشایی دانابوو, خەڵکی ئێرانیش پیوازخۆرن, بە تایبەت خەڵکی عەجەمستان پیوازیان لێبستێنیەوە سیر دەخۆن.ئاغا سوهرابیش هیچ نانێکی بێ پیواز نەدەخوارد. نانیان هێنا و فەرموویان لێکردن سوهراب بە کابرای کوت: بێ زەحمەت دوو سێ سەلک پیوازمان بۆبێنە! کابرا بێ ئەوە خۆی تێک دا کوتی بەڵێ و رۆیشت.و بە دوو پیاڵە ترشیاتەوە هەتەوە و کوتی بەداخەوە پیوازمان نیە, فەرموون ترشیاتی خۆماڵی. سوهراب کوتی:,, پیوازی خۆماڵیم دەوێ, بێ پیواز نانم بۆناخورێ پێموابوو ئێرە رستورانێکی ماقوڵە! کابرا کوتی: قوربان نیە, باوەڕ بکە هەبایە دەمهێنا خزمەتتان. سوهراب کوتی:,, ئەمن دوو ساڵم سەربازی بۆ ئەو مەملەکەتە کردووە, سەلکێک پیوازم بەرناکەوێ؟,, وا بەتوڕەیی قسەی دەکرد بۆ ئەوە نەدەبوو پێبکەنی! کاک رەحمان کوتی: سەربازی چ دەخڵی بە سەلکە پیوازەوە هەیە؟! سوهراب کوتی: مەسخەرە مەکە. کاک رەحمانیش هەر لە تەک ئەم سوهرابە ببوە پیوازخۆرێکی قەهار و بێ پیواز نانی پێنەدەخورا, بەڵام ئێستا راوەستابوو بزانێ سوهراب چی پێدەکرێ. لەو دەنگ و باسە هەموو دەور و بەریش گوێ گوڵاخ ببوون.
کاک رەحمان کە سەیری کەبابەکەی کرد دیتی زەردەچێوەی زۆریان تێکردووە, روی کردە سوهراب و کوتی: ئەو فەقیرە لێرە کاردەکات و دەستی نازوا خۆی لە پیواز بدات. بێ زەحمەت ئاغای رەییسمان بۆ بانگ کە.ئەغای رەییس دەمێک بوو چاوی تێبریبوون. کابرا رۆی و ئاغای رییس هات و کوتی: فەرموو.
کاک رەحمان: پیوازمان پێویستە بێ پیواز بۆمان ناچێتە خوارێ. ئاغای رییس بێ ئەوەی قەدی خۆی بشکێنێتەوە زۆر بە ئارامی کوتی: عەرزیان کردی نیە, هەبوایە دەمان هێنا.
کاک رەحمان لەو جیک و فیس و ئیفادەیەی ئاغای رییس لە سەر سەلکە پیوازێک هەراسان بوو روی کردە خەڵکەکەو بە فارسێکی هەتا بڵێی تارانی کوتی: ئاغاگیان بۆ پێت وایە جەنابت عەلی بابای و ئەو عالەمەش 40 دزی بەغدان و سەلکە پیوازیش زێڕ و جەواهیراتە کە هیچی بەر ئێمە ناکەوێ و هەمووی خەزێنە کراوە, ئاخر من چۆن کەبابی پڕ لەزەردەچێوە و برنجی تایوانی پڕ پوڵە بە بێ پیواز قوت دەم و هەزمیشی بکەم؟! خۆ ئەگەر دوژمنی گیرفانی خۆم بم ئیتر دۆژمنی سڵامەتی خۆم نیم.

ئاغای رەییس ئێستا هەر لەو دارچرابەرقە دەچوو کە دوو حاجی لەک لەکی رەش وسپی لە سەری هێلانەیان کردبو, جیفنەیان پێدادەکرد. چاوەکانیشی هەر لە لامپە پرشۆقەکانی دارچراکە دەچوون.
عالەمەکە یەک چەپڵەی توونديان بۆ کاک رەحمان لێدا, دیار بوو ئەوانیش پیوازخۆرن و دەردیان کاریە و بەڵام زمانیان بە مەڵاشوویانەوە نووساوە. ئاغای رەییس دوای ماوەیەک بێدەنگی بە کاک رەحمانی کوت فەرموون لە گەڵم وەرنە ئاشپەزخانە. لەوێ پێیکوت: مەردی حیسابی تۆلە سەر دوو سەلک پیواز گۆڕی بابی ساحەبی منت دەرهێنا, ئەتۆ چ کارەی؟ کاک رەحمان بە ئارامی کوتی: ئاشپەزم, لە ئاڵمان دەرسم خوێندووە, کڵاوم ناچێتە سەر.ئاغای رەییس: ئاشپەزی؟ ئەی ئەو گۆنگەڵە چی بوو بۆ منت ساز کرد؟ ئەوانە هەموو مشتەری دایمی منن. کاک رەحمان کوتی: هەر لەبەر ئەوە دەبێ بە دڵیان بکەی و لە سەر سەلکە پیوازێک دڵیان نەشکێنی. ئاغای رەییس: ئاخر پیواز هەر بەشی چێشتەکە دەکات, بۆ خواردنی خۆڕایی نیە, مەگەر نازانی لەم مەملەکەتە قوڕازەیە قات وقڕی پیوازە!؟
کاک رەحمان کوتی: ئاگات لە قسەکردنت بێ, مامم لە دەربار کار دەکات, حاجی لەک لەک دیسان جیقنەیەکی پێداکرد.
ئاغای رەییس دەستەووەستان کوتی: باشە دەفەرمووی چ بکەم؟ کاک رەحمان کوتی: بیانسپێرە بە من هەموویان رازی دەکەم و نایەڵم پەتەتت بکەوێتە سەر ئاو!! پیوازیان پاک کردبووە لە لایلۆنیان خستبوو و سەرەکەیان گرێدابوو لە یەخچاڵێکی تایبەتیان نابوو بۆ ئەوە خرا نەبێ, نەرزێ و چەقەرە دەرنەکات. کاک رەحمان کەشەفێکی پڕ لە پیواز کردو بە کوڕەی کرێکاری کوت هەڵگرە با برۆین. لە سەر هەر مێزێک یەک دوو سەلک پیوازی دانا و دوو سەلکیشی بۆ خۆی و سوهراب دانا و کوتی: بیخۆ سوڵتان مەحمودی غەزنەوی با چەقەرە دەرنەکەی.
کاک رەحمان هەموویانی رازی کردو وڵاتی ئارام کردەوە.ئاغای رەییس لە جیاتی توڕەبوون کەیفی بە کاک رەحمان هاتبوو. لە ئاخردا چوو بۆلای و کوتی بەراستی ئەگەر ئاشپەزی, ئەوەتا ئەو ئاشپەزە دەیەوێ بڕوا, پێمخۆشە لیرانە کار بکەی. کاک رەحمان کوتی: جارێ پێم ناکرێ, باوەختی حاجی لەک لەک و هێلانەکردن بێتەوە, دێم سەرێکت لێ دەدەم.
ئاغای رەییس هیچ حاڵی نەبوو.
ساڵی دووایە لە ئێران هێندەیان پیواز چاندبوو پووتی قرانێکیشی نەدەکرد, لە زۆربەی شارەکانی پیواز بە ناوبانگ، لە دورەوە بۆنی پیوازی گنخاو دەهات. نەتەنیا پیوازە بەناوبانگەکەی ئازەرشەر حیساوی بۆ نەدەکرا بەڵکو پیوازی سپی مەشەدیش تێری بە قرانێک نەبوو.
بەوە دەڵێن کۆنتۆرۆڵی ئیقتیسادی!!!!هاهاهاها(14.01.2003)

## ئاغا یونس

**" تروسکەی ئەستێرەی بەیانی"**

ئاغا یونس خان بارگەوبنەی تێک نابوو, بگەرێتەوە کوردستان. دەیکوت: " هێندە لەو وڵاتە بەقوڕگیراوە ماومەوە وەک مانگای ئاوسم لێ هاتووە, نە ئەوەیە بزێم و نەجاتم بێ, نە ئەوەیە منداربیمەوە و بتۆپێم. توێخم چوو زمانەکەیان فێر نەبووم, هەموو رۆژێک سەگە بەڕەڵا گڵاوم دەکەن, نە نانیان بۆ خواردن دەبێ و نە ئاویان لە گەروم دەچێتە خوارەوە, هێندەم مریشکی پلاستیکی خواردوە, پێستم وەکو کەوڵی نانی قەرەچی لێهاتووە. نە خەوم هەیە و نەخواراک. دڵم بەقەرا جیکڵدانەی چۆلەکەی لێهاتووە. ماندوو بووم, تا کەنگێ ئاوارە و دەربەدەر بم. پێم خۆشە نانی گەرمی تەندوری وڵاتی خۆم بخۆم و لە بەر هێلانەی خۆم مندار ببمەوە. رووی بابی جەمبوری ئیسلامی ئێران ڕەش بێ کە وا پەڕەوازەی دورە وڵاتی کردم.
ئاغا یۆنس خان ئەو رۆژانە زۆر بێ تاقەت ببوو, حەوسەلەی جارانی نەمابوو, لە گەڵ کەس پێوەندی نەبوو و بۆماڵی کەس نەدەچوو, قسە خۆشەکانی تەرکیان کردبوو, بەزم و گۆڵمەز جێگای خۆیان بە توڕەیی و هەرا وهوریا بەخشیبوو. حەوت جۆر حەبی دەخوارد. دەیکوت:" ئەو دوکتورە سەگ بابانە هێندەیان گەچ و قسڵ داومەتێ زگم پڕە لە گێچ, بەشی سواخی دوو خانوبەرە دەکات." بە گفتی رەسوی نادری ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە. جاری وابوو لە بەر خۆیەوە دەیکوت:" لە جێاتی ئەو هەموو عەتر و عەبیرە پێم خۆش بوو رۆژ هەتا ئێوارە بۆنی شیاکە و تەپاڵەم بۆ هاتبا و جارێکی دیکە ئاغا یۆنس خان بام. خۆ لێرە وەک سەگی گەڕۆڵم لێهاتووە, کەس بەردیشم تێناگرێ." لە پاش ئەو قسانە چاوی لە سەر یەک دادەنا. تلەوزیۆنەکە پرۆپاگەندەی بۆ کرێمی نیۆئا دەکرد.
لە شاری قامیشلی کابرای پۆلیس پاسپۆرتەکەی ئاغا یۆنس خانی بەدەستەوە بوو بە عارەبی لێی پرسی:"بۆ کوێ دەچی؟ ئاغا یۆنس خان کەڕوکاس راوەستابوو, کابرایەکی کوردی باشور بۆی کردە کوردی: بۆ کوێ دەچی؟ ئاغا یۆنس خان: دەچم بۆ قەبری بابی ساحەبت, چاکە جا! کابرای پۆلیس دەستی ئاغا یۆنسی گرت و بە دوای خۆیدا رایکێشا. دڵی ئاغا یۆنس خان دەکوت چۆلەکەی پاساریە و خۆی بە شووشەی ماڵی غەریبەدا دەدا, خێرا خێرا لێی دەدا. ئاغا یۆنس خان لە ترسان بە زمانی هولەندی قسەی دەکرد. کابرای پۆلیس بردیە سەری سەفەکە و بە عەرەبی شتێکی بە هاوکارەکەی خۆی کوت و روی کردە ئاغا یۆنس و کوتی:" کاکە گیان بۆ جنێوم پێدەدەی؟! ئاغا یۆنس خان بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە کوتی: "دەمویست تاقیت کەمەوە بزانم کوردی!" کابرای پۆلیس بزێکی هاتێ و خاو بووە و کوتی: جەریمەکەی دەبێتە

سەد دۆلار. ئاغا یۆنس خان: دۆلارم نیە. کابرای پۆلیس: باشە بە قەرا 100 دۆلار هەرچی هەتە بمدەیە. ئاغا یۆنس خان: جنێو لەو وڵاتە زۆر گرانە. کابرا پرسی چیت کوت؟ ئاغا یۆنس خان: هیچ دەتدەمێ.
لەو بەری ئاوەکە خزم و کەسی ئاغا یۆنس خان چاوەڕێی بوون. چۆلەکە پاسارییەک بە ئاسمانەوە بوو. هەرکە ئاغا یۆنس خان پەریوە و لە گەمی هات خوار وپێی نایە سەر خاکی کوردستان هەر دوو چۆکی بێ هێزبوون و پاش هەڵێنانەوی چەند شەقاو دەمەو ڕوو کەوت بە عەزدا, دەمی نایە ناو خاکی کوردستان و کەوتە ماچ کردن و گریان. هەتا ئەو ڕۆژە کەس گریانی ئاغا یۆنسی نەدیتبوو, کەس نەیدەوێرا خۆی تێبگەێنێ. کەسیش نەیدەزانی چی بکا, ئاغا یۆنس دەتکوت منداڵی سەر لانکەیە و دەگری ژێر نەدەبووە. پێشوازکەران هەموو دەگریان, هەر ڕاست لەو دەمەدا بایەکی بەقەوەت لە هەولێر ئاڵای کوردستانی لە سەر بینای پارلەمان دەشەکاندەوە.
یەکەم کەس کە بەرەوپیری ئاغا یۆنس خان هات فەرمانی ئامۆزای بوو, چەپکێک گوڵەگەزیزەی پێ بوو. باوەشی پێداکرد و هەزار ماچی کرد و کوتی: "ئاغا یۆنس خان کەلانە و پەنیری کوپەی بۆکانم بۆ هێناوی" دیسان باوەشی پێداکرد و کوتی:" ئاغا یۆنس خان بە قوربانی بابی بابت بم. خۆی خستە سەر ئەرز وکوتی: ئەوە لە کوێ بووی خۆ من تەقیم, خۆ من ڕزیم."
جوتێک کلاشی هەورامی لە پێدا بوو, لە داوێنی قەڵای هەولێر, لە قاوەخانەی مەچکۆ, لە ناوەراستی شاری هەولێر, ئاغا یۆنس خان لە جل وبەرگێکی موڕادخانی دا , لاقی لە سەر لاقی دانابوو. دەسحێبێکی شامەقسوودی بە دەستەوە بوو, قسەی خۆشی دەکرد و جەماعەتێکی زۆر دەورەیان دابوو. چۆلەکە پاساری لە سەر قەڵای هەولێر بینی دەکێشا. بریقەی چاوەکانی ئاغا یۆنس خان وەکو تیشکی ئاخرین ئەستێرەی بەرە بەیان, کێوی سەفین و هەڵگورد وەخەبەر دێنێ و تروسکە دەدا. کابرای قاوەچی ژێرپیاڵەکانی لێک دەدا.ئاغا یۆنس خان دەڵێ:" بابم بە قوربانت کوردستان, چاکەجا!!" (17.08.2004)

## رووکەشی تەڵا و ددانە زێڕەکانی ئاغا!

ئاغا یۆنس خان باوەری بە پیاوی موسڵمان نەبوو, هەربۆیەش ڕۆژ هەتاکو ئێوارە لە پیاوی جوو و ئەرمەنی دەگەڕا. جار بە جارێك باوەڕی بە دوکانداری موسڵمان هەر نەبوو, دەیکوت ئەوانە هەر دەستبرنین, گونی پیاویش بە قازانجی خۆیان دەردێنن, هەر بۆیە دەینارد قاوە و کاکائۆی لە تاران لە لای کابرای ئەرمەنی بۆ بێنن. چایی نەدەخوارد دەیکوت: خۆ من نە شوانم, نە دەچمە دوروێنە کتریەك چای بخۆم. قاوەی بێ شیر دەخوارد دەیکوت: ئەو شیرە گوی سەگە قاوەکە دەکا بەچڵکاو. ئەگەر دەچو بۆ تەورێز یەك سەر بایەداوە بۆگەرەکی ,,داش موغازەلار,, ئەو گەرەکە بە ماڵ و دوکانەوە هەمووی ئەرمەنی بوون و سەیرانگای ئاغا یۆنس خان بوو. کە دەچوو, هاتنە دەرەوەی نەبو. هەر لەو دوکان بۆ ئەو دوکان. زۆربەیان ئاغا یۆنس خانیان دەناسی خێرا قاوە یان کاکائۆیان بۆ دێنا. پترۆسیان کە دوکانی ئەنتیکەی هەبو زۆر خۆشی لە ئاغا دەهات. جارێك پێی کوتبو: پێم خۆش بوو زاوایەکی وەك تۆم بێ. ئاغاش سەری دادەخست و هیچ قسەی بۆ نەدەهات, بەڵام هەر ئەو قسەیە, ئەوی یەك سەر بۆ ئەو دوکانە ڕادەکێشا. هەموو جارێك شتێکی لێ دەکڕی ئەگەر بەکاریش نەهاتبا, قەت بۆ شت کڕین چەنەی لێ نەدەدا. یەك سەر هەڵی دەگرت و پووڵەکەی دەدا. لە لای ئەو کابرایە هەر قیمەتیشی نەدەکرد بەستەیەك پوڵی دەردێنا و دەیکوت بەشی خۆتی لێ هەڵگرە. ئەو ڕاستیەش بڵێم باشە, ئەرمەنیەکان ئاغایان خۆش دەویست قەت کڵاویان لە سەری نەدەنا.
ئاغا پێی خۆش بوو, ددانەکانی لە روکەشی زێڕ بگرێ بە تایبەت کاکیلکەکانی, دەیکوت: ددان شوتن ومسواك لێدان لە دوروێنەکردن ناخۆشترە, چاکە جا!!
دیسان شاڵ وکڵاوی کردبو بۆ ئەوە بچێت بۆ تەورێز لای ددانسازێکی ئەرمەنی, نازانم کێ بوو پێی کوتبو ئاغا بۆ کوێ دەچێ؟ ئەوەتا لە سەقزی کوردستانیش ددانسازی ئەرمەنی هەیە. ئاغا بە خۆی و چەند پەهلەوی زێڕەوە دەچێ بۆ لای کابرای ئەرمەنی.
ئاغا بەسڵامەت ددانی زێڕی دروست کردو مێوانی گەورە و گرانی لە سەردا, تەواوی مەڵبەندەکە دەیزانی ئاغا یۆنس خان ددانی زێڕی دروست کردوە. لە هەر مەجلسێك کە ئاغاشی لێ بوو, باس هەر باسی ددانە زێڕەکانی ئاغا بوو، کە وەستای ئەرمەنی بۆی ساز کردبو. جارێك ئامۆزایەکی خۆی پێی کوتبو, ئەرێ ئاغا یۆنس خان بۆ نابی بە ئەرمەنی و لە کۆڵمان بییەوە!! لە وەڵامدا ئاغا کوتبوی: خۆ من وەك تۆ بیژوو نیم, چاکەجا!!
ماوەیەك بەسەرچوو! رۆژێك ئاغا بە تەنیا لەئاوێنەدا چاو لەددانە زێڕەکانی دەکات, بە سەرسوڕمانەوە دەبینێ روکەشی زێڕی ددانەکانی سپی بوونەتەوە! باوڕی نەکرد, پیشانی هەموو خاوو خێزانی دا! هەر وا بوو کە خۆی دیتبوی! هەمو دەیانزانی زێڕ ڕەنگ ناگۆڕێ! ئاغا دڵخۆشی خۆی دەداوە ودەیکوت: لەوانیە زێڕ لە زاردا ڕەنگ بگۆڕێ, خۆ کەس تاقی نەکردۆتەوە! دڕدۆنگ بوو, لە سەرێکەوە باوڕی بە ئەرمەنی هەبوو, لە سەرێکی ترەوە بیری لەو کڵاوە زێڕەی کە لە سەریان نابو دەکردەوە! زاتی نەبوو بچێ بۆ لای کابرای ددانساز,گوێ لێ خەواند! باسی کاڵ بوونەوەی ددانە زێڕەکانی ئاغا ماڵە وماڵ وگونداوگوند و مەڵبەندو مەڵبەند دەگوێزرایەوە!

رۆژێك ئەو ئامۆزایەی کە پێی گوتبو بۆنابی بە ئەرمەنی بە پەلە خۆ بە ماڵی ئاغدا دەکاو دەڵێ خەبەرێکم بۆئاغا هەیە! ئاغا دەت کوت دەزانێ ئامۆزاکەی چ خەبەرێکی پێیە, نەیهێشت بێتە ژوور, لە دورەوە دەپرسێ: چت دەوێ تاعون بەو لەز و بەزە!؟
ئامۆزا دەڵێ: کابرای ددانسازی ئەرمەنی بە کۆڵێك زێڕەوە بۆی دەرچووە و هەڵاتووە! خەڵکی سەقز دەڵێن ئەو سەگ باوکە کەشفی زەردی چایی لە جیاتی زێڕ لە زاری خەڵکی گرتوە!
ئاغا یۆنس خان لە داخان شەقەی لە پەنجەر هێناو جیرەیەکی لە ددانەکانی هێنا و بە دەمی قوچاوەوە کوتی: روی بابی تۆ لە گەڵ ددانسازی ئەرمەنی ڕەش بێ چاکە جا!!

## ئاغا یونس خان, لۆتی بەرقی, ویدیۆگریپ!!

ئاغا یونس خان مریدی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بو. دەیکوت ئەو دەنگە هەزار ساڵ عومری لە سەید عەلی ئەسغەر زۆرترە دەنگێکە لە دورەوە دێت ونابڕێتەوە هەر زرینگە دەداتەوە, قوڵی لە قوڵی حەزرەتی داود ناوە. گۆرانیەکەی هەمیشە لە سەر زمان بو. «هەرکەسێك هاتو کوتی من ئاشقی سەودا سەرم بڕوا مەکە..»

ئاغا یونس خان هەروەك دەزانن هەموشتێکی تایبەتی خۆی بوو, لە کەس نەدەچو و کەسیش لەو نەدەچو. ناسینی ئەو زەمانی پێویستە و کردنەوەی ئەو هەمو گرێ وگرێ پوچکەیە تاقەتێکی زۆری دەوێت. ڕقی دنیای لە «کیبورگ» و سازی بەرقی و لە لۆتی برقیەکان بوو, دەیکوت« ئەوانە لە مریشکی جوجەکەشی خرابترن, کە نە تام وبۆنی هەیە ونە گۆشتی دەخورێ,ئەوانەش نە سەدایان هەیە و نەسیما(نە دەنگ ونە ڕەنگ) هەر لۆتیێکی بەرقی مجریەکی لە پێش خۆی داناوە بە سێ چوار پلیکان و پێنسەد جگ ودوگمەوە, هەزار شیقە وفیقەی لێ دێنێ ئێستاکە نابێتە دەقیقەیەکی دەهۆڵ و زورنای خۆمان! خۆ وەڵاهی دەنگی« بنە چەلەنگی روونی نەباتی قوو» لەوە خۆشترە, چاکە جا! هەر ڕیپۆق لە چاوێکی تەرەسی دەنگ ناخۆش، ئەو داعبایە فێر دەبێ و نێوی خۆی دەنێ هونەرمەند, نەخیر نەوڵا تڕەماش, دێ و مێشکی سەری عالەم دەبا, عالەمەکەش لە جیاتی ئەوەی وشوویان لێ بکەن و قامك بە چاویان دابکەن، بۆ شایی وداوەت و بۆنەکانیان لێیان دەگێڕنەوە, سەمایان پێدەکەن و سەمایان بۆ دەکەن. هەق گووی سەگ بەزیادم نەکرد، ئەرێ وەڵا بۆ هونەرمەند وهونەرپەروەریش ,چاکە جا! جا تو خودا لە دوای سەید عەلی ئەسغەر وماملێ و ئارف جەزراوی و «سەحەرە» بەوانەش دەبێ بڵێم هونەرمەند حەق خودا دەوامی عەمرمم نەدا ئەرێ وەڵا بۆ ئاقڵم! خودا بە قوربانی سەید رەحیمی قوریشی تان بکا بە تاقە گۆرانییەك جێگای خۆی لە دڵی هەمو عالەمدا کردەوە. جا هێندێك لەوانە کە پێم خۆش نیە سەر وتەرحیان ببینم, دەچن سێ چوار مەیمونە قوڵەی فەرەنگیش دێنن, هەڵبەز ودابەزیان بۆ بکات! سواری قەتار بێ و دابەزێتەوە ئەوە چیە؟ وەڵا ویدیوگرییە!! هەی خودا راوەستاوتان نەکات بۆ سەنعەتی کە بۆ کوردتان هێناوە! هەمو چاو لەو« بیژووە, ئیبراهیم تلّتە سەگ» دەکەن, ئاخر نالێن ئەو نارەسەنە گۆارنی کوردی نەهیشت هەمووی ژاکاند و تلیساندەوە قوربانی زمانی ژەهراوی ترکی کرد. من بۆ دەبێ ئەو«قنگە لاشکە» سەرمشقم بێ؟ ئاخە هەر بۆیە نوشستی دێنین.» ئاغا یونس خان دەیکوت« هەمو ئەوانە بە جێگای خۆی, لە داخی نەجمەی رەزازی و ناسری غولامی خەریکم بتەقێم, خەڵك بە هیوایە ئەو جوتە خێروشەڕە گۆرانیان بۆ بڵێن و برینیان دابمرکێنێ و دڕویەك لە قەلبیان بێنێتە دەر, کەچی ئەوانیش خەریکی شەڕە چەقەن بزانن کێ «هەوەڵ سرودی» کوتوە! پێویست ناکات ئێوە باسی مێوژمان بۆ بکەن, بۆخۆمان چاك دەزانین کێ هەوەڵ دەستی پێکردوە! ئێوە خەمو نەبێ, هەمووی گەیوە بە دەفتەر لە بەین ناچێ و ناچن, تەنانەت ئەو سرودانەی لە دەرەوەش کوتوتانە خستومانەتە پاڵی. ئێوە هەر بیلێن ئێمەش هەر دەینووسین, بزانین کێ دەییاتەوە, چاکە جا!» ئاغا یونس خان لە بن دارسێوەکەی لێواری حەوزەکەی حەسارێ کە سێوی لوبنانیشی لێ پەیوەند کرابوو دانیشتبو لە بەر خۆیەوە دەڵێ:
بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
کولکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرانبەر بە خۆر!!.»
((بەیادی پیرۆزی سەید رەحیمی قورەیشی هونەرمەندی تاقانەی تاقە گۆرانی لە ئاسمانی هونەری کوردیدا.))

**فەرمانی, فەرمان خان!**

ئاغا یۆنس خان ڕقی دنیای لە ساڵی تازە بوو, دەیکوت نازانم کێ ئەو عوینەی(ئوین) داناوە, پێی وابو ساڵ شەش مانگە, سێ مانگی هەر دەبێ بەفر بماڵین سێ مانگیش دەبێ قوڕ بپێوین. دیسان لە سەرڕا ساڵی تازە دێت, قەت هاوین وپاییزی حیساب نەدەکرد. زۆر لە پیربوون دەترسا و دەیکوت رەحمەت لە گۆری ماموستا پیرەمێرد چاکی کوتوە: «مردن هەبایە, پیربوون نەبایە»

لە هەموی خرابتر ڕقی لە رۆژی لە دایك بوون و جەژنی لە دایك بوون بو. بەڵام ئامۆزا ناجسنەکەی « فەرمان خان» هەر بۆئەوەی وەبیری بێنێتەوە و ڕقی هەڵستێنێ دروست لەورۆژەدا دیاری دەنارد و بە فارسی لە سەری دەنووسی« آقا یونس خان تولدت مبارك» ئاغاش توڕە دەبوو دیاری فڕێ دەداو دەیکوت« ئەی فەرمان, فەرمانت بە قەبری بابی سێحەبت لە گەڵ تەولودت» نازانم کێ ئەو تەرسەقولە بیژووەی خستۆتەوە! لێخەم (لە یەخەم) نابێتەوە, بۆتە قوڕنو چۆتە ژێر کەوڵم. هەموو جارێك دەستی دەدا تاپڕەکەی هەتا پچێ بیتۆپێنێ. هەموو جێژنی تەولودێك هەڵات هەڵاتی یۆنس و فەرمان بو. ئاغا دەیکوت: دەیویدباب دەڵێی تاجیە خۆ نایاتە بەر تاپڕم. خەڵکی دێ ئەو رۆژەیان ناو نابوو, «راوە فەرمان خان».

فەرمان خانیش وا خووی بەو گۆڵمەزە گرتبو لە کۆڵی نەدەبووە. ئاغا یۆنس خان وەئامان هاتبو, دوو سێ جار لە ژاندارمە, شەکایەتی لێ کردبو, کوتبوی: « جەناب سەروان! ئین فەرمان خان, خان نیست, چەتە ئەست.»

ژاندارم پێیان دەکوت ئاغا, فەرمان خان خزمی خۆتە, ئامۆزاتە!

یۆنس خان دەیکوت: «ئامۆزا؟! گووی سەگ هەم تەواو نیست چ برەسەد بە ئامۆزا! ئاغای جەناب سەروان ئەسڵەن ئین بەشەر نیست, شیری بزن خوردە, پشکەڵ می کند.»

هەموو ساڵێك لەو رۆژەدا شکایەت نامەیەك دەنووسرا, بەڵام دوای ماوەیەك لە بیر دەچووەوە. ئاغا یۆنس خان هێندە لە فەرمان خان بێزار ببوو, کەس نەیدەوێرا باسی فەرمانی ماشێنیش بکات.

ئاغا یۆنس خان دوستێکی نزیکی بوو بە ناوی مەجید. لە منداڵیەوە لە گەڵ یەك گەورە ببوون. مەجید لە یەکێك لە شارەکان کارمەندی بانگی کەشاوەرزی بو. زۆر ئینسانێکی عاقڵ بوو, بەو بەزم رەزمەی ئاغا و فەرمان خانی دەزانی. رۆژێك هات و کوتی چارەیەکم دۆزیوەتەوە. بۆ هەمیشە رزگار بی لە دەست فەرمان خان. ئیتر پێویست نیە بیتۆپێنی. دەبێ کارێك بکەی هەموو رۆژێك سەدجار بمرێ و زیندو بێتەوە. ئاغا کوڵمەکانی گەش بووە و چاوەکانی زیت و بریقەیان تێکەوت: کوڕە ئەگەر تەدبیرێکم بۆ بکەی, هەتا ئاخری عومر مەمنونت دەبم. مەجید کوتی ئاغا ژنی بۆ بێنە. ئاغا یۆنس خان بە سەرسوڕمانەوە: ژنی بۆ بێنم؟! سبەینێ تولە سەگەکانی پێم بوەڕن! ئەوە دەڵێی چی شێت بووی؟

مەجید وڵامی داوە: ئاغا گیان گوێ بگرە من, لە مەنتەقەی سەردەشت ئاغایەکی لێیە دەڵێن کچێکی زۆر جوانی هەیە, لە کچی کافرۆش جوانترە. لە جوانی دا وێنەی نیە, بەڵام کەس ناوێرێ توخونی کەوێ!

ئاغا یۆنس خان: بۆ, بۆ ئاخر؟

مەجید: دەڵێن ئەوەندەی جوانە ئەوەندەش دڕە, باوکی و دایکی و تەواوی دێیەکە لە دەستی وەئامان هاتوون. باوکی زۆر دەوڵەمەندە کوتویەتی هەر کەس ئەو کچەم لێ بخوازێ کارخانەی ماشێن سازی تەورێزی بۆ دەکڕم.

ئاغا یۆنس خان: کوڕە ئەوە دەڵێی چی یانی تا ئێستا کەرێکی پەیدا نەکردوە؟ مەجید: کەر زۆرە! ئەو دەیەوێ حەتمەن کوڕە ئاغا بێ و لە حاندی خۆیان بێ.

یۆنس خان: کوڕە فەرمان کڵاوی ناچێتە سەر شاخی هەیە.

مەجید: ئاغا تۆ کارت نەبێ, من بەرنامەیەك دەگێڕم کە بۆخۆی وەکو مەجنون ئاشقی بێ.

یۆنس خان: چۆن؟ ئا دەی پێم بڵێ.

مەجید: میوانی یەکی گەورە دەدەم و ئەو دووانە دەخەمە پاڵ یەکەوە.

یۆنس خان: کوڕە لەمنت کەوێ مەجید, بە خودای خوداوەندی دەکا, دەتکەم بە مەجید خان, سێ دێت بە نێوی دەکەم.

ئاغا یۆنس خان دەتکوت خۆی حازر دەکات لە گەڵ لەشکری شا عەبباس بە شەڕ بێ, لە خۆشیان نەیدەزانی چی بکا, ئەورۆژە بە هەمو نۆکەر و کارەکەری ماڵی جێژنانە دا. پێیان دەکوت ئاغاگیان جێژنی چیە خۆ زۆری ماوە بۆ جێژن. دەیکوت جێژنی قوربانە قوربان.

بەڵێ ئاشق ومەعشوق یەکتریان ناسی و حەوت شەو رۆژان شاییان کرد و لە یەك هاڵان. فەرمان خان 14 رۆژی تەواو لە ماڵەوە نەهاتە دەرێ. ئاغا یۆنس خان دەیکوت ئەوە حەتمینە بەچکەیان دەبێ بۆیە نایەنە دەرێ. لە گەڵ ئەوەشدا هەموو رۆژێك دیاری یەکی بۆ دەنارد و لە سەری بە فارسی دەنووسی« ئاقا فەرمان خان عەروسییەت مەبارك».

رۆژی 14 ئاغا یۆنس خان لە سەر سەربانی دیوەخان کە دیڕوانیە ئاوایەکە, پیاسەی دەکرد, لە پڕ چاوی لێ بو فەرمان خان لە ماڵەوە هاتە دەرێ. 14 رۆژ بوو چاوەڕوانی دەکرد بزانێ فیلمەکە چۆن تەواو دەبێ.

فەرمان خان فەرمانی نەمابوو, باڵەکانی فش ببوو, دەتکوت زەرگەتە پێوەی داوە, نیفەکی پاتۆڵەکەی هەتا سەرچۆکی هاتبو. دەتکوت قۆڕ بووە یان خۆی پیس کردوە لارەو لاربە رێگادا دەرۆیشت. ئاغا یۆنس خان ئەو دیمەنەی زۆر پێ جوان بو. ئاغا یۆنس خان کوتی: مانگی 14 ئەوە بۆ بوویەتە عەلی شیش؟ فەرمان خان, ئەقەلەن سێ چوار رۆژی دیکەش راوەستابای هەتا جوچکەکانت سەر لە هێلکە دەردێنن.

فەرمان خان لە بەر خۆیەوە بۆڵەیەکی هات. ئاغا دوبارەی کردەوە: ئەوە بۆ کوێ دەچی شۆڕە سوار؟
فەرمان خان وەڵامی داوە دەچم بۆ سەردەشت. ئاغا یۆنس خان جوابی داوە بچۆ بچۆ بەغدا نیوەی ڕێت بێ. فەرمان خان سەری وەرگێڕاو پرسی: چی ؟ چت کوت؟
ئاغا یۆنس خان: هیچ دەڵێم وا باشترە سواری ماشینی فەرماندار بی فەرمان خان.(1.1.2003)

### هێلکەی کوردی ومریشکی ئیسرائیلی

نازانم کورد بۆ هێندە کەللە رەق و یەك دەندەیە!! لە سەر شتێك کە سوور بووینەوە عالەم وئادەم رجامان لێ بکەن لە قسەی خۆمان پاشە کشە ناکەین ونایەینە خوارەوە, ئەگەرکو هەڵەش بێ!
ئاغا یۆنس خان دەیکوت تامی هێلکە و مریشکی کوردی فەرقی هەیە لە گەڵ هێلکە ومریشکی هەموو عالەمی دنیا, چاکەجا..!
دەمکوت ئاغاگیان, مامە لە دەوری سەرت گەڕێ! ئەوەتا لە ئوروپا شتێك هەیە پێی دەڵێن«بیۆ لادن» یانی دوکانی شتومەکی تەبیعی با بڵێن خۆماڵی دەست تێوەردانی ماشێنی تێدا نیە, هێلکەو مریشکیشی هەیە بەڵام گرانە, دەنا تام وبۆن و بەرامی هەرئەوەیە کە جەنابت خواردوتە.
توڕە دەبو سوێندوقورئانی دەخوارد, مریشك و هێلکەی تەواوی دنیا ناگاتە هی کورد.
پرسیم ئاخر مریشکی بەدبەختی کورد, لە دێهات چی دەخوات کە ئەو هەمووە بە سەری دا هەڵدەڵێ و بەیت وبالۆرەی بۆدەڵێی!؟ بە توڕەییەوە کوتی:,, ئەگەر گووش بخوات, ئێستا گۆشتەکەی لەو مریشکە پلاستیك وجیرانە خۆشترە! چاکەجا!!
زارم پڕ بوو لە ئاو!کوتم باشە ئاغا یۆنس خان لەوەتی ئەو جەمبوریە هەیە تۆ وەك ئێمە ئاواروکۆچەری! دوای ئەو هەمووە ساڵە بەدبەختی و چەرمەسەریە کۆا تامی هێلکەو مریشکی کوردی لە زاردا دەمێنێ؟ زۆر توڕە بوو کوتی, ئەوە قومارم پێ دەکەی ناحەز! کوتم توڕە مەبە ئاغاگیان من حەدم چیە بە جەنابت قومار بکەم! ئاغا برێك خاو بووە و لە ژێر لێوەوە کوتی, چووزانم!
ئەرێ ئاغا یۆنس خان دەزانی لە زەمانی شا مریشکی ئیسرائیلی و هێلکەیان دێنا!؟ بە نابەدڵیەوە جوابی داوە, بەڵێ دەزانم.
(دیسان ئاورەکەم خۆشتر کردو کوتم) ئەی باشە جەنابت کە لە شاری دەژییای, مریشك و هێلکەی کوردیت لە کوێڕا بۆدەهات؟(ئاوری گرت)
لە قەبەری بابی سێحەبت! چاکەجا!!
لە جیاتی بەو قسەیە تێك چم, پڕمەی پێکەنینم هات, ئەوەندەی دیکە قەڵس وتوڕە بوو,لاقی لە سەر لاقی داناو دەستی بۆ راوەشاندو کوتی: بەرخی بابم نیوەی ئیسرائیل کوردە! بۆخۆم ئەو زەمانەی کە دەوڵەتیان دروست کرد بە رەحمەت بێ لە گەڵ بابم بەڕێمان کردن, دوو بەشی کوردستان جوو و بنە جوو بوون, ئێستاش بەشێکیان ماوە قوڕبەسەرانە بوون بە موسڵمان! پێیان دەڵێن «نۆموسڵمان» خودا دەوامی عومریان نەدا بۆ کاری کردیان. دەوڵەتی شای رەحمەتی ئەگەر مریشك وهێلکەشی هێنابێ هەر لەوانەی ساندووە کە لە خۆمانن, چاکەجا!!
یانی تۆ دەفەرموی تام و بەرامی مریشك و هێلکی ئیسرایلی هەر وەکو کوردی یەو هیچ فەرقی نیە؟ خودای نەمابو, ژێرسیغارەکەی بەردەستی بەدیوارەکە داداو کوتی:
بەڵێ! گووت ماوە بیخۆی!!!
سەرم داخست و لە بەرخۆمەوە کوتم: چاکەجا!!

### ئاژیری مام بایز و میرزا

کاک بایز تووشی نەخۆشێکی سەیرو سەمەرەی دەم و ددان ببوو, هەر بۆیە خۆی گەیاندە بیهداریەکەی بۆکان. لەوێندەرێ دوکتورە,,هیندی,,ەکە چاوی پێیکەوت و سەری لێ راوەشاند. دیار بوو ئەم سەرراوەشاندنە مانایەکی باشی بۆ کاک بایز نەبو! دەم چاوی خوێنی تێدا نەدەگەڕا و ویشک ببو. دوکتور کوتی: پووکت پیوەرەی گرتووە, زوو چارەسەری نەکەی ددان لە دەمت دا نامێنێ. هەڵبەت جەنابی دوکتور ئەو قسانەی بە زمانی فارسی شێوە هیندوستانی سەروگوێ شکاو فەرمو. کاک بایز بایی دەنکە هەرزنێک حاڵی نەبو. سێ ملیۆن سلول(خانە)کانی مێشکی هوروژان و کەوتنە جم و جۆڵ بەڵام مانایەکیان نەدا بە کاک بایز کە «پیوەرە» چیە. وەکو مقەبا لەوێ راوەستابو. پەرستارەکە کە کورد بوو, کوتی نەخۆشی پووکت گرتووە, یانی پووکت هەمووی سوواوەتەوە, هەر بۆیە ددان بە خۆیەوە راناگرێ. کاک بایز لە دڵی خۆیدا کوتی خوایە ئەوە چ نەخۆشییەکە, خۆ ددانی شیریی نین هەڵوەرن؟ ددانی پیری و هەڵوەرین!؟ خوشکەگیان بە دوکتور بڵێ چارە چیە؟ قوڕی کوێ بەسەرم داکەم؟ خانمی پەرستار « قوڕی کوێ بکەم بە سەرم دا»ی نەکردە فارسی و لە وەڵامدا کوتی: دەبێ بچی بۆ تەورێز بۆ لای ,,موتەخەسیسی ئۆرتۆدینیس,,!!! کاک بایز هەر تەورێزەکە حاڵی بوو، باقی پێی وابوو داعبایەکە کە ئەو نەخۆشیە دێنێ. دوای ماوەیەک بە قازێکەوە هاتە دەر. دەتکوت شۆکی ئێلیکتریکیان پێوە

ناوە. کاس ببوو, وەک رۆبۆتا هەنگاوەکانی هەڵدەهێناوە. تەورێز! شاری عەجەمان! دەتکوت باسی کورەی مانگیان بۆ کردوە! بە عەمری بابی نەچووبووە شاری عەجەمان, تەنانەت «میاندواو»یشی نەدیبو. بە ماشێنە جیبە شینەکەی سەید ئەسعەد خۆی گەیاندە سەرباخچە. لە رێگا بیری هەر لای کاک عومەر بوو, ئەو کە دەیتوانی لەو گۆڵمەزە نەجاتی دا.

پیاوێکی گەڕیدە بوو, نۆکەری ماڵە ئاغاوات بوو, ماوەیەک لە شارەکانی بۆکان و سەقز ژیابوو, دوو سێ جارانیش لە گەڵ ئاغا چوبوو بۆ تەورێز. گەشتنامەی کاک عومەر بۆ تەورێز هەموو شەوانی چلەی زستان لە مزگەوت دەگێردراوە, خەڵکی سەرباخچە وەک حەقایەتی ئەمیرئەرسەلان و حوسێن کوردی شەبستەری هەموویان لە بەر بو.

کاک بایز رێگای ماڵی خۆی باداوە و یەک سەر چوو بۆ ماڵی کاک عومەر لە پشت مزگەوتی دێیەکە. هەر کە چاوی بە کاک عومەر کەوت شاڵاوی بۆ برد و بە دەنگێکی گڕو پڕ لە پارانەوە کوتی: میرزا عومەر لە ئاسمان خودا و لە سەر ئەرز تۆ شک دەبەم. یارمەتیم نەدەی تێدا دەچم و مندار دەبمەوە, نەخۆشییەکەم گرتووە کە تا ئێستا بەشەری سەر رووی ئەرز تووشی نەبووە. میرزا عومەر خۆی هەڵماساند, وەیدەزانی لە میوانە پایە بەرزەکانە و بە سەر فەرشە سوورەکەی رەزاشادا دەروا و سان دەبینێ, تا ئەو دەمە بۆخۆی نەیدەزانێ کە لە لای خەڵک ئەوەندە بە قەدر و قیمەتە! بە تایبەت لە لای کاک بایز کە تەنیا خودای قەبوڵ بوو، هیچ پێغەمبەرێکی بە حەق نەدەزانی. رۆژ رۆژی میرزا عومەر بوو, کە خەنجەری بەر پشتێنی دەرهێنێ و دەمەزەردی کاتەوە. میرزا عومەر دەنگی خۆی گڕ کردو و وەک ئاغاکەی خۆی سەرەو خوارێکی کردو کوتی: مام بایز ئاهون بەوە, پێم بڵێ چی قەوماوە? دڵنگەران مەبە چارەیەکت بۆ دەدۆزمەوە. میرزا عومەر دوو کلاسی ئەکابیری شەوانەی بە زۆری ئاغا دیتبو, ئاغ پۆزی پێوە لێدەدا و لە مەجلیسی ئاغاوات لە دیوەخاندا دەیکوت: نۆکەرەکانیشم سەواد و مەعلوماتیان هەیە! میرزا عومەر بە خەڵکی دەکوت ئەگەر کاغەز و نامەت هەیە بە رۆژ بۆم مەهێنە، من دەرسی شەوانەم خوێندووە. شەوانەش کە دەیان هێنا بە هەزار قەلە و دەلە بۆی ساغ دەبۆوە, کە سەریشی لێی دەرنەچووبا دەیکوت چاوەکانم بێ حوکم بوون, یان دەیکوت شۆقی کزی ئەو چرایە و دوکەڵەکەی ئەزیەتم دەکات, خۆ من لە بەر شۆقی فانووس و چرای گرسۆز فێری میرزایەتی نەبووم, بە خودا ئەگەر بەرق نەبێ موهەندیسیش لە بەر تیشکی چرای گرسۆز هری لە بری هیچ نامەیەک ناکاتەوە. هەرچۆنێک بێ مام بایز میرزا عومەری سازکرد بە خەرجی ئەو لە گەڵی بچێت بۆ لای دوکتور لە تەورێز. میرزا کوتی: قەیناکە مامە گیان دێم لە گەڵتا. لە خۆشیان رۆنی قەلبی دەتکا. بۆ ئەو هەم خێر بوو هەم زیارەت, ئەمجارە نە ئاغای لە گەڵ بوو نە نۆکەریش بوو, بۆخۆی ئاغا بو. دەتکوت کریستۆف کلۆمبە و خۆی بۆ دوا سەفەری دەوری دنیا تەیار دەکات.

لە ئوتوبوسەکەدا میرزا عومەر هەر چاوچاوی دەکرد بەشکو سەرروتێکی خوێندەوار و یان ناسراوێکی شاریی بدۆزێتەوە, بەداخەوە کەسی شک نەبرد. تازە لێی حاڵی ببوو کە هەروا هاسانیش نیە بە کوێرەسەوادێکەوە بچی بۆشاری عەجەمان, تازە بە تەنیاش نەبی و چاوساغی کەسێک بی کە پەیتا پەیتا دڵی لە ژێررا بێ و وەک ئاومیوەگێریەکەی ماڵی ئاغا دڵی لە سووڕاندابێ.پێم وایە مام بایزیش لە نیگەرانی چاوساغەکەی گەیشتبوو.نەیدەوێرا قسەی لە گەڵدا بکات, ئاخر ئەو قەت نەیدیبوو میرزا عومەر بێ دەنگ دانیشێ.هەتا گەیشتنە تەورێز بە یەکەوە قسەیان نەکرد, دەتکوت هەردووک چاوەڕوانی دەنگی حەزرەتی داودن.

ئێرە ترمینالی تەوریزە, میرزا عومەر وەبیری هاتەوە کە ئاغا دەچوو دەستی لە تاکسی هەڵدێنا و مەقسەدی دەگوت, غیرەتی وەبەر خۆی هێنا و هەر ئەو کارەی کرد. شوێنی دوکتورەکە دور نەبوو, لە چوار ڕێ شاناز بوو کە بە پێیان چەند دەقیقەیەکی دەکێشا. شۆفیر تاکسی لەو راوچیانەی ترمینالْ بوو, وەکو تاجی تەماڵی باش و قەڵەوی دەدۆزییەوە, سێ دەوری پێدان و لە چوارێی شاناز دایبەزاندن: فەرموو ئێرە چوار ڕێی شانازە و ئەو بەری پیادەرەوەکە شوێنی دوکتورەکانە. شۆفیر بە حاجی ئاغا حاجی ئاغا سێ هێندە زیاتر پوڵی لێ ساندن. مام بایزی بێچارە هەرچی پوڵی هەبوو لە گەڵ خۆی هێنابووی. ژنەکەی پێی کوتبو, موقەدەرە با لە نێو عەجەمان لێت نەقەومێ.ئەوان لە جووی ئیزرایل خرابترن. میرزا عومەر جارێک هاتبوو بۆ ئێرە بەڵام نەیدەزانی بۆ لای کام دوکتور بچێ! کاغەزەکەی نیشانی کەسێک دا, کابرا خۆراستان لە گەڵیان چوو و نیشانی دان, مەرتەبەی دوو دوکتور رەزا پژوهێش. چوونە بەر دەرگا. داخرابوو, کاغەزێک بە دەرکەوە هەڵواسرابوو. نووسرابو...دوکتور بۆ ماوەی سێ حەوتوو لێرە نیە. میرزا عومەر دوو سێ جار دەسکی دەرکەی سووڕاند و زەنگی دەرگەی لێدا وڵام نەبوو, کاغەزەکەشی بۆ نەدەخوێندراوە. لە پلیکان هاتنە خوارێ تووشی ژنێکی کراس سپی بوون, میرزا عومەر کوتی: خانم دوکتور بێ زەحمەت! ژنە مونشی بوو, راوەستاو سەیری کاغەزەکەی کردو کوتی ئەو دوکتورە لێرە نیە, بەڵام ئەوەش دوکتوری ددانە و زۆر باشە. لە گەڵ خۆی بردنی و دوو ژمارەی دا دەستیان و رەوانەی وەتاغی چاوەڕێ کردنی کردن. لێرە عالەمێک دانیشتبوون, لە لایەکەوە دوو کورسی خاڵی بو. چوون و دانیشتن. ژمارەی میرزا عومەر 12 بوو هی مام بایزیش 13. مام بایز کوتی: میرزا عومەر ڕەبی خودا دەوامی عومرت بدات, بە خودا تۆ وەک فرشتە وای, تۆم نەبایە قوڕی کوێم بەو سەرمدا کردبایە!! میرزا عومەر کە تا ئێرە بەخێر بۆی گوزەرابو کوتی: مام بایزگیان ئەرکی سەر شانی خۆمە, پیاوەتی بە کاری رۆژی وا نەیات, ئەی بۆچی دەبێ؟

مام بایز چاوێکی لە ژمارەکەی کرد و پرسی: ئەوە میرزا عومەر بۆ دوو ژمارەیان داوینەتێ؟ کوتی: مامە گیان ئەوە بۆ ئەوەیە من لە پێشدا بچم دوکتور ئاگاداری نەخۆشییەکەت بکەم. لە دوایی دا تۆ بانگ دەکەن, بۆیە هی من ژمارە 12ەیە و هی تۆ 13. مام بایز: جا میرزا عومەر 13 نەحسە. ئەو ژنەتیوە بۆ ئەوەی دامێ؟ بە خودا بەڵاێکم بە سەر دەهێنن. میرزا عومەر کە بۆخۆشی نیگەران بوو کوتی: مامە گیان خۆ ئەو ژمارەیە شمَشیری دوودەمی حەزرەتی عەلی نیە. مام بایز: وەڵاهی چوزانم, هەر لە خۆڕا دڵم لێدەدا, هەرچی بێت ئەوانە عەجەمن. ماوەیەکی زۆر دانیشتن, زۆربەی ئەو کەسانە کە لەوێ دانیشتبوون چاویان لە گۆڤارەکان دەکرد, میرزا عومەر ماتڵ بوو هەتا ژوورەکە بە جوانی چۆڵ بوو، ئەوجا دەستی کێشا و گۆڤارێکی رەنگی هێنا, هەر لاپەڕەو ماویەک چاوەکانی تێدەبڕی, مام بایز بە سیلەیەکەوە چاوی لە گۆڤارەکە دەکرد, بێ دەنگ بوو, نەیدەوێرا قسە بکات, نەوەکو لە میرزا تێک بچێ, میرزا عومەریش هەرچاوی لە ئەکسەکان بریبوو, گۆڤاری ,,زن روز,,ی بەدەستەوە بو.

مونشی سێ چوار جار ژمارەی 12ی خوێندەوە, میرزا کەڕ وکاس ببوو, هەتا ژنەکە هات و کوتی:نۆبەی تۆیە!! میرزا پەشۆکا و گۆڤارەکەی لە دەست بەربۆوە, ژنە خێشکەیەکی کرد و هەڵیگرتەوە.

میرزا چاوێکی لە مام بایز کرد و کوتی کە تەواو بووم بانگت دەکەمە ژورێ. میرزا چووە ژورێ. دوکتور قسەیەکی کرد و ئیشارەی بە کورسیەکە کرد,کە لە دارە مەیت دەچو. خانم پەرستاریش کە لە فریشتە دەچوو, هات و بەرلیکەێکی لە ملی قایم کرد. کورسیەکە وەک کورسیەکەی ماڵی ئاغا لەمبەر و ئەوبەر جێگای دەستی هەبو. میرزا پێی وابو حورمەتی دەگرن کە ئاوا بە دەوری دادێن, لاقەکانی کۆکردەوە. پەرستار پێی حاڵی کرد لاقەکانی درێژ کات. میرزا پێی وابو بێ ئەدەبیە لە خزمەت دوکتوردا قاچەکانی راکێشێ. پێم وایە دوکتور لە توڕە دەچوو لە بەر ئەوە دەمی گرێ دابو قسەی نەدەکرد.

مام بایز دوو سێ جار گوێی لە هاواری میرزا عومەر بوو, ترسا. لە بەر خۆیەوە کوتی: داخوا میرزا عومەر چی کوتوە کە لێیان بۆتە شەڕ. لە پڕیکا موچرک بە گیانی داهات و کوتی: حەک قوڕی دنیام بە سەری, وەڵا لە بەر ئەوەی ناوی عومبەرە دەیکوتن.ئەوانە حەجمن حەزرەتی عومبەریان ناخۆش دەوێ. لەو خەیالانەدا بوو کە میرزا عومەر هاتە دەرێ. دەستی بە گووپیەوە گرتبو. ئەوەندەی تف کردبووە گووپی قوپا بوو وگەروی ویشک ببو. مام بایز کە ئەوی دیت بە خۆی کوت: هاوار بە ماڵم جا دیلمانجیان وا پێ کردبێ دەبێ منی ماڵ وێران چم بە سەر بێ؟ تازە ژمارەکەشم 13ەیە! مام بایز نەیدەزانی چی بە سەر میرزا هاتوە. مام بایز پێی چەقاندو هەرچی دوکتور و مونشی حەولیان لە گەڵی دا نەچووە ژورێ. بە راکێش راکێش بردیانە بەر دەرگا, گەڕاوەوە پرسی: میرزا عومەر ئەو عەجەمە سەگ بابانە چییان لێکردی؟ میرزا عومەر بە پڵتە پڵت کوتی: گۆڕی بابی ساحەبیان دەرهێنام, چیان کرد؟! مام بایز ناوی خودای لێ هێنا و دوو جنێوی داو خۆی گەیاندە دیلمانجەکەی: ئەتۆ پێم بڵێ ئەو دەستانەت بۆ بە دەمتەوە گرتوە؟ میرزا عومەر دەمی پڕ لە خوێن بوو نەیدەوێرا تف بکاتەوە و رەوانەی زگی دەکرد. خۆ ئەو سگ بابە نەیهێش دەمم بکەمەوە, دەرزێکی هێنا بەقەد سەرە گۆچانێک و هات بۆلام, بە خۆم کوت وەڵا بە زاتی خودا ئەو سەگبابە دەیەوێ کوێرم کا, لە ترسان زارم هەڵپچری, هەر دەمم کردەوە خێرا دەرزی نا ناو دەمەوە, وەمزانی سەگ باب دەیەوێ لە زمانمی راکا منیش لە تاوان زمانم لە دەممدا دەسوراند دوو سێ جار دەرزی لە زمان کەوت, بە هەرکیان دەمیان گرتم و دەرزیان لە پوکم راکرد, هێندی پێ نەچوو زمانم بەقەرا هارۆیەک ماسی, ئیتر هیچم لێ حاڵی نەبو. سەگ باب دوو کاکیلکەی بە زۆری دەرکێشام. مام بایز کە تەواو گوێبیسی قسەکانی میرزا بوو پرسی: دوو کاکیلکە؟! خۆی بۆ رانەگیرا و لە پڕمەی پێکەنینی دا. دەتکوت ئەوە لە مەزراکەی سەرباخچەیە و ئەو چیرۆکەی بۆ دەگێرنەوە. مامە بایز گەشکە گرتبوی, لەو پیادەرەوە لاقی درێژ کردبوو یەک بە خۆی پێدەکەنی, میرزا عومەری سەرباخچە ژانی ددانی لە بیرچوبۆوە, وەی دەزانی مام بایز شێت بووە و لە کەلەی داوە. مام بایز, مام بایز, کوڕە مام بایز ئابرۆمان چوو, ئێرە عەجەمستانە, عەیبە خەڵک پێمان پێدەکەنن! مام بایز دەمی بە قەرا دەمی بەرازێک کردبۆوە و پێدەکەنی, فرمێسک سەروچاوی شوشتبۆوە, دیار نەبو کە پێدەکەنێ یان دەگرێ! خەڵک دەورەیان دابوون, سەیریان دەکرد بزەێکیان دەهاتێ و دەرۆیشتن. عەجەمێک کوتی: کویرد دی, دەلی ئۆلب. « کوردە دێوانە بووە»! مام بایز! کوڕە مام بایز! پیاوی چاک بە, ئەو عەجەمانەمان پێ خۆش مەکە! میرزا عومەر چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێرا, غەریبی گرتی و فرمێسک بە لاچاوانیدا هاتنە خوارێ. مام بایز لە پیادەرەوەکە درێژ ببوو, هەموو بەدەنی وەک شەق شەقە دەلەرزی, کەفی لە دەمی دەهاتە دەرێ, سەری وەک مەزراق دەسووڕایەوە.

دوو پاسەبان گەیشتنە لایان, بە شوێنیدا دەنگی ئاژیری ماشێنی نەخۆشخانە بەرز بۆوە. دەنگی ئەو ئاژیرە پاشان لە هەمو کوردستان دەنگی دایەوە!(رۆژانی 2و3ی مانگی 12 ساڵی 2002)

## کاتێك بۆ حەسانەوەی مام پیرۆت
بە یادی قادر دیلان

کات: ساڵەکانی ئاخری سەدەی بیستەم
شوێن: ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: تاران بازاری گەورەی داپۆشراو(قەیسەری), گوزەری قوماش و کوتاڵ فرۆشەکان.
« لەتاریکی دا دەنگی ڕۆرۆ و گریان دێ, وردە وردە بە گۆرانی حەسەن زیرەك«غەریبم ماوم لە تارانە» ڕووناکی ودیار دەکەوێ, بازار قەرەبالغە و لە نێو ئەو عالەمەدا دوو کابرای کورد کە پاتۆلی کوردیان لە بەردایە خەریکی قسە کردنن.»
مام پیرۆت: جەلۆ ئەوە میرزا ئەیوب بۆدوکانی داخستوە؟ خۆ ئەورۆ ڕۆژی هیچ ئیمامێك نیە!
جەلۆ: نە مام پیرۆت, گۆیا میرزا ئەیوب سەکتە لێی داوە و ئەمری خودای کردووە!
مام پیرۆت: کوڕە وانەڵێی, خۆ ماڵ وێران بووین, جا ئێستا قوڕی کوێ بە سەرمان داکەین, ئەو بارە بدەینە کێ, خۆ ئەو نەبێ من کەس ناناسم.
جەلۆ: مامەگیان وەختی ئەو قسانە نیە.ئەورۆ دەینێژن, بابچین بۆ سەرەخۆشییەکەی, بزانین چی دەبێ, تاران کوردی زۆرە, نیوەی تاران کوردن.
لە گۆرستانی بەهەشت زەهرا جەماعەتێکی زۆر کورد کۆبونەتەوە و غەمبار ڕاوەستاون وهێندێکیش دەگرین. پیرۆت وجەلۆش بە دەستەوەستانی ڕاوەستاون.
کامێرا دەچێتە سەر دەم وچاوی لاوێك کە تەواو ڕەش پۆشە,بەڵام زۆر بە سەلیقە لیباسی لە بەر کردووە, لە دورەوە دیارە بیردەکاتەوە.
,,فلاش بەك,,
شوێن: ئێرە پراگە, کۆمەڵێك کورد لەگۆرستانی شماڵی شاری پراگ کۆبوونەتەوە. دووکەس پێکەوە قسان دەکەن. کامێرا دەیان هێنێتە پێش, هەر دەم وچاویان دیارە.
- ئەگەر من نەبوایەم, لەوانە بوو بیسوتێنن!
- باشە چۆنە نەیان بردەوە وڵات,خۆ ئێستا بەلای خۆی کورد حاکمە!
- ماموستا قادر دیلان پێش مردنی داوای لە هەردوو حیزبە دەستەڵاتدارەکە کردبوو بە هەر چۆنێك بێ لە کوردستان بینێژن,وەسیەتیش هەر ئەوە بوو!
- بەڵام کەس جوابی نەداوە, لە غەریبی ژییاو و بە غەریبیشەوە مرد!
کامێرا هەموو قەبرستانەکە لە دوورەوە نیشان دەدا!
گۆرانی قژکاڵی لێوئاڵ بە دەنگی قادر دیلان دەبیسترێ!
شوێن: سەر ناڵەشکێنە, لە پەنا گۆڕەکەی حەسەن زیرەك, قالە مەرە شمشاڵ لێ دەداو فرمێسك بە سەرگۆناکانیدا دێتە خوارێ, بەڵام هەر شمشاڵ لێ دەدا, هێندێك منداڵی لە دەور کۆبوونەتەوە, کابرایەکی لادێیش بە کامێرایەکی سۆنی خەریکە فیلمی لێ هەڵدەگرێ.
کامێرا بۆکان نیشان دەدا لە دوورەوە.
دەنگی گۆرانی دەچمە سەر ناڵەشکێنێ دێ!
شوێن ـ مەهاباد: کوڕێکی جوان وجحێڵ لە گۆرستانی بوداق سوڵتان سەری بەکێلەکەی هەژارەوە ناوە, خەریکە لە سەر کاغەز شتێك دەنووسێ. کتێبی ,,بۆکوردستان,, لە تەنیشتییەوە دیارە. کامێرا لە دوورەوە مەهاباد نیشان دەدا, لە سەر مەیدانی چوارچرا فیکس دەبێ.
شوێن ـ کۆمەڵەی کوردەکانی تاران: ئەورۆ سەرەخۆشیان بۆ میرزا ئەیوب داناوە,میرزا ئەیوب زۆر ئەدەب دۆست و فەرهەنگ پەروەر بوو,هەموو دەیان ناسی.
مام پیرۆت, لە گەڵ کابرایەك قسە دەکا: ئەرێ کاکە لە بازاری تاران کەس ناناسی, ئاشنایەك ڕۆشنایەك؟
کابرا: بەڵێ کاکە گیان مامم دوکانی هەیە, وەرە بڕۆین پێت بناسێنم.
شوێن: تەرمیناڵی باشوری تاران.
مام پیرۆت و جەلۆ لە ئاخری ئوتۆبوسێك دانیشتوون وچاویان بریوەتە مەیدانی ئازادی!
کامێرا دەچێتە سەر دەم وچاوی پڕچین وچروکی مام پیرۆت.
مام پیرۆت: پیاو خۆشە هەر لە وڵاتی خۆی سەر بنێتەوە,نەك لە غەریبی بیخەنە ئەو ئەرزە ڕەق وتەقەوە, لە ناو ئەو هەموو حەجمە, بەس نەبوو, بۆخۆیان مەلای کورد وسونی تەلقینی بۆدەخوێندن.
جەلۆ: جا مامەگیان فەرق چ دەکا تاران, یان کوردستان, کابرا ئەگەر هەموو جوانی خۆی وعەمری لە غەریبایەتی بوو و ژییا,چ فەرق دەکا لە کوێ بینێژن.
مام پیرۆت: فەرقی زۆرە بابەکەم. هەر ئەرزو وڵاتێك ڕۆڵەی خۆی لە باوەش دەگرێ! ئەرزی نامۆ سارد وسڕە!
کامێرا ئوتوبوسەکە نیشان دەدا, پاشان جادەکە هەتا دەگاتەکۆتایی.

## سۆفی رەمەزان وپیرۆزبایی

,, سامپای,, کۆرێکی ئافریقای خەڵکی سێنێگاله, لەوانەیە بە عومری بابتان نەتان بیستبێت! موسڵمانە وبە غەیری خودا نەبێ کەس ناناسێ! دەهۆڵ لێدەدا ودەهۆڵ دروست دەکا لە پێستی بزن! وەکو باسی کرد بەو زووانە هاتنی مانگی پیرۆزی رەمەزانە! منیش داوام لە سۆفی رەمەزانی خۆمان کرد سەد پیرۆزبایی تان بۆ بنێرێ.
سۆفی رەمەزان:
لە گەڵ سڵاو و رێزی تایبەتی بۆ هەموو عەزیزان, هاتنی مانگی پیرۆزی رەمەزان پیرۆزبایی دەکەم و هیوادارم ئەوانەی رۆژویان لە سەر فەرزە لێی نەخۆن و بە ساغ وسەلیمی بە هەرچۆنێك بێ هەتا ئاخرەکەی بڕۆن. هەلبەت لە رۆژ هەڵاتی کوردستان دەوڵەت کارەکەی بۆ هاسان کردونەتەوە,, مانگێك حەقیان نیە نان بخۆن و یازدەمانگیش هەقیان نیە قسە بکەن,, خودا قەبوڵی نەکا ئیشاڵا.

## سەری عەبباس و تیمی ماشێن سازی تاران

پێموایە ئەگەر هەر حەوت پارچەی کوردستان بگەڕێی و هەموو چل, پەنجا ملیۆن کوردەکە بپشکنی, ئێستا ناتوانی سەرگەورەیەکی وەکو عەبباس سنەیی بدۆزیەوە!
بە راستی ئەو مامە عەزۆییەی حازریش, بە عومری بابی خۆی سەر زلی وای نەدیوە! تەنانەت لە داستانی رۆستەم وزۆرابیشدا نیە! باوەڕ و ئیعتبارتان هەبێ نیوەی لەشی عەبباس هەر سەر بو. خوداوەندی متەعال بە قوربانی کارە جوانەکانی بم, دروست «مەسالحی» بیست و پێنج 25 سەری لە سەری عەبباس دا خەسار کردبو. سەر چ سەر!, لە سەرێ هەتا خوار هەر سەر, لە هیچ سەرسەرایەکدا جێگای ئەو سەرە نەدەبووە. لە هەر شوێنێك عەبباسی لێ بوو, باس هەر باسی سەر بو. بە سەر دەستی پێ دەکرد و بە سەریش قوتار دەبو.
دەبا مامە عەزۆ بۆخۆی لە سوچێك دانیشێ و قوڕوقەپ بکا و زۆری گەزارە لێ نەکێشێ, ئێوەش بداتە دەستی عەبباس سەر زل.
سڵام عەبباس لە گشت براگەل و دۆست گەل ئازیز, ئەوە لە سەر خواستی مامە عەزۆ, چەند تیکەگەلێك لە حەکایەتی زنگیی خومتان بۆ تاریف ئەکەم, تا بزانن ئەم سەرە چۆن بووگەسە دەرد و مەینەت بۆ من, داستانی ئەم سەرە ساحێومردگە لە داستان گەلی هەزارو یەك شەو درێژترە. جا هەر لە بەر ئەوە گشت ئازیزگەل لە قسەکانم حاڵی بن, منیش بە زوان گشتمان, نە بە لەهجەی کورسانی قسە دەکەم.
دەڵێن سەری زل دەوڵەتە و قاچی زل مەینەتە! بۆ بێ بەختی زەمانە, من هەم سەرم زل بوو و هەمیش لاقم گەورە. جارێ باسی لاقم ناکم کە هەمیشە ئاخرین ژمارەی کەوش فرۆشی هی من بوو, ئێستا هەر کەمێك لە سەر سەرم دەڕۆم. باسی قاچەکەش بۆ وەختێکی تر. لەو رۆژەوەی فامم کردوە و چاوم پشکوتووە و زانیم سەر چیە و قاچ وقول چیە ژیانم لێ تاڵ بو. بووم بە سینەما و لە سەر سەرم دەسوڕام و بوومە پەند ومەسخەرەی رۆژگار. هێندەیان بە سەر دادام و لە پشت سەر و لە پێش سەر باسیان کردم, بۆخۆشم قەناعەتم بەوە هێنا, کە سەر زلم وئەوەش ناشاردرێتەوە. دەگەیشتمە هەر مەجلسێك بۆخۆم لە پێش دا باسی سەرم دەکرد ومەودام بە کەس نەدەدا. هێندە لەو کارەدا خیبرە ببووم دەتکوت, باسی کەسێکی دیکە دەکەم و ئەو سەرە بە لەشی منەوە نیە. لە وڵات و کۆمەڵی دواکەوتوو بەران هەتا رەنگی نەکەن نایناسنەوە.
زۆرجاران لە دایکم دەپرسی: دایە گیان پێم بڵێ من بەو سەرەوە چۆن لە دایك بووم! خۆ ئەو دەمە سزارین نەبو؟ دەیکوت: نازانم عەمرت نەمێنێ, بۆ پرسیاری لە دایکتی دەکەی!, وا دیارە هەر سەرت زل نیە کەر وگەوجیشی, سەر تەپکە گوێنی.
بەو جورە قەت جوابی دروست وحیسابیم وەرنەدەگرت. چوومە لای مەلای مزگەوتی گەرەکەکەشمان و لێم پرسی و وڵامی داوە: کار کاری حەق تەعالایە و موجادلەی تێدا نیە! پرسیم ماموستا ئەی بۆچی حەق تەعالا سەری تۆی وەك مەرمەڕ خڕ وجوان دروست کردوە؟ بە توڕەیی جوابی داوە: لە بەر ئەوەی تۆی جسنی سەگ بەو سەرەوەش, بە قەرا مامرێك عاقڵت نیە! وتم بۆ ماموستا مامریش عەقڵی هەس؟ وڵامی داوە: چوزانم تاعون, سەرت لە منیش شێواندوە, بڕۆ دەرێ لە ماڵی خودا. بە خۆی و مجێورەکە وەشوێنم کەوتن, لە کاتی هەڵاتندا ئاوڕم داوە و کوتم: ئەگەر ماڵی خودایە جەنابعالی لێرە چ دەکا؟! فیژاندی: من لێرەم بۆ ئەوی بیژۆێکی وەکو تۆ ئیرشاد بکەم! مەلا ساڵە بە جنێوفرۆش ناوبانگی هەبو. لەم قسانە بگوزەرێن, گوێ بگرن بۆ ئەم داستانە.
لە زەمانی شا کە تیمی فوتباڵی کلۆنی سنە زۆر ناوبانگی دەرکردبوو وتیمێکی بە هێز وتوانا بوو, لە زۆربەی شارە عەجەمەکانی ئێران تیمی فوتباڵی بانگهێشتن دەکرد, یەکێك لە وانە تیمی ماشێن سازی تاران بوو, کە بۆ خۆی ئەویش قەدر وقیمەتێکی هەبوو, تیمی پایتەخت بو.
من زۆر خۆشم لە فوتباڵ دەهات, ئەگەر ئەو سەرە نەبایە بۆخۆم فوتباڵیستێکی باش بوم. لە گەڕەکیش هەمیشە کە فوتباڵمان کایە دەکرد هەر دو تیمەکە لە سەر من شەڕیان بوو, کاری من گۆڵەبانی بو. سێ بەشی تۆپەکان یا لە سەرم دەدرا, یان بە سەر دەمگێڕاوە. بە راستی گۆڵ لە من کردن زەحمەت بوو, بە قەولی کوردی خۆشم دروشت ئەندام و کوردی چوارشانە بوم.
وەك هەمیشە کێ بەرکێی فوتباڵی سنە وتاران لە تاقە مەیدانی فوتباڵی سنە بو. بلیتان دەفروشت و بەلاش نەبو. ئێمەش منداڵی گەڕەك کە بە پێنج قڕانیمان دەکوت شاعەبباس, پوڵی ئەو بلیتەمان نەبو. بەڵێ منداڵی گەرەك کۆبووینەوە و وتمان:

ئەگەر دەستی پێکرد پاسەبان و ماسەبان نامێنن, لە نەردەکانەوە دەچینە ژورەوە. بەڵام نەردەکان زۆر نزیك لە یەك بوون و بەشەری پێدا نەدەچووە ژوورەوە. ڕەفیقێکمان کە باوکی ئاسنگەر بوو, میلەێکی هێنا بەشکو بتوانێ هێندێك مابینی نەردەکان هەراو کاتەوە.
لە نێوانی میلەکان کونێکیان دروست کردوو, بە زەحمەت یەکە یەکە چوونە ژوورەوە, منیان بە خاتری سەرم خستبوە ئاخرەوە. ئەو کونەش دروست پشتی دەروازەی ماشێن سازی تاران بو.
کاتێك نۆبەم هات کوتم, بەخوا برا زەحمەتە من لەو کونەوە بچم! کوتیان کوڕە وەرە ژوورەوە بەدبەختی سەرسەخت, فوتباڵی تاران سنەیە! دەتکوت هەتا ئێستا نەمدەزانی, غیرەتم هێنایە بەر خۆم و کوتم یا حەزرەتی غەوس ئاگادارم بە! سەرم بە هەر جۆرێك بێ لە نێوان میلەکان بردە ژوورەوە, هەردوو لای سەرم روشا, ئەوجار نۆبەی لەشم بوو, هەرچم کرد نەمتوانی بیبەمە ژوورەوە. لەو ماوەیەدا عالەمێکی زۆر بە کونەکەیان زانیوو, هاتبوون بچنە ژوورەوە. بەڵام من بەری کونم لێ گرتبون, زوو زوو دەیانکوت: ئابرا بچۆ ژوورەوە فوتباڵ دەستی پێکرد. هێندێکیان جنێویان دەدا. دۆستەکانم لە ژوورەوە سەریان دەکێشام, ئەوانیش لە دەرەوە پاڵیان بە قونم و لاقمەوە دەنا. چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەم نەبوو, ببوومە گونی قوڕ, تەحمولم نەمابو. لە سەر من شەڕ کەوتە دەستەی ژوورەوە و دەرەوە, هەر کێشان کێشان بوو, وەکو مشاری دوودەستە هەرکەسەو بۆ لای خۆی رادەکێشام. هاوارم دەکرد ودەمناڵاند, ئەی هاوار باوەحیزگەل کوشتیانم.
بەزمەکە خۆش ببوو, ئێستا ئیدی زۆربەی خەڵکەکە رویان کردبووە نمایشی من و قاقا پێدەکەنین. تەنانەت لە کاتی هێرشی تیمی سنە گۆڵەبانەکەی تارانیش ئاوڕی داوە و گۆڵێکی خوارد. یەك بەر هیچ بە نەفعی سنە. هەموو خەڵك چەپڵەیان لێ دەدا, هەم بۆ تیمی سنە وهەمیش بۆ من. منیش کە سەرم لە ژووری بوو, لەشم لە دەرەوە, لە ژوورەوە هاوارم دەکرد: زیندەباد کوڕگەل سنەیی, لە دەرەوەش چەپڵەم لێدەدا.
لەو رۆژەدا کە زۆر کەس تا ئێستا نەیان دەناسیم ئەوجار ئەو سەعادەتە نەسیبیان بو. گۆڵەبانی تاران لە ئافتامی هەوەڵ بە هەار و قیژەو بەزمی من سەری لێ شێواو سێ گۆڵی خوارد. لە ئافتامی دووهەمیش هیچ گوویکیان پێ نەخورا.
زیاتر لە دوو سەعات ئەوە حاڵم بوو, ئێستا کایە تەواو ببوو, هەموو خەڵکەکە لە دەوری من کۆببوونەوە و دەیانکوت: ئاغا عەبباس دەست مەریزاد, دەستت دەرد نەکات, گوڵ کاشتی برا, ئافەرین بە جەماڵت!
منیش وەکو قارەمانێك وڵامم دەداوە: ئافەرین وەجەماڵ خۆتان ئازیزگەل.
جەماعەتی دەرەوەش کە من باعیس ببووم نەچنە ژوورەوە, ئێستا کە سەننەج سێ,هیچ بردبویەوە رازی بوون و لەبیریان چووبووە.
پاسەبان هاتن و لە دوای ماوەیەك کابرایەکی جۆشکاریان هێناو سەریان نەجات دام. لە نەخۆشخانە هەموو سەریان باندپێچی کردبووم, وەکو حاجی لەك لەکەکەی کارتۆنی وال دیسنیم لێ هاتبو. خەڵکی گەڕەك ئێستا ناویان لێ نابووم, عەباس گۆڵ زەن.
مامە عەزۆ ( 2002/12/31 )

**قەیتانی کەوشەکانی ئاغای سەمەدی**

ئاغای سەمەدی شاگرد یەکەمی زانستگای تاران لە بەشی شیمی, ئێستا معەلیمی دەرسی شیمی لە فێرگەی ئەمیرخیزی تەوریز بو. لە تۆقی سەری هەتا بەری پێی فۆرمۆڵی کیمیا بوو, فەوتاوی دنیای شیمی ببو. بۆ هەموو شتێك فۆرمۆڵێکی شیمی دۆزی بووە,تەنانەت هەر کەس تفیشی کردبایە, ئاغای سەمەدی خێرا فۆرمۆلەکەی دەنووسی. هەر لەبەر ئەوەش باڵەخانەکەی دەربەست بە کرێ دابوو, قسەکردنی خۆماڵی نەدەزانی, نێو زاری پڕ بو لە ئەلکول متێلیك, ئەلکول ئێتیلیك, تێتانول و مێتانول,وەك پاڵاوگەی نەوتی ئابادان حەفتا هەزار کاڵای لێ دەهاتە دەرێ هیچیشی بای دوو قران نەبوو, بە راستی بۆنی نەوت و بێنزینی لێ دەهات هێندەی باس کردبو. شەرت دەبەستم شەمچەت پێوە نابا وەك فیشەك گڕی دەگرت. جا بەراستی فیشەکە شێتەیەکی تەواوبوو, ئەوەندەی زانا بوو, ئەوەندەش دڵ ناسك وکەم جیکلدانە, توڕە دەبوو جا هەڵدەچوو, ئاگری دەگرت و وەحەوا دەکەوت, هیچ راکێتێکی ئەمریکیش ئەوەندە بردی نەبو.

کابرایەکی گەڵەگەت وکز وباریك, توکە سەرە ماش وبرینجیەکەی وەکوو تووکی سەری ئەنیشتەین درێژ و ئاڵۆزو هەزار ویەك لا بو. گۆنەکانی قوپابوون, چاوی لە ڕەنگی چاوی مەڕی منادارەوەبوو بوو, هەر ئەوەش روخساری زۆر فەقیرانە نیشان دەداو ئینسان بە زەوی پێداداەهات.

بەڵام شاگردەکانی بەناوبانگترین فێرگەی تەوریز ئەوەیان نەدەزانی, هەموویان تاعون بوون و بە کەیفی خۆیان ئازاریان دەدا.

نازانم ئیدارەی بارهێنان وپەروەردە بۆ لە کۆڵ ئاغای سەمەدی بێچارە نەدەبووە و هەر مەجبوری دەکرد دەرس بڵێتەوە.!

ئاغای سەمەدی بەیانی سەعات هەشت دەهات و چواری ئێوارە دەڕویشتەوە. بەرنامەی نەدەزانی و قەت نەیدەزانی لە کوێ دەرس دەڵێتەوە, هەر بۆیەش تەواوی رۆژ دەرسی دەکوتەوە, بۆی فەرقی نەدەکرد لە کوێ, هەموو کەلاسەکان

ئەوەیان دەزانی, بۆ وێنە «موبسیری» کەلاسی سومی A دەیکوت« ئاغای سەمەدی فەرموو ئەو زەنگە ئێمە شیمی مان هەیە» ئاغای سەمەدی سەری دادەخست و یەکسەر دەرۆیشت. هەنگاوەکانی گەورەو هەمووی بە قەد یەك بوون, قەیتانی کەوشەکانی بەشی سێ جوت کەوشی دەکرد, هەر یەکەو دە گرێی لێ دابوو, ئێستا بستێك قەیتان لەو بەرو بەری کەوشەکەی جولانەیان دەکرد و سەمایان دەکرد.

لە دوای نیو سەعات ئاغای مودیر دەهات و دەیکوت« ئاغای سەمەدی لێرە چی دەکەی؟ ئەتۆ لە کەلاسی دووەمی B دەرست هەیە, وامزانی نەهاتویەوە خەریك بوو منداڵەکان مەرەخەس کەم بۆ ماڵەوە.» زۆرجار ئەوە رووی دەدا بە بۆنەی نەبوونی ماموستا کلاسیان بەڕەڵا دەکرد.

ئاغای سەمەدی بە سەرراوەشاندێك دەیکوت ئەوە دێم. دەرگای پێوە دەدا, دەندەی دەگوڕێ و دەیخستە دەندە پێنج و گازی دەدایە, لەو سەر بۆ ئەو سەری ژوورەکە دەهات و دەچوو جنێوی دەدا. جنێوەکانیش هەمووی وەك فۆرمۆلی شیمی درێژ درێژ بوون قەت تەواو نەدەبوون, ئەو جنێوانەم هەتا ئەورۆ لە هیچ ئینسانێکی دیکە نەبیستوە, بە راستی ئەوەندە خۆش بوو ئینسانی وە پێکەنین دەخست, کە پێدەکەنین ئەوەندەی دیکە ئاورەکە خۆش دەبوو, گڕی لێ هەڵدەستا.

سەردەمای هێرشی سەربازی سەدام و داگیرکردنی بەشێك لە خاکی ئێران بوو, میگەکانی سەدام زۆر جار شاری تەورێزیان بۆمباران دەکرد.

ئاغای سەمەدی ئاوای جنێوباران دەکردین:

ئێوە هەمووتان بەچکەی شەیتانن, تاعوونن, مەوجودێکی زائیدن, لە نێو فۆرمۆلێکی شیمیدا جێگاتان نابێتەوە! خودایە! خودایە! چاردە میگی سەدامی یەزید بێ و چاردە هەزار راکێت بە سەر فێرگەی ئەمیرخیزی دا بدات, ئیشاڵا هەر یەکەو راکێتێکتان وەبەر دەکەوێ, پێدەکەنن! پێبکەنن, هەمووی دەڵێن جندۆکەن! ئاخر نازان دەرسی شیمی بەو هەموفۆرمۆلەوە بۆ ئێوەی کەر وگا بۆ دەبێ!

دەچوو بۆ بەر پەنجەرەکە و چاوی لە ئاسمان دەکرد ودەستی هەڵدێنا و دەیکوت« سەدام یەزیدی کافر, ئەگەر شەرەفت هەیە 14 میگ بنێرە سەر ئەو مەدرەسەیە, ئەوانە هەمووی دوژمنن, دوژمن لێرەیە, ئاخر سەگ باب چکارت بە پاڵاوگەی نەوتی تەورێزداوە؟ دەگەڕاوە و دەیکوت«تازە قەت دەرس بە ئێوە ناڵێم, یاڕەبی یەکە یەکە وەبەر میگ بکەون و بتۆپن, هەی تاعونەکان.» بەزم بەزمی قەیتانەکان بوو, هەموو گرێکانیان کرابووە, دەهاتن ودەچون مەگەر خودا بزانێ, دوو بست خۆیان هەڵداویشت, سەرچۆپیان گرتبوو, چەپی وگەڕانەوە هەڵدەپەرین. تەواوی کەلاس چاویان بڕیبووە قەیتانەکان و پێدەکەنین, هەتا ئاغای سەمەدی بێنزینی تەواو بو.

مودیری مەدەرسە لە پشت درگا چاوەروانی دەکرد, قەت نەیدەوێرا لە وەختی وادا بێتە ژوورەوە, چوار مانگ بەو جۆرە هات وچوو,مەدرەسە, شەڕی ئێران وعێراقی لەبیربردبووینەوە. لەپڕ کوتیان ئاغای سەمەدی ئێتر نایا, نەخوشە و دەرسی پێناکوترێ. ئیدارەی فێربوون و بارهێنان خانەنشینی بۆ بڕیوەتەوە. ئێتر نەمانزانی ئاغای سەمەدی چی بەسەر هات.

تێبینی: لەیەکەمین هێرش بۆ سەر تەورێز 14 میگی سەدام هاتنە سەر ئەوشارەو بۆمبارانیان کردو دیواری سەوتیان شکاند. ئاغای سەمەدی ئەوەی هەر لەبیر نەدەچووە.

## جیمزباند و دووپشکی ڕەشی ئێران

ماوەی چل ساڵە سناریوی فیلمێك بە ناوی جیمزباند لە بریتانیای گەورە دەنووسرێ. کاکڵی چیرۆکی ئەو فیلمە شەیتانی وشۆفاری کردنە! هەتا وڵاتی سۆڤیەتیستان مابوو ئەو سوپرمەنە, بە هەزار و یەك سەرو تەرحی جۆراجۆر خۆی دەگۆڕی و دەچوو نەخشەی دوژمنی پووچەڵ دەکردو هەزار ویەك فیشەکیان پێوەدەنا هیچی لێ نەدەهات وەکوو پشیلە(کە حەزرەتی محەمەد دەستی بە سەر پشتی دا هێناوە) قەت پشتی لە عەرز نەدەکەوت, هەڵبەت لەوانەیە مەلەکەی ئینگلستان کووپەی لە پشتی گرتبێ! ئەو عەجوزە پیرەی سیاسەت و ئیستعمار, جیمزباندی لە بەرچاوی خەڵك وا شیرین کردوە و بە مافی رەوای ئینگلیسی دەزانێ کە شەیتانی و شۆفاری بکات! ئەو نێرەکەرە وەك خیزوخۆڵ بنیادەم دەکوژێ و بینەر چەپڵەی بۆ لێ دەدا, هەمووجارێك بە مودێرنترین وتازەترین تەکنیکی بەدکاری و سیخوری تەیار دەکرێ وەك ئەوە بەتاڵی دەوری قاوغی سەعاتەکەی دەتوانێ خەڵك بخنکێنێ, هەروەها هەمووکاتێك ماشێنێك کە راکێت و بۆمبی لە سەرە و هەزار قەلە ودەلەی هەیە و لە هێچکۆ پەیدا نابێ غەیری بازاری شەڕ وفیتنە هەڵاهیسنی ئەنگەل ستان, لە خزمەتی دایە. نازانم بۆکێی دەگێرمەوە خۆ هەمووتان لە مامەی چاتر دەناسن! مەگەر ئەوانەی وا ئێستا قاچیان نەگرتووە وچاویان نەپوشکووتوە! لە دوای رووخان و تێکقرمانی کۆشکی بریقەدار وچاوترسێنی سۆڤێەت, ئەوجار دەربەدەر دەگەڕان

دوژمنێك بدۆزنەوە. چینی كۆمۆنیستی چاوقاشولكەی زەرد هەڵگەڕاویان كردە نیشانە, ئەو كەڕەت نۆبەی ئەوان بوو كە قەڵسەیان پێ بگێڕن و شەڕیان پێ بفرۆشن. ئەو جیمزباندە كچ خنكێنەی باڵابەرزەی خوێن شیرینە, هەموجارێك دەگۆڕدرێ, لە سەرەتا شۆن كانری, راجێرمۆر ئێستاش گوێرەكەیەكی پاڵاودراوی هالیوود كە ناوی خۆی زۆر گرینگ نیە بۆتە جیمزباند. زلهێزەكان بۆ بەقاپێكردنی كارە چەپەڵەكانیان, لە پێشدا حەقایەتەكە بە هەزار جۆر دەخەنە مێشكی خەڵكەكەوە, هەتاكو هاسان وتاڵان بتوانن وەكو ئەفغانستان چەند مانگی تەواو خەڵك بۆمباران بكەن وزیاتر لە دەهەزار كەس بكوژن! چار نیە لەشكر, لەشكری رزگاریكەرە؟؟!! ئەوجا نۆرەی كوریای باكور, كوبا, هۆنگ كۆنگە هات بۆ قەڵسەگێڕان! "هێلی كۆپتەرەكە دەنیشێ, كابرایەكی كەڵەگەتی خۆش قەدوباڵا دێتە خوارێ, كیفێكی موهەندیسی بە دەستەوەیە چەند كەسێك هاتوون بۆ پێشوازی, ناگاتە خوارەوە دوو زەلام شاڵاوی بۆ دەبن و قونە دەمانچەیەكی لە سەری دەكوتن و بێ هۆش دەیخەن. جیمزباند دێ و كیفەكە هەڵدەگرێ و چاویلكەی كابراش لە چاوی دەكا و سواری هێلی كۆپتێرەكە دەبێ! جیمزباند كیفەكە دەكاتەوە, پڕە لە ئەڵماسی ورد كە لە ناوتورەكەی گچكەدا جێگا كراوەتەوە. چاویان لێ دەكاو دەریان دەهێنێ, بۆمبێكی چكۆلانە دەخاتە تەختی كیفەكە و دیسانەوە ئەڵماسەكان وەكو خۆیان لە سەر جێگای پێشو تاقەت دەكات!,,, ,, ئێرە كوریای باكورە, شوێنێكی بەستراو و قەدەغەی سەربازی. كوڕی ژنرالێكی بە ناوبانگ دێتە پێشوازی میوانە تەقەلوبیەكە. كیفی ئەڵماسەكە وەردەگرێ و دەڵێ بپیشكنن. جاسوسێكی وریا بە تەلەفونە دەستییەكەی وێنەی جیمزباند دەگرێ هەتا بزانن كابرای تەرەفیانە؟ دوای ماوەیەك بە مۆبیلەكە خەبەر دەدەن: ئەوە جیمزباند جاسوسی ئینگلیسە. دەیانەوێ جیمزباند بگرن, جیمزباند تاڵی دەوری سەعاتەكەی دەسوڕێنێ و ژمارەیەك لێ دەدا, كیفەكە دەتەقێتەوە زۆر كەس دەكوژرێن. بە كورتی دوای كوشت وكوشتارێكی زۆر جیمزباند دەگرن و لە زیندانی دەخەن. لە زیندان, دەبێ بە هەرجورێك هەیە جیمزباند وە قسان بخەن و باس و خەبەری لێوەرگرن, چۆن ئەشكەنجەی بدەن باشە؟ عەجایبی واتان نەدیوە ونەبیستوە!! دووپشكی ڕەشی ئێران باشترین شتە! زیادە لە حەوسەد كەس دانیشتووانی ناو هۆڵی سینەما, تەنیا مامە عەزۆكوتی: واو! ئاخر بڵێم چی سەرم سوڕمابوو, ئەو شیعرە فارسییە هات بە مێشكمدا: هر دم از این باغ بەری میرسد تازەتر از تازەتری میرسد ,, پێویست ناكات وەریگێڕم بۆخۆتان لە مامە باشتر فارسی دەزانن, بەرادەرانی باشوریش لە ئێمە باشتر فارسیەكە فێربوون!! ماڵت نەشێوێ, مامە عەزۆ سەری لە كاروباری ئەم جمبوریە ماسیوە! ئاخر بێژم چە؟ وام دەزانی جەمبوری ئێران, پستە و فندق وحیزبواڵاو گەزو مازو و بەرگن و ئینقلاب, بەڕە و مافورە بۆ دەرەوەی وڵات سادر(بەڕێ) دەكات!! چوزانم ئەوانە دووپشكی ڕەشیش سادر دەكەن؟ هەڵبەت مامە خەبەری نیە دووپشكی زەرد یا دەمارەكۆڵ بۆ كوێ بەڕێ دەكرێ! هەی نەگەییت كەڵە! سەرێكی بۆخۆت لە ناو سەرانی بێ سەردا!! ئەرێ كوڕینە دەبێ سەرۆكی پرورەشی دووپشك و دەمارەكۆڵ لە ئێران دەبێ كێ بێت؟؟ ئایا دەیانەوێت وەزارەتێكیش بۆئەو كارە تەرخان بكەن؟ وەكوو وەزارەتی دووپشك و پێوەدان؟! تۆ بڵێی لە كوردستانیش دەزگای ئەم وەزارەتە هەبێ؟ بە یەقین! ئەو هەمو جاشە دووپشك و دەمارەكۆڵیان پێ نەگرن ئەی بۆچی باشن????????? مامە عەزۆ دەزانێ دووپشكی ڕەشی چكۆلانەی كوردستان ئەگەر پێوە بدات تەگەری(تایەر) كەڵ وگامێش وەحەوا دەخات و لە ئیسپانیا دەیاننیشێنێتەوە, نەخوازە بەشەر!(6.12.2002)

*تێبینی:* 1- بۆ یەكەمجار كەنیشكێكی فرە زەریف و قەشەنگی رەشی ئەمریكاتیی قوڵ لە قوڵی جیمزباند خەریكی خەڵك كوشتنە, ئەوەش بۆئەوەی مێشكی خەڵكی ئوروپا و ئەمریكا ئامادە بكەن بۆ سناریو تازەكانیان! 2- هەربینا ئەمریكا لە دوای ئەوەی بەروبوخچەی سەدامی فرێ دا, بڵێ: خەتەری دوپشكی رەش و دەمارەكۆڵ هەڕەشە لە ژیانی میللەتی ئاشتیخواز وبافەرهەنگی ئەمریكا دەكات!! ئیجازە لە نەتەوەیەكگرتووەكان دەخوازێ بۆ قڕكردن وسڕكردنی دوپشك بە سەر ئێراندا بدات. جابۆیە لە ئێستاوە دەبێ جەمبوری ئاماری دوپشكی رەش و زەردی خۆی بۆ كۆمەڵەی قڕتێكەوتوەكانی دنیا بنێرێ!

## بووش و سەدام، ئامریكا و عێراق

### پێشەكی

*سەدام حوسێن سەرداری قادسیە و شەڕەكانی تر, ئێستا لە زیندانێک دایە كە ئەمریكاییەكان چاوەدێری دەكەن. مامە ناوی زیندانەكەی ناوە " ئەبو شەریف". لە بەر ئەوەی زیندانبانەكانی شەریفن و شەرەفی ئامریكایان لە عێراق پاراستووە.*
*سەدام لە هۆدەیەكی سێ لە چوار گەزیدا دەژی كە هەواكەی بە دەزگا پاقژ دەكرێتەوە. سەرۆک رۆژانە لە باخەكەیدا خەریكی باخەوانیە. دوكتورەكان دەڵێن لەشی ساخە و تەنیا مێشكی سەری شتێكی سەیری تێدایە كە دەبێتە هۆی كوشتنی.*
*سەدام ئالودەی شیرینی ئەمریكایی بووە و دەڵێ:" شیرینی ئەو سەگبابە ئامریكاییانە زۆر خۆشە". سەرۆكی شیرینی خۆر رادیۆ و تەلەوزیۆنی نیە و رۆژنامەی ناگاتە دەستی. بەڵام هەر چەند پێی خۆش بێت دەتوانێ كتێب بخوێنێتەوە. سەدام ئەو قورئانە دەخوێنێتەوە كە پادشای عەرەبستان بۆی ناردووە. جەنابی وەک خومەینی سەرۆكی پێشووی ئێران شیعران دەنووسێ. ئاغای دیكتاتۆر دڵسەرد و بێ تاقەتە و دەفەرموێ: " ئەگەر ریشم بگاتە بەر گونانم بە تیغی ئامریكایی نایتاشم"*
(28.07.2004)

### سەدام و توری فەرەنگی

سەدام لە بەر دەرگای تالاری زیندانەکەی لە سووچێکی باخچەکەی ڕۆنیشتووە و چاوی بڕیوەتە گەڵا تورەکان و لە بەر خۆیەوە وڕینە دەکات:" تۆ بڵێی توری سپی بن یان توری سوور؟! ئەو سەگبابانە تۆوی توری فەرەنگیان داومەتێ و بە یەقین سوور دەردێ. شەرت بێ نەهێڵم بگەنێ و هەموو تێخوڵیان لێ دەکەمەوە و نێو دڵیان هەڵدەکۆڵم." لەم هەڕەشە لێکردنەدا بوو کە مێرولەیەکی سەر سوور بە پەلە دەچێتە سەر قاچی چەپی و بە هەموو هێز و قووەتی خۆیەوە گازێکی لێدەگرێ. سەدام هاواری لێ هەڵدەستێ و دەڵێ:" واللە لهە ئەز بەحەکوم" بە دوو قامک سەرتەپکی میرولەکە دەگرێ و لە سەر لپی دەستی چەپی دایدەنێ و بە توڕەیەوە بە سەریدا دەگوڕێنێ:" کەلبی بنی کەلب" بێت و نەبێت تۆ ئەمریکایی؟!"
مێرولەکە بە عەرەبیەکی قورئانی وەجواب دێت:" یا قاعدی عەرەب وسەرداری قادسیە ئەلسەلام و عەلێکم"
سەدام: سەلام و قوزلقورت. حەوت ملیۆن عەرەب لە بەغدایە بۆ هاتووی قاچی من دەگەزی؟
مێرولە: " قوربان, بابم بە قوربانت بێت من لە خۆتانم خەڵکی فەلوجەم و لە پاشای مێرولەکانەوە خەبەرم بۆ هێناوی.
سەدام: خەبەری چی؟ و پاشای چی؟ بۆ پاشا ماوە؟
مێرولە: قوربان ژێر عەرز پڕە لە پاشا.
سەدام: زوو قسەکەت بکە و بڕۆ کارم هەیە, دەبێ تورەکان ئاو دەم و نۆژەکەم بکەم.
میرولە: قوربان هاتووم رزگارت کەم لەو زیندانە.
سەدام: ئێرە زیندانی ئامریکایە, پێم بڵێ چۆن خۆت گەیاندۆتە ئێرە؟
مێرولە: لەو ڕۆژەوە کە جەنابت گیراوی بە ڕێوەم. پێش حەوتوویەک گەیشتمە ئێرە.
سەدام: ئەو حەوتووە لە کوێ بووی؟
مێرولە: لە لای ئەمریکاییەکان بووم, ئینگلیزی دەزانم. هەزار وێنەیان لێگرتم. هەموو ڕۆژێکیش دووپشکی ڕەشی ئێرانیان دەرخوارد داوم, بۆ ئەوەی هەموو گیانم ببێتە ژەهر و کاتی گاز لێگرتن بچێتە لەشی جەنابتەوە.
سەدام پڕ دەداتە قورقورۆچکەی و دەیەوێ بیخنکێنێ. مێرولە لە ترسان دوو باڵی تەنکی لێ ڕوا و کەوتە باڵ لێدان. سەدام ترسا و لای وا بوو ئەوە مێرولەی" مێد ئین ئامریکایە". مێرولە کەوتە خوار و فرمێسکی رژایە سەر عەرز و گەڵا تورێکی لێ شین بو. سەدام مێرولەکە دەگرێ و لە سەر لپی دەستە راستی خۆی دایدەنێ.
مێرولە: قوربان من وەک شەمچەی بێ خەتەری تەورێز وام و جەنابت نیگەرانی گیانی خۆت مەبە. لەو زیندانەی کە منی لێ بووم ماستی هەولێریان دەرخوارد داوم. ماستی هەولێر دژی ژەهری دووپشکی ڕەشی ئێرانە و ئەمریکاییەکان ئەوە نازانن. شفتەی سولەیمانیشیان دەرخوارد داوم ئەویش دژی ژەهری دووپشکی سوورە.
سەدام لە خۆشیان مێرولەکە ماچ دەکا, بەڵام مێرولە لە کەلێنی ددانی دەگیرێ و دەبێتە دوو کوتەوە. ویستی بۆ شوێنە وون کردن قوتی دات بۆ ئەوە ئەمریکاییەکان پێی نەزانن. مێرولە لە قورگی گیرا, سەدام هەموو هێزی خۆی لە قورگیدا کۆ کردەوە و تفی فرێ دا. تف کەوتە سەر گەڵا تورەکە و ملی لار کردەوە.
سەدام دەستی بە ردێنی داهێنا و چڵێکی بە دوو قامک گرت و پێچی داو لە بن ڕا دەریکێشا. چرچ و لۆچێک ناوچاونی داگرت و نەما.
چاوێکی بە باخچەکەیدا گێڕا, زرینگەیەک لە مێشکیەوە هات. " تور دەچێنم!" وە بیری هاتەوە کە ئەوە یەکەم جارە لە ژیانیدا شتێک دەچێنێ کە بۆنی ژیانی لێ بێ. قاچی چەپی سەدام وردە وردە هەڵماسی.

**سەدام زوڕنا لە کام سەریەوە لێدەدا؟**

ئەم ڕۆژانە هەر کەس ئاگای لە دەنگ و باس بێ, چاوی بە داراسینگەکەی بەغدا دەکەوێ, کە دیسان لە خووز هاتۆتە دەرێ و تفەنگێکی «گیان بێزار» بەدەستەوە و هاوار دەکا: ,, لەبەیك یا ئومەتی عێراق, لەبەیك یا ئومەتی بەغدا, لەبەیك!!,,!
تەلەوزیونە دیموکراتەکانی دنیا کە ئەو بەزمەیان پێخۆشە یەك بە دوای یەك دا باسی هەڵبژاردنی سەدام و سەدامی سەد دەر سەد هەڵبژێردراودەکەن. بە راستی چ خەبەرە؟؟
مامە عەزۆ پێیوایە ئەو ماستە موویەکی تێدایە, یان هەمووی مووە و هێندێك ماستیان بەسەرداکردووە. ئەوەندەی بزانم ژمارەی حەوت 7 لە زۆربەی ئایین و مەزەب وکولتورەکانی کۆندا هەبووە و هەتا ئەمرۆش ماوە, بۆوێنە, حەوت تەبەقی ئاسمان, حەوت تەبەقی عەرزی, حەوت خوانی رۆستەم, حەوت سین, حەوتە بیجار, حەوتوو و زۆر حەوتی دیکە!
بەڵام ئەو حەوتەی سەددام, کە بۆخۆی داینا‌وە و هەر حەوت ساڵ جارێك لە قەرەنتینە بۆی دێتە دەرێ و ورچ و لۆتی بۆ خەڵك هەڵدەپەڕێنە و زۆڕنایان بۆ لێدەدا, فەرقی زۆرە و سرنج راکێشە!! هەڵبەت بۆ ئەوانەی دەنگی زۆڕنایان پێخۆشە!!
سەددام بۆچی هەر حەوت ساڵ جارێك شمشیرەکەی بە خوێنی قامکی خەڵکی عێراق دەمەزەرد دەکاتەوە و شاباشی خۆی دەدات و حەوت ساڵی دیکە لە سەر زگی خەڵکی عێراق هەڵدەپەڕێ. بەراستی خەڵکی دەرمان داوکردوە؟ یان خەڵکیش خۆیان ئەو گۆڵمەزەیان پێخۆشە؟!
برتولێت بریشتی ئاڵمانی لە شیعرێکی دا بە ناوی رێفراندۆم دەڵێ:
«چاو لێکەن خەڵك دەچن بۆ هەڵبژاردن, دەچن هەتا جەلادی خۆیان هەڵبژێرن.»
ئایا لە عێراقیش هەر ئەو چیرۆکەیە؟ بەڵام بەزمانی عەرەبی!

ئەوەندەی مامە عەزۆ ئاگادارە, لەوەتی سەددام بۆتە مەلیك, وشەی «لا» لە ژیانی کۆمەڵگای عێراق و ئەدەبیاتی میللەتەکەدا بۆ هەمیشە لاچووە و سڕراوەتەوە و لە جیاتیان «نەعەم» جێگای گرتۆتەوە و بۆ چاك و خراپ و پیس وپاك هەر نەعەمە وهەر نەعەمە و نەعەم.
بە هەزاران کەس لە سەر وشەی «لا» لابەلا بوون و بەلادا کەوتوون وژیانیان لە دەست داوە. وڵامی «لا» لە ئایین وکرداری بێ بەزییانەی سەددام تەنیا مەرگە ونەمان, بە دەیان ساڵە خۆڵی مەرگ بڵاودەکاتەوە و مردن دادەچێنێ. کەس هەیە لە سەر گۆی ئەو زەوییە ئاگای لە تاوانەکانی ئەو هەژدیها حەوت سەرە نەبێ!؟
سەددام هەر حەوت ساڵ جارێك دێ وخەڵك هەڵدەبژێرێ, خەڵك هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی قوربانیان کا, روح وگیانیان بکێشێ وخوێنیان لە شوشە کا, دەنا هەژدیهاکانی سەر شانی, سەری خۆی دەقرتێنن.
ئێستاش کە کابرایێکی «جامبۆ»لەو سەری دونیاوە هاتووە وشوژن بە لوتی ئەو دێوە زمەیەدا بکات, دیسان راست بۆتەوە و هەڵدەپەڕێ و خەڵك بەزۆر هەڵدەپەڕێنێ و زۆڕنا لێدەدا, بەڵام لە سەرە گەورەکەیەوە!!

**سەدام و جاچکەی کوردی!**

*سەدام گوتویەتی: بنێشتی کوردیم بیستووە ودیومە, بەڵام دەوڵەتی کوردیم نەبیستووە ونەمدیوە!!*

ماوەیەکە داگیرکەران و دراوسێ ناپاکەکانمان وە نزگەرە کەوتون و هێڵنج ئەدەن و دەرشێنەوە! هەڵبەت هۆی رشانەوە, خواردنی ناپاك وژەهراوی نیە! بەڵکو بیروگومانی ناپاك و ژەهراویە کە هەمیشە بەرانبەر بە ئێمە هەیان بووە و لە گەڵیانە. ئەورۆژانە دەهوڵ وزۆرنا لێ ئەدەن و ورچ و لۆتی یان وەرێ خستووە وجاردەدەن: ,, ئێمە دژی لەت و کوت کردنی خاکی پاکی عێراقین و لە گەڵ دەوڵەت و فیدرالیزم و هەرچی بەناوی کوردەوە بێ موخالیفین و دژی قازانج و بەرژەوەندی ئێمەیە. دەوڵەتی تورك وەك هەمیشە بە ئاشکرا و ئەوانی دیکەش بە دزی و فزی هەر ئەو خەتە دەپێون, وەك جەمبوری ئێران کە بەلۆکە سەرمان دەبڕێ و بە چلەوکەباب فریومان دەدا! دەیجا باشە کورد ئەمرۆکە چی بکاو چی بڵێ کە بەقازانجی بێ؟؟ ئایا بێ دەنگ بێ وراوەستێ, هەتا وەکو جاری جاران, دوژمن چارەنووسی بۆ بنووسێ؟؟ یان ئازایانە و بێ هیچ پێچ و پەنایەك قسەی دڵی خۆی دەربڕێ؟! ئەوە بۆ, ئەگەر کورد باسی دەوڵەت و سەربەخۆیی بکا, باسی سەرە و, بەردمان بە دیواری کەعبە داداوە و کافر بووین و دەبێ لە بەرچاوی حالەمی دونیا سەنگەسەرمان کەن؟! ئەوە «بقەیە» حەقمان نیە باسی بکەین! جارێ وەختی نەهاتووە! هەر ئەو قسەیەی بە شێخ مەحمود و قازی و مەلا مستەفا و ئەوانی دیکەیان دەکوت! هەتا کەنگێ لە نێو کولەکەدا بانگ بدەین و قسەی دڵی خۆمان بخوین و دردۆنگ بین. بۆ حەزرەتی عونبەرێك نەبوو,شەقێك لەو کولەکەیدا و بانگی ئاشکرامان بۆ بدات! خۆزگە بە خۆزگەی ئەو دونیایە یەك جار بۆ هەمیشە بە خۆمان و خەڵکی دونیامان بکوتبایە, چی مان دەوێ و بۆچی هەوڵ دەدەین! خۆزگە!!(4.11.2002)

خوێنەری خۆشەویست!

لە بەر ئەوەی لە کۆشکی سپی خەریکی سواخکاری و سپیکاری بوون, بە ناچار لە قاوەخانەکەی گەڕەکی پشت ماڵان لە واشینگتۆن ئەو وتووێژ لە گەڵ بەرێز ماموستا جورج بوش سازکراوە.
ئەو وتووێژ زۆر دور و درێژ بوو, بۆ ئەوەی تاقەتی جەنابتان نەچێ و ژانە سەر نەگرن, ئەو جێگایانەمان کورت کردۆتەوە کە بە قازنجی خۆم و ماڵپەڕی رۆژ هەڵات و بۆکان نەبوون. وەک ئەمەکداری رۆژنامەوانی سەرجەم وتووێژەکە لای خۆم ڕادەگرم هەتا مفع دەبێتەوە. یاهۆ

**وتوێژ لە گەڵ بەرێز سەرکۆماری ئەمریکا جورج دابڵیو بوش(1)**

عەزۆ : زۆر بەخێر هاتی جەنابی سەرۆک
جۆرج : تانکیوو وێری ماچ
عەزۆ : پێم وانیە پێویست بێت خۆت بناسی
جۆرج : ناوم جورجە و لە گەڵ باوکم شۆرتمان بووشە, من دابلیوم هەیە و ئەو نییەتی
عەزۆ : گیا لە سەر بنجی خۆی شین دەبێ
جۆرج : حاڵی نەبووم
عەزۆ : بۆ بێدەنگی و خۆت وەشاردووە, خۆت لە چی مات داوە؟
جۆرج : خەریکی کۆکردنەوەی دەنگم
عەزۆ : چاوبەستن و گوێ پروسکێنەی سەرکۆماری
جۆرج : خەڵک دەبێ هەڵمبژێرن تاقەتی کاری دیکەم نیە
عەزۆ : لە لای ئێمە بە پێچەوانەیە, حیزبەکان خەڵک هەڵدەبژێرن و لەت وکوتیان دەکەن

جۆرج : ئێوە هەموو شتتان بە پێچەوانەی خەڵکی دنیایە.شۆرباوەکەتان خەستە و
کەس نیە بۆتان تێکووشێ
عەزۆ : ئەوە بە خۆمان مەربووتە, لە سەرێکێشەوە هێند لە مێژە دەوڵەتمان نەبووە
پێمان خۆشە لە هەر شارێک دەوڵەتمان هەبێ
جۆرج : هەروا بیر دەکەنەوە بۆیە حاڵتان واباشە. سەرتان لە ئێمەش شێواندووە,
دەچینە هەولێر دەبین بە پارتی, دەچین بۆ سولەیمانی دەبین بە یەکەتی,
دەچین بۆ ئامێد...
عەزۆ : ئەو دەچین دەچینەت لە چیە؟! وەڵامی پرسیارەکانم بدەوە, چاکت کردۆتە
بازاری خۆت
جۆرج : تۆ پرسیار ناکەی حەقایەتم بۆ دەڵێی, وەختم نیە, هەزار کار و بەدبەختیم
هەیە
عەزۆ : باشە خۆتمان لێ قەڵس مەکە, خووی کۆنە و فێرنەبووین بێژین چیمان دەوێ
جۆرج : چیتان دەوێ؟ قسەتان بکەن بە یەک و ئەوجا گلەیی لە خەڵک بکەن
عەزۆ : نازانم من هاتووم لە گەڵ تۆ وتوێژ بکەم یان جەنابت لە گەڵ من, وەڵا عەسڵ!
تۆ چکارت بە مەسەلەی ناوخۆی ئێمە داوە؟ بزانە من دەڵێم بۆ خەڵکی
ئامریکا تۆیان هەڵبژاردوە, بنیادم قاتی بوو؟
جۆرج : خەڵکی ئەمریکا هەڵیان بژاردوم چونکو دەزانن بیرو ڕای ئەوان دەپارێزم,
ئەوان بەرنامەی حیزبەکەمیان قەبوڵە, بەڵێ لە ئامریکا بنیادم قاتیە.
عەزۆ : ئەگەر حیزبەکەتیان قەبوڵە ئەو هەموو فیلم و سینەما و ئاکروباتە چیە
دەریدێنی؟
جۆرج : فیلم و سینەمای چی! دەمانەوێ بە خەڵک بڵێین کە لە من پیاوتریان گیر
ناکەوێ
عەزۆ : ئەگە سینەما نیە, بۆچی لە نیۆیورک ئارنوڵد شوارتز نێگر پاڵەوان بازیت بۆ
دەکات و ترمیناتور نیشان دەدات. ئەوە چیە خۆترێنەیە یان خەڵک ترێنە؟
جۆرج : میستر عەزۆ جەنابت بایی قرانێک لە دێموکراسی ناگەی, ئەو کابرایە
پەنابەرە, بەڵام ئێستا کردومانەتە شای یەک لە گەورەترین ئەیالەتەکانی
ئامریکا واتە "گوانێرە"
عەزۆ : کارم نەداوە گویا نیرە یان مێوە, ئەو دەهوڵ و زورناو چەقڵە سەمایەی پێ
ناوێ, چوار ساڵە گۆپالت بە دەستەوە, خەڵک خۆت و بابت دەناسێ
جۆرج : حەک رەحمەت لە بابت میستر عەزۆ, ئای ئێم وێری هەپی, وێری هەپی,
کسەکانت وێری خۆشە.
عەزۆ : رەحمەت لە بابی بابی خۆت, بۆ پێت وایە من جۆک و قسەی قۆڕ دڵێم
جۆرج : ئەوەش پێوستە, ئەرێ ئاوتان هەیە تونیمە گەروم وشک بووە.
عەزۆ : ئاومان نیە لەوەتی بووینە هاوپەیمانی ئەمریکا هەر کۆکاکۆلا دەخوین
جۆرج : کۆکاکۆلای لایت هەیە؟
عەزۆ : بەو نوێژی نیوەڕۆیە لایتت بۆچیە؟(لایت >چراگاز)
جۆرج : بەبە, ئەو کۆلایە تامی زۆر خۆشە, ساختی کوێیە؟
عەزۆ : ساختی هەولێرە, حاجی"سەید"یش تفی تێکردووە.
جۆرج : برابۆ  هەولێر, براوا حاجی سەید
عەزۆ : جورج دەزانی ئێمەش کەرێکمان هەیە ناوی"ئارنۆڵدە"
جۆرج : مبارکە ئینگلیسی دەزانێ؟
عەزۆ : وەک بینی ئاو, لە ئینگلستان دەرس دەخوێنێ, خەریکی تێزی دوکتورایە
جۆرج : تێزەکەی چیە؟
عەزۆ : جاش و جاشولە و سەرچاوە مێژووییەکان
جۆرج : ئافەرم, شتێکی باشی هەڵبژاردوە
عەزۆ : ئافەریم بۆخۆشت, هەروەخت پێت خۆش بوو, دەنێرم بێتە خزمەتت, ئەوەش
ژمارە تەلەفونەکەی: ..........
جۆرج : خزمەت لە ئێمەوە. ئارنۆڵد پەنابەرە یان پاسی ئینگلیسی هەیە؟
عەزۆ : قەبوڵی ناکەن, دەڵێن خۆمان زۆرمان هەیە
جۆرج : ئیشاڵا ئەگەر دوکتوراکەی تەواو کرد بینرە بۆ لای خۆم, ئێمە کەری
خوێندەوارمان کەمە, خوێندەواری کەرمان زۆرە

عەزۆ : ئیشالا. ئەرێ بابت چۆنە؟
جۆرج : باشە هەر خەریکی نەوت و بێنزینە, کاتی نیە....بخورێنێ
عەزۆ : بۆ خولای نەخواستە خولێرکەی لێهاتووە؟
عەزۆ جەنابی سەرۆک هەل و مەرجی ئێستای عێراق چۆن دەبینی؟
جۆرج من دەمویست تۆڵەی باوکم لە سەدام بکەمەوە و تەنیێی کەم, لە گەڵ ئەوەشدا پەرۆشی ئەو هەموو نەوت و بێنزینە بێ خاوەنە بووم. دێموکراسیش لە وڵاتی ئێمە وەک بیسکویەتی نان پەنجەرە زۆرە, کوتم هێندکیان بە دیاری بۆ بێنم. بەڵام عێراق خۆی لە خۆیدا شەق و شەڕ و لەت و کوتە. نازانم ئەو ئینگلیسانە کاتی خۆی بە چ چەسپێک ئەوانەیان بە یەکەوە نووساندووە!
عەزۆ پێتان وایە فیدرالی لە عێراق سەر بگرێ و کوردیش بە شتێک بگا؟
جۆرج دەزانی فیدرالیسم لە وڵاتێک سەردەگرێ کە خەڵکە جۆربەجۆرەکانی یەکتریان قەبوڵ بێ, دێموکراسی بناسن و بە ئاگاداری تەواو رای بە یێکەوە ژیان بدەن و حەول بدەن بۆ بەختەوەری یەکتر. مێژووی عێراق, مێژووی بێ بەختییە و پێشێل کردنی یەکتری, مێژووی تێکدان و تێکشکاندن و تێکقرماندنە, کوردیش لە سەرەتاوە هەتا ئێستاش هەر قوربانیە, رێگای بەختەوەری وون کردوە, لە ژێر سێبەری عەرەب و عەجەم و تورک سێبەری نەماوە.
عەزۆ ئەو قسانە لە سەر حیسابی جەنابت بنووسین, یان چاوی لێ بچوقێنین؟
جۆرج ئەوە تەئسیری ئەو کۆکاکۆلایە بوو, پێم وابێ دەرمانیان تێکردوە.
عەزۆ ئەوە "تفی" حاجی سەیدە, باوکت بە قوربانی بێت
جۆرج تکایە پرسیارەکەت بکە
عەزۆ پرسیاری چی لە بنی کولەکەکە بدە و تەواو!
جۆرج دەبێ خەڵکی ئەمریکا هەڵمبژێرنەوە کارم ئێستا تەوا نەبووە.
عەزۆ خەمت نەبێ هەڵتدەبژێرن, کاری چت ماوە؟
جۆرج لە پێشدا ئەو "مشار ئەسەدە" خۆشم لە قەدوباڵای نایات, لوتی بە قەرا لوتی باوکی درێژە, خۆی دەخاتە ریزی پیاوان, هەتا سورییەش نەخینە ژێر رکێفی خۆمان کارمان لە عێراق سەر ناگرێ.
عەزۆ جەنابی سەرۆک "عەلی خەندان" دەڵێ:" سوریە نابێ نۆبە بریمان لێ بکا, ئەگەر سەیر وسوحبەتە ئەوە نۆبەی کۆماری ئێرانی نەکبەتە.
جۆرج راستە ئێمەش وەک کاکە عەلی بیر دەکەینەوە, سەلامی منی لێ بێت. ئێران سەرچاوەی تیرۆریزمە لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست و لە هەموو دنیا. بەڵام جارێ ئێمە بەر پێی خۆمان لەو قنگەلاشکانە خاوین دەکەینەوە, بەڵکو بتوانین بە بێ شەڕ و تەقە لە سەر حیسابی خەڵکی ئێران بە ئامانج بگەین.
عەزۆ باشە پێم نالێی کۆشکی سپی وجەنابت بۆ گۆپاڵتان بە دەستەوە گرتوە و هەرکەستان خۆش نەویست و لە قازانجی ئێوە لای دا سەری پان دەکەنەوە, ئێوە چ کارەن لەو دنیایەدا بۆ بوونەتە وەکیلی تەواوی خەڵکی دونیا؟
جۆرج ئێمە ئەمریکاین, ئێمە بەربەرەکانی لە مافی خۆمان لە تەواوی دونیادا دەکەین، هەرکەس لە هەر شوێنێک لەو دونیایە, دژی قازانجی ئێمە بجولێتەوە, چاوی دەردێنین.
عەزۆ چاو دەرهێنان بەشێکە لە دێموکراسی, یان ئەوە"دسێرە"!
جۆرج ئای ئەم ساری, حاڵی نەبووم.
عەزۆ بەتوونی تەتەر, حاڵی نەبووی.
لێرە مامە عەزۆ هاریۆیەکی کوردی پاک دەکا و قاشێکی زەلام دەدا بە جۆرج بوش ودەڵێ: بۆخۆت خۆیی پێدا بکە. دەنکە توویەکی هاریۆکە دپرشکێتە چاوی جورجەوە.
عەزۆ جان کرێی چاکی ترساندووی!
جۆرج ناترسم, بەڵام زۆر بێ ئابرۆ و درۆزنە
عەزۆ ئەو دێموکراتانە, ئەو جانەوەرانە لە کوێ رادێن. جارێ کلین تۆن هەر خەریکی حەز لێکردوویی و بەرەڵایی بوو, لە رووشی هەڵدێ بیرەوەرییەکانی بنووسێ.
جۆرج لە داخانی خەرێکم بپچرێم و لە بەر یەک بڵاو بم, ئاووس بووم
عەزۆ خودا کوڕێکت بداتێ, لوڕاخانم و دووکچۆڵە ئاواڵ دووانەکەت هێنابوو بەسەرتدا هەڵبڵێن
جۆرج مامە ئێرە ئامریکایە, پرە لە" دێویدکۆپێرفیلد" چاوبەستن حەستم و هاسانە
عەزۆ وادیارە تۆ کابرایەکی بە دین وئیمانی
جۆرج ئەرێ وەڵا هەموو رۆژێک لە کابینەی دەوڵەت بە خوێندنی دۆعا و پاڕانەوە و لاڵانەوە دەست بە کار دەکەم
عەزۆ جارێکی کوتت ئەگەر کلیسا نەبایە دەبوویە عارەق خۆرێکی قەهار
جۆرج راستە شەو و رۆژ لە مەیخانە بووم لە تێکزاس عارەق خواردن و پیاوکوشتن وەکوو تووتروکاندنی لای ئێوە وایە

| | |
|---|---|
| عەزۆ | ئەتۆ لە کویَ دەزانی ئێمە توودەتروکێنین؟! |
| جۆرج | بەرخی بابم ئێمە جیک وفیکی ئێوە لە خۆتان باشتر دەزانین |
| عەزۆ | باشە تۆ دەزانی بەربەسێڵ چیە؟ |
| جۆرج | نا هەر تۆ دەزانی, زۆر خۆشە ولە ماڵی برادەرێکی حیزبی دێموکرات خواردوومە! |
| عەزۆ | دێموکراتی خۆتان یان هی ئێمە؟ |
| جۆرج | دێموکراتی چی وبەربەسێڵی چی؟ |
| عەزۆ | لە کاتی بێکاریدا چی دەکەی؟ |
| جۆرج | دەچم بۆ شەڕە سەگ و شەڕە کەڵەباب |
| عەزۆ | بۆ کەڵەباب هەیە؟ |
| جۆرج | کەڵەبابێکی لاری, قەرەچیەکانی رۆمانی بۆیان ناردوم, چاوی ماری دەردێنیَ |
| عەزۆ | باشە خێزانت شەڕەت لە گەڵ ناکا! |
| جۆرج | مامە مەچۆ سەر مەسایلی بنەماڵە, پرسیارت ماوە؟ |
| عەزۆ | پێت وایە خەڵکی عێراق حازربن کەرکوک مان بدەنەوە, شارێکی کوردیە! |
| جۆرج | خودا خوداتان بێ, هەولێر و سولەیمانی تان لیَ نەستێنەوە, مریشکی چی و هیلکەلی چی! |
| عەزۆ | لە سەرەتا چەپڵەتان بۆ دەتەقاندین, هەڵدەستان و دادەنیشتن باسی کوردتان دەکرد |
| جۆرج | هەموو شتێک باوێک خۆشە وادیارە هیچ لە دێپلۆماسی حاڵی نی |
| عەزۆ | باشە پێت وایە ئەو ترەکەڵەکەتان سەربگریَ و ئێمەش بیَ بەش بین |
| جۆرج | مامەگیان هێندە خاو مەبە, ئێمە بەرنامەی دەیان ساڵی داهاتوومان دارشتوە |
| عەزۆ | ئێمە پرسیارمان نەماوە, ئەگەر قسەیەکت هەیە فەرموو. |
| جۆرج | خەڵکی چین یەک ملیارد و دووسەد ملیۆن حەشیمەتن, تاقە حیزبێکیان هەیە, ئێوە چل ملیۆنن یەک ملیارد حیزبتان هەیە. |
| عەزۆ | قسەت خۆش کردووە سەرۆک کۆمار, پیَ دەچیَ برۆی |
| جۆرج | دەبیَ برۆم کارم هەیە, ئەمرۆ دەبیَ سەگەکەشم بەرم بۆ لای سەرتاش |
| عەزۆ | ئەریَ هەر نەت کوت نێوی سەگەکەت چیە؟ |

دیسان مامە عەزۆ جگەرەیەک هەڵدەبەستیَ و بە شەمچەیەکی چینی دایدەگیرسێنیَ و بە ئیشتا مژی لێدەدا, دوکەڵی جگەرەکە بە لای کۆشکی سپییدا تێدەپەڕیَ.(4.9.2004)

**نامەی مامە عەزۆ بۆ جۆرج بوش بە بۆنەی سەری ساڵی مەسیحی**

هەلۆ جۆرج

سڵاوی مامەت لیَ بیَ! ماوەیەکی زۆرە لە یەکتر بیَ خەبەرین, هەڵبەتە لەبەر شەڕ وهەرا نە تۆ وەختت بووە و نە منیش حەوسەلەی شەڕە چەقەم هەبو. جۆرج قسەی خۆمان بێت بە یەکدندەیی و شلتاخ بازاری قسەی خۆت بردە سەر و ئادارت بە سەر پاداری حکومەتی سەدامەوە نەهێشت. ئاخریش سەدامەت وەک جرجە مشک لە کوونەکەیدا دۆزییەوە و کردت بە مەیمونە قوڵە و نیشانی عالەمت دا. هەتا ئێرە دەستت خۆش بیَ, چوونکە زۆر بە قازانجی پەزەکان تەواو بو.
بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە, ئێمە جەنابتمان لە بیر چووبێتەوە و ئاوی »تەتهیریان« بە سەردا کردبیَ و بووبێتیە حەزرەتی عیسا و چاوی نابینا چاک کەیەوە و مردوو زیندوو کەیەوە! نانا بەرخی بابم زۆر لە سەهو دای, ئێستا حیساب و کیتابمان لە گەڵ تۆ دا نەکردوە.
هەڵبەت وەک ساڵێک لەوەبەر پێم کوتی رێگای خۆتمان بۆ روون کەوە و پێمان بڵیَ دۆستی کوردی یان نا؟ لەو ماوەیەدا بە چاوی خوت دیتت کە هەر کەس لە گەڵ کورد هاوپەیمان بیَ و دۆستایەتی بکا, قەت زەرەر ناکات. کورد دۆست خۆشەویستە و لە سەر پەیمانی خۆی رادەوستیَ. بەو شەرتە درۆی لە گەڵدا نەکەن و کڵاوی لە سەر نەنێن. کورد هەتا ئەورۆکە قەت خەنجەری لە پشتەوە لە هیچ دۆستێکی نەوەشاندووە(جگە لە خۆی), تەنانەت ئەو کارەی لە گەڵ دوژمنەکانیشی نەکردوە, جا هەر بۆیە بە باشی سەیری روداوەکان بکە و ژیرانە هەڵیسەنگێنە, جێگای راستەقینەی خۆت لەو مەیدانەدا بدۆزەوە.
جۆرج ئەگەر تۆ باوەڕت بە خۆت و بە خەڵکی ئەمریکا و بە ئاشتی و ئازادی و مرۆڤایەتی و دیموکراسی هەیە, دەبیَ لە حاندی ئاڵ و گۆڕەکانی ئێستا بیَ دەنگ نەبی و بە ئاشکرا راستیەکان بڵێی و گویَ بدەیە خەڵکانی ئێراق. بە تایبەت خەڵکی کورد کە قوربانی هەموو تاوانەکانی سەدام و پێش سەدام بوون.
جورج دەزانم تۆ باوەڕت بە گۆڕین و گۆڕانکاری هەیە و ئەوەت لە خۆتەوە دەست پێکردووە. ئەتۆ دەڵێی ئەگەر خۆت نەگۆڕیبا, ئێستا لە یەکێک لە مەیخانەکانی تکزاس بۆخۆت مەست وخومار بووی و مەست و غەرام کەوتبووی. بە خەونیش قەت نەدەبوویە »»»»سەرۆک کۆماری ئەمریکا«««« ئەتۆ خۆت ئێستا بە پیاوێکی دیندار و باوەڕمەند بە خودا و مەسیح دەزانی, هەموو رۆژێک لە کۆشکی سپی کاری دەوڵەتەکەت بە دۆعا و پاڕانەوە لە بەر خودا دەست پێدەکەی.

خودا لێت قەبوڵ کا کەس هەیە پێی ناخۆش بێ؟ بەڵام ئەوەش دەزانین تەواوی کابینەی دەوڵەتەکەت بۆنی نەفت و بێنزینیان لێ دێ و هەوساری گەورەترین کۆمپانیەکانی نەوت و بێنزینیان بە دەستەوەیە و قازانجی بە ملیون و میلیارد هەڵدەلوشن. سەری هەموو شیلانکەکان دێتەوە ناو گیرفانەکانی خۆتان.
هەڵبەت باوکی بەرێزت رێگا خۆشکەر و ڕچەشکێنی ئەو رێگایە بو. دیارە لە حەوسەلەی مامەدا نیە, چۆرتت بۆ دەرێنێ و هەموو حیساب و کتابەکانت بۆ بکا. هەر ویستم پێت بڵێم دروستە ئێمە سازمانی سیا و موساد و میت و ئەوانەمان نیە, بەڵام ئێمەش بەشی خۆمان لە جرت و فرتی دونیا بەخەبەرین.
جا هەر لەبەر ئەوە پێمخۆشە زۆر دۆستانە پێت بڵێم:,, بە چاوێکی دۆستانە و مرۆڤانە چاو لە میللەتی کورد بکە. بروانە تەنانەت زۆر میللەت لە وڵاتەکەی جەنابتدا تواونەتەوە و ناویان نەماوە, بەڵام کورد بە هەزاران ساڵە سەری دانەختووە و بۆ هیچ کەس نەچەماوەتەوە و قەتیش ناتوانن مەفعی کەنەوە, هەرچەند حەول زۆر دراوە و ئێستاش بەردەوامە. کورد رەگ و ریشەی لە ناو عەرزدا داکوتاوە, هەتا عەرزیش هەبێ کورد هەر دەمێنێ.
لێتی ناشارمەوە زۆر کەس لە کارو رەفتاری تۆ دوو دڵ و دڕدۆنگن. نازانم بۆ هێنانی ناوی کورد لە زاری ئێوەوە هێندە گران و چەتونە. ئەوەتا لە ناوەراستی ئوروپا یۆگوسلاویتان کردە چوار, پێنج قاش و هەر کەسیش ئاڵایەکتان دایە دەست. ماڵت نەشێویێ بۆ ئەوەتان لە کورد کردۆتە قەدەغە؟ بابە کورد بەغدای بۆچیە؟ نازانم کوت و ئەمارە و ئەوانەی بۆچیە؟ بە راستی ئەو کێو وشاخانەی کوردستان کوا بۆ عەرەبی فەقیر دەبێ؟ ئەوان کوا دەتوانن بەو کراسە درێژانەوە لەو شاخانە سەرکەون, کوا بەرگەی سارد وسەرما و شەختەی لای ئێمە دەگرن؟ خۆ وەڵا سەد ساڵیش لە کەرکوک و ئەوانە بیانهێڵیەوە فەقیرانە فێری کوردی نابن, بۆ لە خۆڕا دەتەوێ فێری شتێکیان بکەی کە نایانەوێ!
تۆ خودا چاوێک بە دەوروپشتی خۆتدا بخشێنە, چاوێک لە دۆستە شڵتاخ باز و بێ سەرەو بەرەکانی خۆت بکە, ئەوانە جگە لە شەڕ ووێرانی چی دیکە دەزانن؟ کوڕە عەیبە ئەوانە ئابروی تۆ و خۆشیان بردووە. ئاخە تور-کیە و پاک-ستان و عەـــرەبستان و تاعونی وا بۆ رەفاقەت دەبن؟ ئەتۆ کێت پێ دەڵێن, بۆ خۆت کردۆتە رەفیقی ئەو گەلەگورگە؟
دەڵێن قسە هەزارە و یەکی بەکارە. بە دڵێکی گەورە و ئاواتێکی بەرزەوە بەرەوپیری ساڵی تازەی مەسیحی برۆ! پەیمان تازە کەوە . پەیمان شکێنی مەکە, ناوی خۆت مەڕزێنەو حەول بدە بۆ ناوی زێرین و مێژوو و وڵاتەکەت و مرۆڤایەتی. بزانە کورد ئەوجارە بە نەفەسێکی درێژەوە هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە و بە هیچ کلووۆجێک پاشەکشە ناکا و دەیسلمێنێ کورد زیندووە و قەت ئاڵاکەی نانەوێ. هیوادارم ساڵی تازە ساڵی خۆشبەختی هەموو میللەتێکی ئاشتی خوازو ئازادیخواز بێ. پیرۆزبایی لە خۆت و میللەتی ئامریکا دەکەم.(30.12.2003)

**نامەی کراوەی مامە عەزۆ**
**بۆ سەرۆك كۆماری ئەمریكا بەرێز جۆرج W بووش**

سڵاوێکی کوردانەت لێ بێ, کاکی خۆم ئاکارو رەفتاری تۆ لەو ئاخرانەدا بە تایبەت هەڵس و کەوتی تۆ لە گەڵ میللەتی کورد منی مەجبور کرد, ئەو نامەیەت بۆ بنووسم, بۆ ئەوەی زەحمەتیش نەکیشی نامەکەم کراوەیە.
لە پێشدا پێت دڵێم پێت وانەبێ مامە عەزۆ چاوی قووچاندووە و گوێچکەکانی کپ بووە, نە هیچ دەبێنێ و نە هیچ دەبیستێ. نەخێرنەوڵا, چاوەکانم شکور ئێستاش هێندە بەهێزن ددانی مێرولە لە ئەمریکا دەبژێرن و گوێچکەکانم زرینگەی زنگوڵەی گوێلکی بەغدا دەبیستن. دەبا بێینە سەر حیساب و کیتابی خۆمان.
نازانم چەند نەفەر لە ئەمریکا جەنابتی بە نوێنەری خەڵك و سەرۆك كۆمار هەڵبژاردووە, بەڵام دەزانم زۆرجاران لاقت لە بەڕەی خۆت درێژتر کردووە و پێت وایە وەکیل و وەزیری تەواوی عالەمی دونیای. قسەم زۆرە و هەمووی لێرەدا خەسار ناکەم. دەبا بێمە سەر ئەسڵی مەتڵەب.
1- ئاغای سەرەك كۆمار تکایە یەکجار بۆهەمیشە پێمان بڵێ, نەزەرت لە بارەی میللەتی کورد چییە, چۆن بۆ مەسەلەکەی دەچێ؟ چارەسەرێکی چۆن دەبینی؟
2-ماوەی 12ساڵە کوردی باشوری کوردستانتان سوار هەقلی مەقۆ کردووە, هەر جارێ ناجارێك دەیانبەنە سەرێ و دەیانهێننە خوارێ, بەشەڕیان دەدەن و ئاشتیان دەکەنەوە. پارلەمانیان بۆ دادەنێن, بۆیان بەش دەکەن, رەنگیان دەکەن, پوڵی نەوتیان دەدەنێ ونەوتیان لێ دەستێنەوە, بە دزییەوە بانگیان دەکەن بۆمیوانی مەك دۆناڵد هەمبورگێریان دەدەنێ و خەڵاتیان دەکەن,یا دەنا وەکو زڕدایکی خراپ ژەهرخۆریان دەکەن و گێژ دەبن و بە گژ یەکتریان دادەدەن. چاکتان سەری خەڵکەکەمان شێواندووە, قەتیش جارێك بە ئاشکرایی بە خەڵکی ئێمە ودونیا ناڵێن چ بەرنامەێکتان هەیە. سەدامتان کردۆتە دێوەزمە وداوڵ بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆتان بگەن, جارێك هاری دەکەن و سواری کۆڵی ئێمەو جیرانەکانمان و جارێکێش لووتی بۆیاغ دەکەن. تکایە روون و ئاشکرا ئامانجی خۆتانمان پێ بڵێ.
3- ئاغای سەرۆك كۆمار بەسە! ماندووبووین هێندە سەرمان بشکێنن و گوێزمان لە کوشی کەن, ئەگەر دۆستی میللەتی کوردی, دزی وفزی ناوێ, پێمان بڵێ و بە خەڵکی دونیا رابگەێنە, ئەگەر وەك بابیشت دەتەوێ گەمە و کایەمان پێ بکەی دەبێ بڵێم زۆر لە هەڵە دای و گێرەت لە بەغدا دەگەڕێ, ئیتر ئێمە فێربووین بە کەوچکێك ئاو بە مەلە نەکەوین. ئەگەر هێندێك کەس باوەڕت پێدەکەن و گۆرانیت بە سەردا هەڵدەڵێن, مانای ئەوە نیە, ئەوە ئێمەش فەرشی سوورمان بۆ راخستووی و دەستە ونەزەر چاوەڕوانی جەنابتین.

برخی بابم حەول بدە لە سەر قاچ وقولی خۆت راوەستی, زۆر گوێ مەدە قەسەی بابت و ڕقی کۆنی ئەو. ئەوە بزانە میللەتی کورد بە راستی دۆست خۆشەویستە و گیانی بۆ دۆستایەتی راستەقینە بەخت دەکاو پێی خۆشە وەکوو هەموو خەلکی دنیا بەختەوەرو و سەربەخۆ بێ.

جا ئەگەر باوەڕت بە دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەو میللەتە هەیە, فەرموو, روون وئاشکرا پێمان بلێ, دەنا لەوە زۆرتر خێ بە برینماندا مەکە, برینمان مەکولێنەوە, لەوە زۆرتر کۆڵەوارمان مەکە!

لە گەڵ رێزو سلاوێکی گەرمی کوردانە (9ی رەزبەر2002)

## شەڕی ناوماڵ

- جۆرج بوش، بە Wی کوڕی کوت: ئافەرەم کوڕم, نیشانت دا کە حەرامزادە نی!
- W لە باوکی پرسی: ئەرێ پاپا باوکت کێ بو؟ مەبەستم باپیرمە؟
- نازانم! وەبیرم نایا, سالێك و دوو مانگ پێش ئەوەی من لە دایك بم, بە قۆچەقانی کوشتیان.
- عۆدەی بە باوکی کوت: ئەرێ باوکە کەنگێ لادەچی و جێگاکەت بە من دەدەی, چاوێك لە جۆرجی بکە!؟
- سەدام: بێ دەنگ بە حەرامزادەی روڕەش, شەقێکت لێدەم بۆ باوکت عاقڵ دەکەم.
- عۆدی پرسی: ئەرێ باوکە بۆتۆش نێوی منت نەنا «سەدام» دابلێویەکیش بە قونیەوە؟
- سەدام: بۆ لێخەم نابیتەوە, W بە گۆڕو قەبەری بابی سێحەبت.
- W:ئەرێ پاپا ئیزنم بدە چەتوەریك ئارەق سەگی بخۆمەوە,حالم زۆر خراپە!
- پیرەجۆرج: پەلە مەکە رۆڵە, با ئەوشەڕە تەواو بێ, بە یەکەوە بە قەرا کەریك دەخوێنەوە.
- عۆدەی: ئەرێ باوکە,بۆ قەت وەکو باوکێکی میهرەبان لەگەڵم ناجولێیەوە, منت خۆش ناوێ؟
- سەدام: ئاخە کوڕی سەگباب, پێن نالێی بۆ بوویەتە نووسەنەکە و پێمەوە نووساوی, لەو هەلە ناسکەدا!
- Wئەرێ پاپا چی لەو مەلایانەی ئێران بکەین, خۆ ئەوانە زۆر جێگای مەترسین, سەریان "مین"ە و قاچیان راکێتە!؟
- جورجی پیر: رۆڵە بۆ ئەوەندە عەجولی, نۆبەی ئەوانیش دێ, نێویانم بۆ لە دەفتەریکدا نووسیوی,جارێ مەشقی ئەو نەورۆزەت بنووسە.
- عۆدەی: ئەرێ باوکەگیان, ئەتۆ لە تەمەنی چەند سالیەوە بلووغ بووی و بووی بە پیاو؟!
- سەدام بە هێزوقووەتی خۆی شەقێك لە عۆدەی دەدا و هەتا دەروازەی بەغدا فڕێی دەدا. لە سەر تابلۆیەك بە زمانی عەرەبی نووسراوە« لە 9 ساڵەگی کوڕی حیز»
- W: ئەرێ پاپا ئەو جەماعەتە, نێویان چیە؟ ئاها, کورد, ئەوانەچییان دەوێ؟
- پیرە جۆرج: نازانم, بۆخۆشیان نازانن, کارت پێیان نەدابێ, بێدەنگی لێ بکە, باشترە.
- خوێنەر: ئەرێ مامە عەزۆ, ئەو قسە قۆرانە چیە دەیکەی؟ قسەی دروست و حیسابی نەماوە؟!

(2003/03/13)

«ئاوازە»

ئەوانەی خوارەوەم لە بیر چوبوو:

-W: ئەرێ پاپا لەو بومبارانە وا دێموکراسی بڵاودەکەنەوە, بۆ سێ چواردانەش بەسەر پاکستان و عەرەبستاندا نەدین, خۆ لەو وڵاتانەش دێموکراسی توونە!

- پیرەجۆرج: رۆڵە بومبی ئەوان جیایە و ئاش بەنۆرەیە,جارێ عێراق پێوستی بە دێموکراسی یە!
- عۆدەی: باوکەگیان ببورە,کە قسەی کەرانە و پرسیاری قۆڕ دەکەم.
- 100دام:قەیناکا, عۆدوولەك, تۆمن وەبیر منداڵی خۆم دەخەیەوە!
- عۆدەی: بۆ باوکە, تۆش منداڵ بووی؟! من وامدەزانی تۆ هەمیشە وا زەلام بووی!
- سەدام لێوی خۆی دەگەزێ,خوێن فیشقە دەکاتە ناو کونەلوتی و سێ جار دەپشمێ!

## نامەیەکی خۆمانە و نهێنی بۆ سەرۆک!

سڵاوی مامەت لێ بێت! رۆژی چوارشەمە 14ی مانگ خەبەرم بیست, گۆیا دەتەوێ ئینسان بنێری گۆی مریخ! حەک باریکەڵا و سەدباریکەڵا! پڕ بەدڵ پیرۆزبایت لێدەکەم, باوەڕکە هێندەم پێخۆش بوو, لە تاوان ئیسکانە چاییە کوڵاوەکەم ئاودیوی ناو زگم کرد, هەر لە سەری زمانەوە سووتاندی هەتا ورگ و ریخۆڵە! ئەتۆ نازانی ئەو هەواڵە بە ملیۆنان

ئینسانی خوشبەخت و بەختەوەر کرد, دەزانم هەزارانی وەک من چایی کوڵاویان ڕەوانەی قوڕگ و ورگیان کردووە و لە خۆشیان لەلیان نەکوتووە بە تایبەت لە چاییخانەکانی لای خۆمان! ئەو هەموو مرریخیە دەیان ساڵە بە «« دەوری و قابڵەمەی باڵندە»» هاتوونەتە سەر گۆی زەوی و گاڵتە وگەمەیان بە ئێمەی دانشتووانی ئەم ئەرزە کردووە و بە ریش و سمێڵی ئێمە قاقا پێکەنیون و ئێمەیان بە پووش دانەناوە. لە سایەی سەری جەنابتەوە, دەور دەوری ئێمەیە کە گاڵتە بەوان بکەین خۆ ئەوان لە سەدام ماقوڵتر و پڕهێزتر نین! شەرت بێت شتی وایان بۆ بنێرین بە عومری بابی خۆیان نەیاندیتبێ و سەری لێدەرنەهێنن و تێی نەگەن!! ئەو سەر درێژ و چاودەرپەڕیوانە, حەددیان چیە گەمە و گاڵتە بە بەشەر بکەن, ئەویش بەشەری اMade in USA, کە سەر گوڵی باخ و بێستانی بەشەریەتن! بەڕێز گیان, دەزانم چاکت لێک داوەتەوە, ئەو پوڵ و پارەیەی لە داهاتوودا لە نەفت و سەنعەتی نەفتی ئێراق وەدەستت دەکەوێ, هێندە زۆرە, بۆوە نابێ لە سەر ئەرز خەرجی کەی, دەبێ بیبەیە ئاسمان, لە مانگی سپی و مریخی سوور خەرجی کەی. ئافەرین بە جەماڵت بۆ فیکر و تەگبیری جوانت! حەک قەزاو و بەڵای تۆ لە پشتی سەری هەرچی سەرۆک و مەرۆکە کەوێ. بە خوڵای بابم زۆر حەنتیکە لە فێڵەکەی دەزانی, تێحا! ! وەڵا بە عومری بابم بیرم بۆ شتی وا نەچووە. بە مەزەندەی فارسگەل: دست مریزاد, گل کاشتی عمو!!!(بە حەزرەتی غەوس مەبەستم عمو سام و شتی وانیە, پێت ناخۆش نەبێ) جان, ئێف کەندی رەحمەتیش, بەڵێنی دا بەشەر بنێرێتە گۆی مانگ, ئەشەدوبیلال خودا هەڵناگرێ, پیاو قسەی ڕەق بکا باشە, بەڵێنەکەی بردە سەر و ئارمسترانگی فەقیری نارد بۆ ستۆدیۆکانی هالیود و ئێمەش نیوەشەو بە شەق راستیان کردینەوە هەتا ئەو دەرفەتە مێژوویە بە چاوی خەواڵوی خۆمان ببینین! هەر لەودەمەوە کە ئاپۆلۆی یازدە(بۆ مێژوو عەرز دەکەم شایەرەکانی خۆمان لە گۆرانیەکانیان زۆریان باسی ئاپۆلۆی 11کرد, ماڵتە ئەوان دەیانزانی کە ڕۆژێک کورد و ئامریکایی دەبنە هاوسا) فڕی هەتا ئاپۆلۆی 17 ئەو بەزمە گەرم بوو هەتا پڵیتەکەی تێکەوت(ببورە)! ئەرێ باشە هۆی چی بوو لە مانگ بێزار بوون و ملی فیلتان بەرەو مریخ باداوە؟؟؟

جۆرجەگیان! ڕێگای مریخ 400ملیون کیلۆمەترە و گۆیا ئەو سەفەرە سێ ساڵ دەخاێنێت! باشە کەسێکی تایبەتت لە نەزەردایە بۆ ئەو سەفەرەی بنێری؟ تۆ سەری ئەو بابەت وەرە بە قسەی من بکە, خۆتۆ فدراليت نەدا بە کورد, وەرەو چاکەیەک لە گەڵ کورد بکە با هەتا هەتایە منت بارت بن!! دەزانم دەستەڵات لە بەغدا بۆتە گوێ پروسقەێنە و ئەو خۆ هەڵدانەش بە پیاوی قورس و قوڵە ناکرێ و وەک جاری جاران سەری ئێمە بێ کڵاو و جامانە دەمێنێتەوە جا چ رەش و چ سوور! وەرەو پێشنیارەکەی مامەت قەبوڵ کە و ئەو سەرۆکانەمان لە کۆڵ کەوە کە وەک قیلی کەوای سپی پێمانەوە نووساون. باوەڕ بکە نە ئێمە لە وان دەگەین نە ئەوان لە ئێمە, بەشکم بە یەکەمین سەفینە بیانێری بۆ مڕیخ, با بە کەیفی خۆیان مڕیخ بکەنە هەزار کوت و لە سەر هەر کوتێکیش پەڕۆی سورو شین و زەرد و سەوزو, رەش و حەوت خەت و حەوت رەنگ هەڵواسن, بریا ئەو جرۆجانەورانەی بەغدا و تاران و ئانکارا و دیمێشق یشت لە گەڵ دەناردن! با بۆخۆیان هەر باسی سیاسەت بکەن! ئەگەر ئەوەت پێناکرێ وەرە و مەحزی رەزای ترک وفارس وعەرەب, هەموو چل ملیۆنەکە بە سەر ئۆرانوس و زاتۆرن و نپتۆن و وردە ئەستێرەکاندا دابەش کە, بەسە ئیتر ژیان لە گەڵ(ترک وفارس وعەرەب) ناکرێ. ژیان لە گەڵ ئەوانە خوا بە نەسیبی گورگی بیاوانی بکات! لە گەڵ رێزو حورمەتی دوبارە, تکایە سڵاوی خێزان و منداڵەکان بگەێنە, ئەرێ ناوی سەگەکەت چییە؟ شەوێکی ساردی زستانی 2004 سەر عەرز, کۆلانێکی ئوروپا

**بابەلی و چل دزی بەغا**

پێم وایە هەموو لە گەورە و چکولە حەقایەتی عەلی بابا و چل دزی بەغداتان بیستووە و هەرکەسێك بە قەرا خۆی لێی حاڵی بووە و لە بیری ماوە! ئەگەر بمانەوێ کاکڵی ئەو چیرۆکە راگرین و پێستەکەی بە سەر رووداوەکانی ئەومرۆدا بکێشین, تۆبڵێی چی دەرچێ؟ حەقایەتەکە ببێت بەچی, عەلی بابا دەبێ کێ بێت و چل دزەکەی بەغدا دەبێ کێ بن؟ ئەوەندەی مامە سەرەندەری لێ دەردەکا عەلی بابای بەستزمان ئەورۆ بێ سەر وشوێنە و لە هیچ شوێن دیاری نیە! ئەوەی هەیە ونیە چل دزەکەی بەغدایە! هەڵبەت حیسابی ئەو دزانەلە هەزارانیش تێپەر دەبێ, بەڵام بۆ ئەوەی سەر لە خەڵك نەشێوێنین و ئەمانەتداری کاکڵی چیرۆکەکەش بین قەیناکات هەر دەڵێن چل دزی بەغدا, کوا عەلی بابا؟
با هێندێك چیلکە لە مێژوو وەردەین! هەتا حیسابی ئەورۆکەمان باشتر بۆ روون بێتەوە« لە ساڵی 1972 حەسەن ئەلبەکەر سەرکۆماری ئەوکاتەی عێراق لە پڕێکدا نرخی نەفتی زۆر کردو بردیە سەرێ هەرا و قیژەیەکی زۆر ساز بوو, بەتایبەت لە رۆژئاوا و لە ئەمریکا. سەرۆکی ئەو وەختەی ئامریکا «نیکسۆن» بڕیاری دەرکرد کە حکومەتی بەغدا پشتیوانی تێروریستە. دەیجا قوربان چۆنی چارەسەر کەین ؟ بە پێشنیاری فەرانسە سەدام حەسێن کە ئەندامی حیزبی بەعسە، باشترین مۆرەیە بۆئەوەی قازانجی رۆژئاوا و ئەمریکا بپارێزێ. سازمانی سیا هەر لە بەر ئەوە لە قاهیرە پێوەندی لە گەڵ سەدام گرت و سناریویەکی تازە بۆ عێراق نووسرا, بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن. ئێستا ئیتر فەرانسە قازانجی بە میلیاردی لە نەفتی عێراق بوو, ئەرخایەن بوو, لە سەرێکیشەوە ئەمریکا دەیتوانی دەست بە سەر نەفتی عێراقدا بگرێ و هەروەها لە نفوزی سوڤیەت کەم کاتەوە, هەڵبەت سوڤیەتی دوێنێ و روسیەی ئێستا هەموو کاتێك زاری گەزێ کردۆتەوە بۆ هەڵلوشینی نەفتی عێراق.

ئێستا ئیتر بابـەلی ودزەکـان زێڕوجـەواهیراتیان لـە ئەشـکەوتدا نەدەشـاردەوە و پێویسـتیش ناکـا هـەموو جارێـك بڵـێن: « زمزمزم بیکەرەوە, زمزم داخرەوە».

زێڕوخەزێنەکە لە ژێر عەرزی دایە, بریقە ناداتەوە و رەشە وەك رووی دزەکانی! ئەوڕۆ ئەو خەڵکەی کە لە سەر خەزێنە خەوتوون و لە برسان دەمرن, هەموو رۆژێك لە دەرەوە لەو سـەری دنیا چارەنووسیان بۆدەنووسرێ, هەڵبـەت خوداگیـان خۆی نایکا! کارەکـەی بـە وان سپاردووە, هـەرچونێکی پێیـان خۆش بـێ وادەکـەن. ئەگـەر مـارو هـەژدیهاش لـە سـەر ئـەو خەزێنەیە بێ, ئەوە «سڕە» و پێوەنادا, هەروەخەت ئاغایان هاتن, کلکی هەڵدێنێ و سەر دەرگای خەزێنە چۆڵ دەکا.

نەفت, نەفت,نەفت, ئەوە وشەی جادوویی حەقایەتی ئەرۆکەیە, هەمووشێتێك لە پێناوی نـەفت دایـە. بـە سـەدان جار خـوێنی کوردیـان لـە گـەڵ نەفـەت گۆڕیوەتـەوە. ڕەبـی بابـەگوڕگوڕ نەحەسێیەوە بۆدیارییـەکی بـۆت هـاوردوین. هـەموو خـاوەن نەفتەکان بوون بە وڵات و قەڵا و باڵەخانەیان بەرز بۆتەوە , بەڵام هەر ئەو نەفتە بۆتە سەرەخۆرەی ئێمە. ئەو نەفتە رەشـە, رۆژی رەشی بۆئێمە هێناوە, کەسیش بەقا بە خۆمان ناکات و کارەکە بە خۆمـان ناسپێرێ. بۆخۆشـمان هێنـدە لاسـار بـووین وهـەین هەمیشـە نۆکـەری نۆکـەری نۆکـەرمان قـەبوڵ بـووە, قـەت بیرمـان لـێ نەکردۆتـەوە ئێمـەش سیاسـەت فێـر بـین و دیپڵۆماسی بزانین و دۆست و دۆژمنمان بناسین و هەر بەو گۆپاڵە شەڕ بکەین کە ئەوان دەیکەن, مخابن شتەکەمان لێ بۆتە کوردە ناموسی و بەس!

به راستی شەڕی ئەورۆ و داهاتو بۆدموکراسیە یان بۆنـەفتە؟!

بەگوێرەی «مۆنیتور- Monitor»( گۆوارێکی سەنگین و بەناوبانگی تەلەوزیون لـە ئالمـان) دەڵـێ:« ئەورۆکـە ئـەمریکا بـە تاقی تەنیا رۆژانە بیست ملیون بۆشکە نەفتی دەوێ بۆ هەڵلوشین.ئەوە یانی یەك لـە چـواری نـەفتی هەڵلوشـراوی دنیـا, و لـە ساڵی 2020 ئەو رێژەیە دەگاتە 25ملیۆن بۆشکە لە رۆژدا. ئەمریکا برسیە, برسی نەوتە, دەیجا باشـە ئـەو برسییەتیە چۆن چارەسـەر کـا؟! چـۆن بتـوانێ ئەوهـەمو نەفتـە بدۆزێتـەوە و هەڵیلوشـێ! هـەر وەك دەزانـن رۆژهـەڵاتی ناوەرآسـت بەرهەمهێنـەری زۆربـەی زۆری نـەفتی دونیایـە, عێـراق دووهـەمین و یـەکێك لـە گـەورەترین بەرهەمهێنـەرانی نەفتـە لـە رۆژهەڵلتی ناوەراست, رێگای ئـەو نەفتـە بۆدنیـای رۆژئـاواو و ئـەمریکا لـە هـەموویان هاسـانتر و هـەرزانترە, ئـەمریکا لـە عەینی کات دوو ستراتێژی پاڵەوپشت بـە یـەکی هەیـە, ستراتیژی «دموکراتیزەکردن!» و چـەك کردنـی عێـراق, «نـەزمی نوێ» لە رۆژهەڵات بەڵام بنەرەتی ستراتێژیەکە نەوتە, کـاکلی سیاسـەتی ئـەمریکا و رۆژئـاوا نەفتـە! ئـەوەش بـە دوو شـێوە خۆی دەنـوێنێ یەکـەم وەدەستهێنانی نەفـەت بـە هـەر جورێـك بـێ, دووهـەم زاڵبـوون بـە سـەر بـازاری نـەفت دا, ئـەمریکا دەیەوێت قسەی ئەوەڵ وئاخر ئەو بیکا, هەر بۆیەش سەدان سناریوی کۆنە و تازەی بۆوە وهەیە!»

هەڵبەت لە حەوسەلەی مامە دانیە باسی هەموو دزەکانتان بۆ بکات بەڵام لە قەراغەوە باسی دوو دزی خێڕی و بێشـەرم کـە هـەزار رەنـگ و روو دەگـۆڕن دەکـا. فەرانسـەی مەزهـەری ئـازادی و روسیەی بەشەردۆسـت! ئـەو دووانـە لـە دەسـاڵی رابوردودا, میلیاردها میلیارد دۆلار قەردادی نەفتیان لە گەڵ سەدام بەستوە, فەرانسە قازانجی بە میلیاردی لە نەفتی عێراق کـردوە و قـەیرانی خـۆی پـێ چارەسـەر کـردوە. هەربۆیـەش ئـەودوو خێرییـە ئەورۆکـە هاواریـان هەڵسـاوە و دەڵـێن: ئامـان دەخیلتان بین باسی سەدام و عێراق مەکەن, سەدامی فەقیر چـی کـردوە؟ خـۆ ئـەو مریـدی «بن لادن» نیـە, تەنانـەت نـوێژ و رۆژوش ناگرێ! بچن بیپشکنن, بەستزمانە هیچ شك نابا! حەسـاری گـەماروی لـە سـەر لابـەن بـا ئێمـەش بـە کاروکاسبیمان بگەین, پیاو!

بـە سـەدان وهـەزاران فاکـت, دەلیـل, بورهـان, سـەند, مـەدرەك, حوجـەت, بەڵگەنامـە هەیـە کـە ئـەو سیاسـەتە دەسـەلمێنێ. نوخماندنی سەدام و قەوارەیەکی تازە بۆ عێراق تەنیا و تەنیا دەبێ لە خزمـەت چارەسـەرکردنی برسیەتی نـەفتی هێـزە زلـە نەفت لوشەکاندا بێ, دەنا هیچ قازانجێکی بۆ پەز نیە!

مۆنیتۆر لە شوێنێکی تر دا دەڵێ: « بە پێی بەڵگەیەکی کە سیا دەری خستووە, سناریوی شەڕی عێراق چوار مانگ بـەر لـە رووداوی 11 سپتامبری 2001 نووسراوە و ئەمریکا ودۆستەکانی خۆیان بۆ لیستنی تەیار کردوە.»

ئیسرایل شەریك و برابەشی ئەمریکا, چەند ساڵ پێش ئێستا ماسکی تایبـەتی بۆهـەموو نـەوعێك بۆمـب لـە ناوخـەڵك دا بـڵاو کردۆتەوە, خەڵکەکەی خۆی راهێناوە بۆ بەرگری کردن. ئێستاش دەبینین دەپارێتەوە لە ئالمان بۆ دژی موشەك و راکێت و هەزار قەلە ودەلەی تر!

بەڵام ئەگەر سەرێك لـە وڵاتـە بـێ خـاوەن و داماوەکـەی خۆمـان بـدین, دەبینـین بۆ هیچ شتێك خۆی حـازر نـەکردوە, وەکـو هەمیشـە بـە سـەردا دەکـەوێ و دەستەووەسـتان دەمێنێتـەوە! لـە دەسـاڵی رابوردودا بـە غـەیری دۆڵمـەی هـەولێر و یاپراغی سولەیمانی هیچمان نەدیوە! تازە بە ناشکوری نـەبێ تـام وچێژی ئەوەشمان نـەکردوە! نـە سپایەکی ئامادە و نـە ئەرتـەش و تانگ ونە تۆپ و نەترماش!بەلکو ترماش. هێچ خەبەرێك نیە! هەژار گوتەنی« ئاتەش بازی بە کنگی خاڵی ناکرێ»!

تەنانەت لە جیاتی ماسکی دژی گاز, سەرکڵاویشیان بڵاو نەکردوە! بەڵام کڵاویان حەتا بڵێی لە سەر خەڵك ناوە!

ئەی هاوار!هەموو دەزانن ئەگەر سەدام کەوتە دۆڕاندن و کایە بوو بە داشەهارە, سەدام بە هیچ جێگایـەك نـەوێرێ, داخـی دڵی چڵکنی خۆی وەك هەمیشە بە کورد دەرێژێ! سەری ئێمە پان دەکاتەوە!

دەباشە ئاغایانی سیاسەتمەدار پێمان بڵێن چارە چیە و چی بکەین؟!

ئاخە مامە عەزۆ لە کێ دەپرسی؟ ئەو بەستزمانانە بۆخۆشیان نازانن چ بڵێن و چ بکەن! وەبیرت نایـات لـە سـاڵی 1991 لـە دیوەخانەکەی سەدام چۆن لە بەرچاوی حالەمی دنیا بوو بە ماچ وموچێك ئەو سەری ناپەیدا! ئای مامـەگیان, تۆش دوت لـە کەندی داوە و پیر بووی, وادیارە!

تۆ سەری خۆت واز بێنێ با قسەکانم بێژم.

ئەوجار وام دەست پێکردوە, هەر بۆم تەواو نابێ ودوای نایات.
مامەگیان تەوای مەکە, درێژەکەی هەڵگرە بۆجارێکی دیکە!
باشە با ئەو قسەش بکەم: «ئاغایان! دەتانەوێت دموکراتیەت دابین بکەن! زۆر جوان و زۆر باشە! ئەدی پێم ناڵێن چۆنتان ژنراڵە تورکەکانی نۆکەری خۆتان رازی کرد. خۆ دەزانن, ئەوان چاویان کوێرە کورد ببینن! چیتان پێکوتن؟ چۆنتان ئەرخایەن کردن کە بێدەنگی لێ بێنن و جارێ هێچ نەڵێن؟؟؟؟!!! (1و2.2002)

**خاوەنی نەوت, بۆ دەبێ تەپاڵە بسوتێنێ؟**

کەس لە خۆمان ناپرسێ, ئێمە کە خاوەنی راستەقینەی نەوتین چی دەڵێین و چیمان دەوێ؟ ئێستا کە ئەمریکاو شەریك و برابەشەکانی خۆیان حازر دەکەن بۆ شەڕێکی دیکە لە کەنداوی فارس, بەراستی کورد دەبێ چ بڵێ و چی بکا؟ هەتا وکو جاری جاران نەبێتە قوربانی و تفاقی شەڕ؟ هەروەك دەزانن شەڕی ئەوجار بە ناوی لابردنی سەدام و دیموکراتییەت لە عێراقە! ئەگەر وەبیرتان بێت مامە پێشتر لە نامەی بابەلی وچل دزی بەغدا , ئەو ستراتێژیەی باس کردوە لێرە هەر ئەو بنێشتە ناخاتە زاریەوە, بەڵام هێندێك شت روون دەکاتەوە. پرسیار ئەوە بوو, ئەمریکا چۆن ژنراڵە تورکەکان کە چاویان بەرای نادا کورد ببینن, رازی دەکاو کردوە؟! وڵامی ئەو پرسیارەی مامەیان بە زمانی خۆیان داوە. ئەمریکا کە دەیەوێ, هێزی زەمینی خۆی لە ئینجیلیك حازر وئامادە بکات بۆ شەڕ لە گەڵ عێراق, قەولی 25 میلیارد دوڵاری یارمەتی ئابوری بە تورکیا داوە, هەروەها سۆزی داوە کە زەخت بنێتە سەر ئەندامانی ئوروپا بۆوەرگرتنی تورکیە بە ئەندامی یەکیەتی ئوروپا. لەوانە کە وڵامی لەبەیکی ئەمریکایان داوەتەوە ئاڵمان و فەرانسە بوون, کەزۆر بە لەزوبەزەوە داخوازی چارەسەری ئەندامیەتی تورکیایان هەبو! تورکیای نیزامی, ژنراڵی و دیکتاتوری, بە دوعایەکی مەسیح و بانگەوازێکی ئاغایان و نوشتەیەکی جۆرج یەکشەوە دەبێ بە دیموکرات و لە هەموو گوناح وئازارێك پاك دەبێتەوە. وڵاتێکی کە نە تەنیا میللەتەکەی خۆی بەڵکە ساڵیانی ساڵە حاشا لە میلیونها کورد دەکا.مەرحەبا سەد مەرحەبا ئاغایان! ئەوە چۆن دەتوانن بە شەوێك کەسێك گول کەن و هەر بەشەوێکیش کەسێك بکەنە فریشتە و مەلائیکە!؟ بۆخۆتان دەیبڕن و دەیدرون! کاری ئێمەش بۆتە ئیشاڵا وماشاڵا گوتن!! لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە, لە پڕیکا دەوڵەتی ئیسلامی هاتە سەر کار, دەوڵەتێك کە زۆر لەبار و دەستەمۆیە! ئەوەتان لە کوێ دۆزییەوە؟ ئەمریکا دەیەوێت دەوڵەتێکی ئیسلامی مودێڕن بە شێوەی ئەمریکایی هەبێ, کە ,,لا,, نازانێ و هەر دەڵێ ,, نەعەم,,. ئەوەش نمونەیەکی پێشنیاری و جوان ورازاوەیە کە بە دونیا نیشان بدەن ئێمە ئەوجۆرە ئیسلامەمان دەوێ. چاك دەرس و مەشقی خۆتان دەزانن و هەمووتان لە بەرە! شەڕی ئەوجارە بە بەراوەردێك 1,9بلیۆن خەرجی هەیە, ئەمریکا ئەو زیانە گەورە بۆ وەئەستۆی خۆی دەگرێ؟ بۆ 250000سەربازی خۆی دەهێنێ بۆ کەنداوی فارس و رۆژهەڵاتی ناوەراست؟ هەر بۆئەوەی نۆکەرەکۆنەکەی خۆی ئەدەب کا؟! لەو شەڕە کە عەرەبستان لە بەر شپرزەی خۆی و دوارۆژی حازر نەبوو سەرباز و تەیارەی ئەمریکای بچن بۆ ئەوێ, ئێستا ئەرکەکە کەوتۆتە سەرشانی کویەت و بەحرەین و قەتەرو تورکیا. سەدامیش لەو ئاخریەدا بە ببورە ببورە بە کویت پێی وابوو دەتوانێ ئەوان لەو کارە بەرحەزەر کاو لە سەرێکیشەوە دنیای عەرەب بۆ لای خۆی ڕاکێشێ, لەبیری چووبو ئەو سەرۆکە عەرەبانە بۆ کەپسولێك گاز سەدی وەك سەدام دەفرۆشن! سەدام هەر خەریکی ئەو قومارەیە کە ئاغایان فێریان کردوە! دوازدە ساڵە مەشق بە سەربازەکانی دەنووسێ! حاسڵی کار 12000 لاپەرە گوزارش و مەشقە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان! بە قەولی کابرای سنەیی : ئەم کاغەزگەلە بەشی ساڵێکی دانەکوڵانە فرۆشی کورسان ئەکات!

ئەمریکا کە شەیپوری ئازادی و دیموکراسی لێدەدا! بۆ خۆی لە ناوەوە خەریکە دەست بەدەمی خەڵکەکەیەوە دەگرێ. ئەوەتا لە نیویورك ساڵێك و سێ مانگ دوای 11سپتامبر, هێرشێکی زۆریان بردۆتە سەر ئازادی کەسایەتی و بیروڕای ئازاد وجیاواز. لە دانشگای نیوزکول پرۆفیسورەکان و دانشجوەکان هەموو رۆژێك نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن, دەڵێن: ئەوانە ئی مەیلەکانمان دەخوێنەوە, گوێ لە تەلەفون و هەندی ڕادەگرن, چاودێری ماڵپەرە ئینترنێتەکان دەکەن, بە شێوەی سیستماتیك خەریکن ئازادی تاکەکەسی پێشێل دەکەن. ئەو ماڵپەرانەی دژی ئەمریکا و سیاسەتی شەڕی ئەوان رادەوەستن بە ناوی لیستی رەش ناودێرکراون و چاوەدێریان دەکەن. خەڵکی رۆشنبیر لە ئەمریکا هەموو کات وساتێك لە ژێر چاوەدێری دان. رۆژنامەی هارولڎتریبون دەنووسێ کە لە روسیا 61% و لە ئاڵمان 61% لە فەرانسە 64%, ئینگلیس 50% دژی شەڕی تازەی ئەمریکان. دیارە ئەوانە بەسە بۆ روونکردنەوەی باسی خۆمان. ئەوەی ئەمرۆ دەیبینن سناریویەکی بە سەدان جار نووسراو و تاقیکراوەیە! بوخۆیان ئاخری فیلمەکەش دەزانن هەر ئێمەی بەستزمانین ناوێرین بڵێن چمان دەوێ. ئاخر دەڵێین نەبادا فەقیرانە سەریان لێ بشێوێ! هیچ نەبێ دوازدە ساڵە دەمانپارێزن, بۆئەوەی یەکتر بکوژین و سەدام نەمانکوژرێ! پیاو نابێ چاکە لەبیر بکاو هەموو شتی زوو لە بیر بچێتەوە! بەڵام لە بیرمان نەچێتەوە, ئەو شەڕە هەمووی لە سەر میراتەکەی باباگوڕگوڕە! جا ئەگەر قەرار وایە ئەوان هەموو بەشی خۆیان بەرن, کەسێ هەیە داوای بەشی ئێمە بکات؟ ئەوە سەدەی بیست ویەکە خەڵکی کورد پێان خۆشە وەکو هەموو خەڵکی دنیا بە سەربەرزی بژین و ئاڵایان شەکاوە بێ و سرودیان وێردی زمان! لە جیاتی ئەوەی بە پارەی نەوتەکەمان قەڵاوباڵەخانەمان بەرەو

ئاسمان بەرز بێتەوە, تەپاڵە دەسوتێنین و قەڵاغە تەپاڵەمان لێداوە و لاپێژی دەکەین! گەلۆ هیچ میللەتێك جگە لەكورد لاپێژی هەیە؟!(11.12.2002)

## چۆلەکەی قاقەزی

- ئەو رۆژانە ئینسانی کورد و کوردی ئینسان چروچاوی تێکچووە و پەژارەیەکی مێژوویی دای گرتووە, چاوی لە چاوەروانیدا مەیوە, نیگرانە وهەناسەی سوارە, بێ باوەڕی تەواوی لەشی داگرتووە, بۆخۆشی نازانێ چیەتی و بۆ وای لێهاتووە. لە گەڕاندایە بە دەوری خویدا, بە دەوری رووداوەکان, بە دەوری داهاتوویەکی نادیار. گالیلە دەبێ لە سەرڕا زیندوو بێتەوە, هەمووشتێکی بۆ ئیسبات بکا.

خوار اکی بۆتە باس وخەبەر, ژیانی بۆتە باس وخەبەر وباس وخەبەرەکان خۆی و ژیانی هەڵ دەلووشن. چی قەوماوە کە ناتوانێ لاقی قورس وقایم لە سەر ئەرز دانێ و پڕبە سیەکانی هەوا هەڵمژێ وبیداتە دەرێ, تەنانت هەواش دەبێتە گوریس و لە وانەیە بیخنکێنێ.

- رووداوەکان خۆیان لە یەك گرێ دەدەن و دەبنە گرێپوچکەیەك, دەبنە ملوانکەیەك لە گەردنی مێژوو, دەبنە دەسبێجێك لە دەستی کابرایەکی باڵدار.
- منداڵێك هەر دووچاوی خۆی دەرێناوە ودەیدا بە باوکی ودەڵێ: « ها بابا ئەوە دیاری منە بۆ باپیرم, بچۆ لە لای قەبرێك بیاننێژە.

-ماموستایەك لە گوندێکی دووری کوردستان ئەورۆ دەرسی مەکدۆناڵد دەڵێ وباسی قازانجی کۆکاکۆلا و هەمبورگێریان بۆ دەکا. منداڵەکان هەموویان بوونەتە ئەستێرەی شین وخەتی سوور.

- کابرایەکی نووسەری دورە وڵات قامکەکانی بە سیخەوە کردوە و دەیانبرژێنێ و بە پێکەنینەوە بە ژنەکەی دەڵێ: ئەو شەو کەبابمان هەیە,,شاشلیك,,
- مەلایەك لە مزگەوتێکی دوور و چکۆلە, بە تاقی تەنیا دانیشتوە, هەر دەقیقە و جارێك دەچێ بە زمانێکی تازە بانگ دەدا و لە دوایی دێتەوە سەری لە ئەرزی دەدا و دەگری.
- چوار موهەندیسی چینی لە چینەوە هاتوون و بە دیاری چوار قاشیان لە دیواری چین بۆ هێناوین, نازانین لە کوێ دایان مەزرێنین. کابرایەك هاتووە دەڵێ: عەجەب وڵاتێکی بێ سەروبەرەتان هەیە, سەگ و پشیلە خاوەنی نیە!
- کۆفی عەنان کیژێکی وڵاتی کوریای باشوری ناردوە, لە قاقەز چۆلەکەمان بۆ دروست کاو هەزار هەزار بیانخەینە شیشەوە.
- لە دوایی ئەو هەموو ساڵە, منداڵێکی,, گازی ژەهراویان,, دۆزیوەتەوە کە ئێستاش هەر زیندووە و دوای ئەو هەموو ساڵە هەر منداڵە. قەرارە بینێرن بۆ موزەخانەی لەندن, بۆ ئەوەی هەموو دونیا بیبینن! دوو منداڵ بە رووت وقووتی لە قەراخ زرێبار راوەستاون و دەڵێن: دەمانەوێ لە زرێباری مەریوان بپەڕینەوە!
- کابرایەکی سەرۆك لە گۆڕەپانێکی گەورە بە تاقی تەنیا راوەستاوە و بە دەنگی بەرز قسە دەکا و ,پاشان قسەکانی خۆی بە 36 زمانی دنیا وەردەگێڕێ. زوو زوو چەپڵە بۆخۆی لێدەداو هورا دەکێشێ و دەڵێ: بژی سەرۆك لە گۆڕەپانەکە هەزاران بوتری شوشە هەڵواسراون, هەر یەکە هەزار چۆلەکەی قاقەزی تێدایە.
- پیرێژنێك کە هەر دوو چاوی کوێرە, خەریکە ئاڵای کوردستان دەچنێ, بەڵام فەقیرە هەر رەنگی سووری هەیە.
- پێشمەرگەیەك لە سەر دوندی قەندیل لە پەنای بەردێك, لە سەرمان قۆنداخی تفەنگەکەی دەسوتێنێ هەتا خۆی پێ گەرم کاتەوە.
- کابرایەکی کێل ساز, کێلی قەبرەکان دەردێنێ و لە سەر ڕا نێوی تازەیان لە سەر دەنووسێ!
- شاعرێك کە جاران وشەکانی لە داری زەیتون دەکرد, ئێستا خەریکە فیشەك دەچنێ.
- دارەکان باوەشیان بە یەك داکردوە, کێوەکان خەریکن رادەکەن, بەردەکان هەموو رەنگ کراون, ئاوەکان لە گەرمای هاوین دەیانبەستێ.
- هەزار منداڵی خەڵکی کەرکوك خەریکی بویاغ کردنی تاقە جووتە کەوشێکن, کە قەیتانی پێوە نیە.(5.3.2003)

## کورتانی ناپلیون بناپارت

بە داخ و کەسەرێکی گران ماوەیەکە کورتانی ناپلیون بناپارتی مەزن,لە موزەخانەی پیاوەگەورەکانی لەندن بزر بووە, کەس نازانێ کێ دزیوێتی و ,ئیستا بە کوڵ چ کەسێکەوەیە وچ کەسێك شانازی پێوە دەکا. دیارە سازمانی جاسوسی فەرانسە ،ئینگلیس،بگرە سیاش بە دوای ئەو کورتانە وەن. جارێ بۆ ماوەیەك یەخەی کورتان بەردەدین و دەچینەوە سەر باسی کەر و تێەڕەکەی خۆمان. ئەو رۆژانە باس و خەبەرو گۆڕانکاری رووداوەکان هێندە کوت وپروتێژە پیاو سەرەندەری لێ دەرناکا و بۆی لێکنادرێتەوە و بۆی ناخرێتەوە سەر یەك, ئەوە نەك بۆمرۆڤی ئاسایی وایە, بەڵکو بۆ ئەوانەش کە لە سیاسەتدا قاڵ بوون و تەنانەت سیاستوان و سیاسەت گێر و سیاسەت پێون، بۆ ئەوانە کە چەرم ودووگی زگیان لە ڕێگای سیاسەتدا ئەستور بووە و بەرغەبەغەبەی سیاسیان هەیە، هەر وایە. چۆغە بازەڵەکەی(1)تێکزاس کە حەوتێرێکی, چاردەخۆر و نەقیزەیەکی دوودوسەری تێژی, پێە! سواری کەرێکی بێسەر بووە, کە هەردوو سەری قونە و

باکور وباشوری لێ مەعلوم نیە. کەس نازانێ بۆ کوێ دەچێ! سوارکارە «زیخەکەی»(2) لە جیاتی کەرەکەش دەزەرێنێ, سمی لە عەرزی دەکوتێ, بەڵام کەس سەر لەو کەربازاریە دەرناهێنێ تەنانەت عەلی کەرداریش(3). تەواوی دنیا لە ماوەی ئەو سی وپێنج ساڵەدا دەزانێ کە خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمەن و ئاشوری و کەلدانی و یەزیدییەوە لە ژێر چنگلە چزەێی(4) سەددام دا بوون,( هەڵبەت بێجگە لە دارو دەستەی خۆی), کە ئەوانیش لوت و کەڵپەیان بە حەڵقەی زەنجیری سەدام هەڵدر بووە وکون کراوە! ئەو کابرا گەدەبەڵەی(5) ناساز ونارەسەنە کە حازرە هەموو خەڵکی عێراق فیدای گیانی ناسڵامەتی خۆی بکا, پەیتا پەیتا لە بەر خودا دەپاڕێتەوە کە هاریکاری بکا. هیوادارم خوداگیان بۆخۆی لە سەر حەقی خۆی وەجواب بێ, مامە هیچی بۆ ئەو پێ ناکرێ.

سەرۆك جورج دابلیو بوش وئەمریکا ئەورۆکانە ڕێگایەکی تازە دەپێون. ئەوەی باوکی لە دوای شەڕی سارد بە نێوی(نەزمی نوێ) دەیویست پاش 11 سپتامبر مانایەك و کاکڵکی دیکەی پەیدا کرد.

پرۆفیسور ریچارد فاڵك لە زانستگای پرینگتون لە وڵاتە یەك Prof. Richardfalk- Princton University USA گرتوەکانی ئامریکا دەڵێ: "ئەمریکا ئەورۆ لە حاند سیاستی خۆی سێ دەستە دەبینێ 1- دۆست 2- نخودی 3- دوژمن. ئەمریکا دەیەوێ پەیمانی ناتۆش بکا بە نۆکەر وقەرواشی خۆی. ئەمریکا دەیەوێ ئەمپراتوریەکی تازە دامەزرێنێ, ریچارد دەڵێ نەزمی نوێ بۆ واشینگتون مانای ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتەکانی دیکە ئیمپراتوری ئەمریکا قەبوڵ بکەن. بەڵام ئەوە بۆ زۆربەی وڵاتەکان مانای لە دەست چوونی سەربەخۆی وکەسایەتی خۆیانە, ئەوانە هێزو دەستەڵاتی خۆیان بۆنووسینی چارەنووسی خۆیان لە دەست دەدەن. ئیمپراتوری ئەمریکا سیاسەتی خۆی بە چەك وشەڕ لە هەموو دنیا دادەمەزرێنێ. تاقە دوو ڕەنگ هەیە ڕەش و سپی! ئێوە خۆتان موختارن لە هەڵبژاردنی یەک لەو دوو ڕەنگە."

11 سپتامبر ڕەوانی کۆمەڵگای ئەمریکای بە تەواوی گۆڕی. خەڵکی ئەمریکا ئێتر نایانەوێ وەکو پێشوو هەموو کاتێك بە خەتەر ومەترسیەوە بژین دەیانەوێ کانگای ئەو خەتەر ومەترسیانە وشك بێ ونەمێنێ. ئەو ڕۆژانە جورج دابلیو خاچێکی لە مڵ کردوو مێداڵێکی نەخشێنداروای ئاڵای ئەمریکای لە لای دەستە چەپی کۆتەکەیەوە قایم کردوە ودەڵێ: هێزی ئەمریکا, تاقە هێزی بە هێزی دنیایە و هەموو دەبێ ئەوە قەبوڵ بکەن وبیسەلمێنن. هێزی گەورەی ئەمریکا لە لایەن خوداوە دێ و هێزێکی خوداییە. هەڵبەت هێندێك پێیان وایە جورجی مەبەستی(حیزبوڵای ئەمریکاییە), نا وانیە!! ئەوانە خۆ کلیلیان لە مل دانیە, خاچیان لە مل دایە! دەبا بینەوە سەر کورتانەکە. مامە عەزۆ 25 ملیون دۆلار دەدا(هەڵبەت جارێ تەنیا 25ەکەی حازرە) ملیۆنەکەشی خودا کەریمە, بە ئەوکەسەی بزانێ و هەڵی دا, ئێستا کورتانی ناپلئون بناپارت لە کوێیە و لە بەر کێ دایە. حەی لە منو کەوێ کورینە, دە هەڵی دەن و خەڵاتی ملیۆنی وەرگرن. (3.3.2003)

1. چۆغە بازەڵە: بەچکە ساوای بەراز
2. زیخەکە: زرینگ, وریا
3. عەلی کەردار: بەیت وحەیران بێژێکی بە ناوبانگی موکریان
4. چنگلە چزەێی: چەسانەوە, چروسانەوە
5. گەدەبەڵ: سەرسەخت و نەساز, سەرڕەق

**نەقڵ ونوقڵی سیاسی**

- ڕەزا نیوپەهلەوی: خۆمن ناگەڕێمەوە حکومەت بکەم, دەمەوێ قەرزەکانی باوکم بدەمەوە!
- حیزبی دێموکرات: هێندەمان کوتوە,, دێموکراسی بۆئێران و خورمختاری بۆ کوردان,, بۆخۆشمان ماندووبووین, وەڕەز بووین.
- کۆمەڵە: تازە وەبیرمان هاتووتەوە کە ئێمە هەر کۆمۆنیست نین, کوردیشین!!,,
- حیزبی توده(دوده): ئێستاش هەر بەهیوایین برژنێف زیندوو بێتەوە ودیسان,, روز از نو روزی از نو,,
- حەوزەی علمیەی قووووم: لەو بیست و سێ ساڵەدا هێندەمان مەلا وکولکەمەلا و کەرەمەلا دروست کردووە, بە سێ کەس قاپێك شۆرباویان بەرناکەوێ!!
- حیزبی دوده ئێستاش وەدەزانێ کە لە مۆسکۆ باران دەبارێ, ئەرزی دەشورێ,!.پیریژن دەتورێ.
- دێموکرات: ئەگەر ئەمریکا لەو هەوایە بڕوا ئێمەش لە ناچاری دەبێ ئینگلیسی فێربین.
- کۆمەڵە: ئێمە بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ ج.ا. سازش ناکەین, ئەوان بیکەن شتێکی دیکەیە!!
- ڕفسنجانی: لە دووای ئەو هەموو پستە وبادامە کە بۆ ئەمریکامان ناردوە, یاخوا هێرشیشمان بۆ بێنێ.

- ئێران!!: ئەمریکا شەیتانی گەورە وادیارە شەیتانی!!! بووە و دەیەوێ بە رۆژی رووناك هێرشمان!!! بۆ بێنێ!!!!
- خاتەمی: ئێمە لە خەڵکی ئێران رازین, ئەوانیش کەیفی خۆیانە!
- ئێران: جەرەسەقیلێکی دیژیتالی(دیگیتال,دیجیتال) دروست کردوە,ئەگەر لە قووم دوگمەکەی لێدەی, لە تاران خەڵك هەڵدەواسێ.
- ئێران: ئێمە بۆمبی ئەتۆم دروست ناکەین, بە دروستکراوی بۆمان دێنن.
- (کۆمەڵە)3: سەرمان لە خۆمان وخەڵکیش شێواندوە, دارێکی سێ سەر تەڵامان پێیە!
- دێموکرات: 12 ساڵە لە سەر(تەجروبە)ی باشور راوەستاوین, 12ساڵیش لە سەر باکور رادەوەستین, پەلەمان نیە نۆرەی خۆشمان دێ.
- رۆژهەڵات: هەر پێمان دەکرێ چاو لە تەلەوزیون کەین, بزانین کەنگێ کوردی باشور دەگەنێ.
- چەنگیزخان: هەموو کەس نێوی چەنگیزە و هەر ئێمە پیاوخراپ بووین.
- ئێران: دەزگایەکی تەواو ئۆتۆماتیکان دروست کردوە بە ناوی,, بەدرهاوێژ,, لە سەعاتێکدا 100000بەرد دەهاوێژێ و 20 ژن دەکوژێ!
- حیزبی دودە, ئێستاش هەر بە سەری لەنین سوێند دەخۆن و سەمای عەرەبی دەکەن.
- شێخ عزەدین: لە شوێنێکی نادیار, لە بەرخۆیەوە بێ ئەوە کەسێك بزانێ کوتی:,, کەس نەڵێ کورد مردوە,,
- ئارنۆڵد: کەر بچێتە بەغدا, دەبێ عارەبی بزانێ.
- رەزا لەتە پەهلەوی: نازانم ئەو مەلایانە, ئێستا کە شا نەماوە بەچی شانازی دەکەن.
- کوردێکی دەرەوەی وڵات: ئێرەم بۆیە پێخۆشە ڕەخنە لە هەموو کەس دەگرم کەس نیە رەخنم لێ بگرێ.
- کابرای تەورێزی: خەڵکی ئێران ئەگەر لە جیاتی کۆکاکۆلا ,,ئەسکەنجەبین,,یان خواردبایەوە, لەمێژ بوو رزگاریان دەبو.
- کوردێکی رۆژهەڵات: ئەوانەی لە دەرەوەن, دەمیان زۆر گەرم وخۆ بەئازا دەزانن! کە لێرەش بوون دەیانکوت,, کونە مشك وەك قەیسەری وایە,,!
- سوریەی باوك مردوو: ئەمریکا بە هەتیوم دەزانێ, بەوڵا بێن قاچیان دەبڕین.
- تورکیە: باشور خاکی خۆمانە درانگ یا زوو دەچین.
- کوردەکان بە تورکیە: بزن کە ئەجەلی هات نانی شوان دەخوات!
- ئاغا یۆنس خان: خۆ بابا سەربازی ئەمریکا دەڵێی یەستری قاچاخچین, دوولابار و سەربارێکیان لە خۆناوە.
- ئێران: دەبا ئەمریکا هێرشمان بۆ بێنێ, وەڵا دەرسێکیان دەدێنێ بە هەنگیوین بڵێن مربای قووووووووم.
- ژنێك لە باشور لە داخی زاتلیتی ئاسمانی تەلەزیونەکی بەر چەکوش داو مێردەکەشی بە شەق وەدەرنا.
- کۆمەڵە: خۆبابا لە جەژنەکانی کۆمەڵە, لە بەر جەماعەتی دێموکرات, جێگای خۆمان نابێتەوە.
- خازڵەخا: ڕەبی سەدام وەبەر سێ تەگەری کەوی بۆ پەندی دات بە عالەم, ڕەبێ ئێسقانی سەگ لە گەروت گیرێ, ڕەبێ کۆڕەکانت وەبەر فیشەکە شێتە کەون.
- ئاغایۆنس خان: بە سەری ئاغای بابم, دە تاجی و15 سوارم وێدەن هەتا بەغدا گیر نابم و سەری سەدام بە پەتەوە دەکەم ,چاکە جا!!
- مام عەزۆ: وەڵا کورد چوار ئاغا یۆنسی هەبێ چوار کوردستان رزگار دەکات,چاکەجا!
- تارەق عەزیز: خەڵکی عێراق ئازادن هەڵبژێرن, یا ئێمە دەیانکوژین, یا ئەمریکا! هەر کەسیش ویستی دەتوانێ خۆی خۆی بکوژێ.
- سەدام: من ئینگلیسی حاڵی دەبم نازانم قسە بکەم, عارەبی قسە دەکەن حاڵی نابم.
- عۆدەی: شەڕ تەواوبێ, ژن دەهێنم ودوکانێك دادەنێم.
- سەدام: ئێمە ئەو شەڕە دەبەینەوە, ئەگەر ئەمریکاش سەرکەوێ.
- عۆدەی: بابم هەموو نێوەشەوێك ڕادەچەنێ ودەڵێ: سەباح ئەلنور, سەباح ئەلخێر!
- خەسوی سەدام: خوا غەزەبت لێگرێ ئاخرەکەی کچەکەم بە دەست تۆوە بێوەژن دەبێ!
- موجاهید: ئێمەش وەك سەدام ئەل قائد, 15 (مەسعود ومریەم)مان دروست کردوە, خۆشمان نازانین کامیان مەسعودە وکامیان مریەمە!
- موجاهید: ئەگەر سەدام لێمان گەڕابا, کوردی عێراقمان بە تانگ وتۆپ قڕ دەکرد.

- مریەم رەجەوی: خودا بۆخۆی دەزانێ سەدامم لە بابم خۆشتر دەوێ بگرە لە مەسعودیش!
- ئەبریشمچی: لەوەتێ مریەمی داوە بە مەسعود, هەر خەریکە گۆرەوی ,,مەرەز,, دەچنێ.
- ئەمریکا: چارەنووسی موجاهید بە چارەنووسی سەدامەوە گرێ دراوە,ئێمەش ئەو گرێیەمان بۆ ناکرێتەوە.
- لە سولەیمانی ,,وەزارەتی کار وباریان,, ناو ناوە ,,وەزارەتی شەڕ,,! لە خۆراوە نەکوتراوە,, شەڕ لە بەتاڵی,, خۆشترە.

**« خۆزگەم بە زەمانی شا!!»**
**((باس و خەبەری خێرا وبێ گرێ))**

- کابرایەك لە سولەیمانی خۆی لە دار دا!«««داری چنار»»»
- سەدام دەبێژێ: من لە عێراق لە دایك بووم«««کام دایك؟؟»»» پێم خۆشە هەر لێرەش بمتۆپێنن!!
- حەزرەتی ئیزرائیل نەیتوانی ویزای بەغدا وەرگرێ!«««لە برایم خەلیل چاوەڕێیە»»»
- تارق عەزیز داوای لە پاپ کرد,نوشتەیەکی باشی مەسیحی بۆ سەدام بنووسێ!
- تورکیە 12 ساڵە خەریکە خەڵکی باشوری کوردستان فێری تورکی بکا!
- سەرۆکەکان پێیان وابوو, تورکیە, عەربستانە,«««بۆیە زوو زوو دەچونە زیارتی حەج»»»
- جورج بوش فەرمووی: کورد ماسکی ناوێ, «««ئاغابانو لە سەروچاویان دەهاڵێنن»»»
- بنیادەم خۆرەکانی جەنگەڵی ئامازۆن داوایان لە سەدام کرد تەشریف بەرێ بۆئەوێ!
- عوودەی کوڕی سەدام خەوێ لێناکەوێ, چوونکە سەدام پێی کوتوە, بێژوو!
- تورکیە وتی: لە بەر خاتری تورکمەنەکان دەیەوێ کوردستان داگیر کا!«««هەر مەنێك سێ کیلۆیە»»»
- ئەمریکا جورە بۆمبێکی دروست کردوە, ئەگەر بتەقێتەوە,«««دیموکراسی بڵاودەبێتەوە»»»
- سەدام کوتی: بریا بەقسەی جەلال تاڵەبانیم کردبا«««حەیف»»»
- خەڵکی باشوری کوردستان کوتیان: کەس نیە بە ئێمە بڵێ, چ خەبەرە!
- نوێنەری جورج بوش لە سەلاحەدین کوتی: کورد بە راستی میهمان نەوازە!
- ئێران وتی:خودا دەزانێ ئێمە کوردمان زۆر خۆش دەوێ!
- ئێران کوتی:کوردی رۆژهەڵات کۆپێنی هەبێ, هیچی ناوێ!
- سەدام کوتی: میللەتی عەرەب ئەگەر پیاوێکی هەبێ,ئەوە منم!
- تاریق عەزیز خورمای بەغدای بۆ پاپ بردبوو, بۆئەوەی زاری شیرین بێ!
- پاپ شێوەی چێ کردنی ,,پیتزا مارگاریتای,, لە کوتە قاقەزێکدا بۆ سەدام نارد.
- جورج بوش کوتی: سوێندم خواردوە تازە عارەق وشەراب نەخۆمەوە.
- جورج بوش کوتی: تۆڵەی باوکم لە سەدام و باوکی دەکەمەوە,کە دەیویست لە کویەت بیکوژێ, بەڵام نەیکوشت!
- جورج بوش ژنراڵێکی ئەمریکایی کە بە ئەسڵ ونەسب عەرەبی لوبنانییە بۆ دوای سەدام داناوە, ئۆپۆزۆسیونی عێراقیش با خۆیان سیر بخۆن و زورنا لێدەن.
- جورج بوش کوتی: ئێمە بۆیە باسی کورد ناکەین چونکو بەدزییەوە خەریکی شتێکین.
- وەزیری دەرەوەی ئێران کوتی: نازانن چەندەمان پێ خۆشە کوردستان ئازاد بێ!
- سوریە کوتی: چاکە شکور, جارێ کەس کاری بە ئێمە نەداوە, هەروا خۆمان «مات» کەین باشترە.
- کۆنفرانسی وڵاتانی عەرەبی کوتیان: زۆرمان پێخۆشە کە ئێمە عەرەبین!
- سەدام بە ئێرانی کوت: پێمان پێبکەنن نۆرەی ئێوەش دێ, ئاش بە نۆرەیە!
- تارق عەزیز بە پاپی کوت: ئەگەر جەنابتان کارێك بکەن شەڕ نەبێ, قەول دەدەم, تەواوی عێراق بکەمە «پیتزاریا» و پیتزاخۆر!
- سەدام حوسێن داوای لە کوردستانی باشور کرد: هێندێك «گڵەسەری»بۆ بنێرن!
- سەدام کوتی: نازانم ئەوانەی وا دوێنێ ماچ وموچیان لە گەڵ دەکردم, بۆ ئێستا تف لە رووم دەکەن.
- شارێك بە نێوی بەغداد لە ئەمریکا هەیە, سەدام کوتی: ئەقڵەن لێم گەڕێن بچمە ئەوێ!
- کوردستان 12 ساڵە خۆی تەیار وئامادە دەکا, بۆ شەڕێکی ئاوا گەورە!««« کاربەدەستێك کوتی کە هەردوو دەستی براوبرا!»»»
- سەدام کوتی: شەرت دەبەستم نیوەی سەربازی ئەمریکایی لە بەغدا هەر بە <u>ئیسحال و ئیستفراق</u> بمرن!
- ئێران کوتی: کورد هەمووی برای ئێمەن! تەنیا دایکمان یەك نیە و باوکمان جیایە!!
- ئێران کوتی: ئێمە بۆ خۆمان تریاك وهێرۆئین لە کوردستان بڵاو دەکەینەوە بۆ ئەوە خەڵك ئەزیت وئازاریان کەم بێتەوە, ئێستا پیاو خراپین!
- سوریە کوتی: کوردەکانی ئێمە جارێ خەریکی زەیتونن, لە کوڵیان بنەوە.
- عوودەی کوڕی سەدام بە توڕەیەوە بە باوکی کوت: حەرامزادە و بێژوو بۆ خۆتی!!

- سەدام لە ترسان سی جزمی قورئانی لە بەر کردووە, وەك حافیز ! هەر ماوە چاوی کوێر کەن!
- سەدام لە دڵی خویدا کوتی: خۆزگەم بە زەمانی شا««هاهاهاهاهاها»»»(9.3.2003)

**پیتزا مارگاریتا**

پێم وانیە کورد هەبێ لە دەرەوەی وڵات پیتزا مارگاریتای نەخواردبێ!, ئەگەر سەد سوێندو قورئانیشم بۆبخون, باوەڕ ناکەم ! تازە مامە پێ وایە کورد نیە دروست کردن و لێ نانیشی نەزانێ!

هێرشی بە کۆمەڵی خەڵکی دەرەوەی وڵات بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو پیتزا دەبێ حیکمەتێکی هەبێ, هەروا لە خۆڕا نیە.

ئەگەر خودای نەخواستە لە یەکێك لەوانە بپرسی: ئەرێ کاکە کوردایەتێکەمان چی بە سەر هات؟ دەڵێ:*«کاکە ئێمە بەشی خۆمان کردوە! نوبەی ئەوانی دیکەیە! لێمان گەڕێن برینمان سارێژ بێتەوەو توزقاڵێك بحەسێینەوە.»* باشە بۆ کوردایەتی و خەبات بۆ سەربەرزی نەتەوەیی, بۆتە سەربازیکردن! یان بەقەولی حەسەن زیرەك«نیزام نیزام»ە!

ئەرێ مامە عەزۆ بە تۆچی! چکارت بەو حالەمە داوە!؟

***مەی خۆرەوەبم بە تۆچی؟ تووڕەی بۆچی؟***
***تۆ بۆچی بەزۆنگی خەمی من ڕۆچی؟***
***چیت داوە لەئاکاری ئەم و ئەو کاکە؟***
***باشتر ئەوەیە کە خۆت بزانی تۆچی؟ (1)***

ناکاکەگیان بە هەڵەداچوی, مامە عەزۆ فیتووی خۆی دەناسێ! بەو قسانەو سەتی واش لە روو ناچێ ومەیدان چۆڵ ناکا! کەیفی خۆتانە چ ناوێکی لە سەر دەنێنن و چۆنی بۆدەچن! خۆزگە بە خۆزگەی ئەو دنیایە حاڵمان ئەو حاڵە نەدەبوو, جەنابیشت بۆ سەرفەرازی میللەتەکەت ساڵ ومانگت دانەدەنا!! فەرموو!

ئەو خانوبەرەشت ساندو, ماشێنی ئاخر سیتەمیشت هەیە و پێنج جۆر تەلەفون و هەزاروحەوسەت کاناڵی تەلەوزیون و هەزارو یەك شتی سەیروسەمەرەی دیکەش, دەتوانی پێم بڵێی ئێستا تۆ کێی؟؟

نێوی مندالەکەت چی ناوە؟ بە کام دەهۆڵ وزوڕنا هەڵدەپەڕی؟

مامەگیان لەسەرەخۆ بە وادیارە لە سەر خەت لاداوە! هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژە, نەفەست درێژکە, قسە زۆرە هەمووی لە سەر ئەوانە خەسار مەکە! بچووە سەر باسەکەی پیتزا!

دەك بە قوزلقورتی مامە بێ ئەو پیتزایە و پیتزاخواردنە!

پیتزام لە بیرچوو,دوای دێمەوە سەر باسەکە. سمینارێك داندرابوو بە ناوی روشنبیرو و روشنبیری کورد. جەماعەتێکی سەرروت کۆببوونەوە و لێکولێنەوەیان لە سەر باسەکە دەکرد, هەر کەسەو چوار قاقەزی ڕەش کردبووە و دەیخوێندەوە. دەبووایە دوو گیرفانی پڕ هەر گوێچکەت پێ بایە, تا گوێ لە هەموویان ڕابگری! دوو بەشی هەر شۆفیری تاکسی بوون!(هەڵبەت مامە نەدژی تاکسی یەو نەشۆفیرەکەی)!

هەرکە باسەکە تەواو بوو, باسە هەر باسی شاینی(2) تاکسی و کڕینی تاکسی وساحەبی تاکسی بو. هەموو شتێك لە بیرچووە! قسەم پێ نەمابو! چوومە ناو کۆمەڵەکە و پرسیم: «ئەرێ کاکە گیان چی بکەم و چۆن ناوی خۆم بنووسم؟ » هەموویان دەورەیان دام و روونیان کردمەوە! لەو دەمی ڕا ئەوە هەر خەریکم نێوی خەیابان و کوچان فێر دەبم. بۆ ئەوی لە ئیمتیحانەکەی سەرفەراز بێمە دەرێ جارێك بە پێیان جارێکیش بە دوچەرخە دەکەومە کوچە و کۆلان, ڕۆژ حەتتا ئێوارە!

ئەگەر لێم بپرسن: « مامە لە مزگەوتی سووری مەهابادەوە چۆن دەچیە باخی میکائیل؟» سەرم لە گێژەوە دێ و زمانم دەشکێ, بەڵام ئێستا بۆ ژیان و ژیانەوە سەوحەفتاوحەوت هەزار(177000) کوچە و خەیابانی ئوروپا دەبێ فێربم!! چارە چیە! زگ و بە قسەی هیچ وپووچ تێر نابێ!

***نەی خۆی و نەپۆشی ئەدی بۆچیت کۆشی؟***
***سەرقاڵی! شەو و ڕۆژ دەکڕی وەدەفرۆشی***
***لێوە تەڕکە بە مەی, لێوی کچۆڵێك بمژە***
***ژێر گڵ هەر نەبی, پەرۆشی یان دڵخۆشی؟(3)***

دیسان باسی زگ وبرسیەتی هات وەبیر پیتزا کەوتمەوە.

دەڵێ: گیا لە سەر بنچی خۆی شین دەبێتەوە! پێم وایە ئەو قسەی پێشینیان ڕاستە!

ئەوەندەی بزانم ماکارونی کە ئێستا ئیتالییەکان خۆی پێ هەڵدەکێشن و فەخری پێوە دەکەن و بە خۆیان دەنازن لە ئەساس دا هی خۆیان نیە. شەو و ڕۆژ خەریکی ماکارونی خواردنن, بە حەوسەد جۆر!ماکارونی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە و بەتایبەت خواردنی عەرەب بووە! هەرشتە هەڵخستنی ئێمەی کوردیش هەر لەو ماڵباتەیە! هەرچەند ئێستا وەك هەموو شتی دیکەشمان باوی نەماوە! لە کوێرا بزانین ئەو پیتزایە هی کورد نەبووە؟! کە ئیتالیەکان لێیان دزیبێتین! دەنا ئەوە چ سیحرێکە کورد لە دەرەوە هەردەچێ بەرەوپیری پیتزا؟ تۆ بڵێی لە خۆڕابێ؟

جا کاکەگیان هەموو ئەو قسانە بە جێگای خۆی! پێم وابێ کەس ناتوانێ وەك مامە عەزۆ پیتزای مارگەریتا دروست کا! باوەرکەن ئەنگوستی خۆتانی پێوە دەخۆن. کە قاش قاشی دەکەم هیچی سەریان شۆڕ ناکەنەوە, دەڵێی قاشە کاڵەکن! پیتزای

چاکیش ئەوەیە سەر شۆڕنەکاتەوە و هەر وا شەق ورەق بمێنێتەوە.   خۆزگە بە خۆزگەی ئەو دنیایە, جارێك پیتزای دەستی مامەتان خۆاردبایە! جا ئەودەمی دەتان زانی پیتزا چیە و مامەمەبەستی چ بوو! جارێ بە داخەوە سەرقاڵی وەرگرتنی شاینی تاکسیم, دەنا بە چل ملیون پیتزا مارگاریتاوە دەهاتمە خزمەت هەمووتان.! چاوو!.بێلا

1) و(3)خەیامی هەژار
2) )ئیزنامە بۆ لێخوڕین یان کڕینی تاکسی

**مازوو**

راستە دەڵێن دین وسیاسەت لە یەك جیا نین؟
مامە عەزۆ: راست نیە, سیاسەت دوای دین هاتووە.
چۆن؟
مامە عەزۆ: زۆر کەس هەیە دینیان هەیە و سیاسەتیان نیە و زۆریش سیاسەتیان هەیە و دینیان نیە!
باشە ئەودووانە دەتوانن لە گەڵ یەکدا بێنەوە؟
مامە عەزۆ: بەڵێ هەر کەس بە مەزەبی خۆی و سیاسەتیش  بۆ ئاڵ و گۆڕی ژیان و کۆمەڵ پێویستە.
مامە سیاسەتی ئەوڕۆ چۆن دەبینی؟
مامە عەزۆ: هەر نابینم, چاوم پێی ناکەوێ, پیربووم.
قەبووڵت نیە؟
مامە عەزۆ: کەس لە سەر من رانەوەستاوە.
دەڵێن بە هۆی تەکنیکی پێشرەو دنیا چکۆلە بۆتەوە, راستە؟
مامە عەزۆ: لە حاند ئینسانییەتەوە, هێندە چکۆلە بۆتەوە هەرهیچی پێوە نەماوە, بە قەرا مازووێکی لێ هاتووە, گۆرەوەی بازی پێ دەکەن.
مەنزورت ئەوەیە ئەوڕۆ زۆرتر ئاگامان لە دونیایە؟
مامە عەزۆ: دونیا ئاگای لە ئێمە نیە.
مامە دەتوانی جارێك ڕەخنە نەگری؟
مامە عەزۆ: تەنیا جارێك, ئەرێ دەتوانم.
کەنگێ؟
مامە عەزۆ: جارێ وەختی نەهاتووە.

**بژی کورد, بژی کوردستان**

ئەم چەرخەکۆنە, ماشێنەکەی ژەنگی گرتوە        چەور نەکا بەخوێنی مە, سووڕانی ئەستەمە  «پیرەمێرد»

کوردستان دیسان گورگان(1) خواردو بووە

- تورکە تەریدە(2)بۆرەکانی ددان تیژی کەڵپە خوێناوی, کە تەواوی مێژووی چەپەڵیان، ئینسانی بەوێژدان وشەرافتمەند, وەرشانەوە دەخا, دەیانەوێ ئەوەندی تر کوردستان داگیر کەن. ئەوانەی کە تەواوی ژیانیان لە خۆکوژی وبراکوژی وکەمەڵ کوژی وئینسان کوژی وجیران کوژی دا قوتار دەبێ، ئەوانەی کە یەك دەخۆن وهەزار بریندار دەکەن, هەزار دەخۆن وبە ملیون رەنج بەخەسار دەکەن، چیان لێمان دەوێ؟ بۆ هەسانیان لە ددانەخوێناویەکانیان داوە وهەڕەشەمان لێ دەکەن؟

***ئەتۆ ئەی چرچە پیسەی لینگ گوواوی        لە گەڵ زەڕراتی عالەم تێکەڵاوی***  «جەنابی مەلا»

-ئەوانە لە کوێرا هاتوون, کە لە 400 ساڵی رابردودا, قەت وقەت لە گەڵ کەس نەحاوانەوە, هیچ جیران وئاشنایەکیان نەهێشتوتەوە. چیان لێمان دەوێ,ئەوانەی کە بەیداخە(3) گڵاوەکەیان بە خوێنی تازە سوور دەکەن. ئەو تورکەبورانە چیان بۆ مێژوو بە دیاری هێناوە, جگە لە کوشتن وبڕین وجەرگ برژاندنی ئینسان؟! چیان بۆ ئینسان وئینسانیت کردوە؟ کام تاجەگڵوینەیان لە سەری کۆمەڵگای ئینسانی ناوە؟! ئەو داگیرکەرانەی خاك ومێژوو و زمان وویژدانی ئینسانی، کەنگێ تێر دەبن؟ بۆ وەکو گورگی هار گورمتەمان(4)بۆ دێنن. بەشێکی گەورە لە کوردستانیان خواردوە و هەموو رۆژ وسەعاتێك, کاوێژ دەکەن و دای دەکروژن, دەم وفلچیان هەموو ساتێك خوێنی تازەی کوردی پێوەیە.

- ئەوانەش خودا دروستی کردون؟!

- ئەوانەش بەشێك لە كۆمەڵی ئینسانین؟!
- بەوانەش دەبێ بڵێن ,, ئەشرەفی مەخلوقات,,؟

نا,نا,نا سەدهەزار جار نا! باوەڕ ناكەم, باوەڕ ناكەم, باوەڕناكەم, دەبێ ئەو بێ باوەڕیە, ببێتە تۆق لە گەردنم,دەبا لە رۆژی مەحشەر,لە پێش هەموو كەسێكدا, بە بێ لێپرسینەوە لە ئاوری دۆزەخم خەن و بەتاقی تەنیا بمسوتێنن. باوەڕناكەم, بەوانە كە باوەڕ دەكوژن و دەسوتێنن, بەوانە كە ئینسان و ئینسانیەت دەكرۆژن! بەوانە كە خودا دەكوژن, چونكو تورك نیە! باوەڕیان پێناكەم,نا! بەوانە كە دەڵێن ئەگەر تورك نەبێ, ئینسان نیە, و ئەگەر ئینسان بێ, حەتمەن توركە! باوەڕناكەم! گورگیش لێتان رازی بێ, كەناویتان شەرمەزار كردوە! چاوتان سوور بووە وخوێناوی, هێندەتان قەپاڵ لە وڵاتەكەمان گرتوە! ئێوە كێن؟! كە لە سەرەتای سەدەی 21 سەری ئینسان دەبڕن و بە شانازیوە وێنەی لێدەگرن؟! ئەوە سەركەوتنە؟! ئەوە سەروەریە؟! بەسەر چیدا؟! بەسەر كێدا؟! ئێوەی تەشقەڵەبازی چڵكاوخۆر, كە ناتۆ تف لەزارتان دەكا وبەرماوخۆری زبڵ وگووی ئوروپاییەكانن بە چی شانازی دەكەن وفەخر دەفرۆشن؟! بەخۆتان وژنرالە قوون دڕاوەكانی نۆكەر ونۆكەرسفتان؟! ها؟! نا,نا, ئەوجار گەورترین سەهو وهەڵەی مێژوی پڕ لە نەكبەت دەكەن, ئەوجار بۆتان نالوێ, وزە هەڵدڕن وبكوژن وبریندار بكەن و بمێنەوە. ئەوجار كەس داكروپان(5) لە تاوانەكانتان ناكا, هەرگیز هەرگیز!! كوردستان ئێستا تەنیا خاكی ئێمە نیە, شوێنی باب وباپیرانمان نیە, هەناوی پڕ لە ڕیشەی ملیون ملیون داروگیاوگوڵ نیە, بەڵكو ویژدانی هەموو كوردیكە, ناتوانن هەروا ئاسان لە بەرچاوی هەموومان پێ شێلی كەن. ئێمە نامانەوێ لە بەر چاوی نەوەی داهاتو چی دی شەرمەزار بین! نا,نا, قەت ئەو كارە ناكەین!

ئێوە ساڵیانی ساڵە داگیركەری وڵاتەكەمانن,وەك چوار داگیركەر! هەركاتێك نێوی ئێمە دەبیستن دەبنە یەك, ئەگەرچی یەك نین و چوار سەرتان هەیە! پێتان وانابێ عادەتمان پێگرتوون! پێتان وانەبێ ناوی ئێوەمان لە بیرچووتەوە! ئەوانەی بە نێوی ئیسلام بە جەروسەقیل هەڵماندەواسن, بە ناوی پان عەرەبیسم دەماناتوینەوە! نا,نا ناوی ئێوەشمان لە بیرناچێ وعادەتمان بە داگیركەریەكەتان نەگرتووە و ناگرین! هەر یەك لە ئێوە بەشێك لە لەشی وڵاتە پیروزەكەمان ئازار دەدەن و خواردوتانە! ئەگەر لەو گۆرەپانەدا, تاقە كوردێك مابێ و هەموو لەشی كوردستان بكەوێتە سەرشان و پیلی ئەو تاقە سەربازەی بەرەی شەڕ, ئەرخایەن بن كوردستان هەر دەژی و دەمێنێ. سەدام هەموو كانیەكانی بە چیمەنتۆ گرت و ویشكی كرد, بەڵام لە ناو دڵی ئەرزدا ئاو هەر مایەوە، ولە لەشی ئێمەدا خوێنیان پێدا دەرۆیشت. هەموو گوندەكانتان خاپورتان كرد, ناویان چووتە هەمبانە بۆرینەی مێژوو دیسان هەڵدەدەنەوە و شین دەبنەوە, لە گەڵ ئێمە وباوەڕی ئێمە, لە گەڵ ئاواتەكانمان, لە گەڵ كورد وكوردستان. منداڵەكانمان دوای ئەو هەموو ئازارە پێكەنینیان لە بیر نەچۆتەوە, فێریان دەكەین پێتان پێبكەنن, ئێوە كە بێ بەری لە زات و سفەتی ئینسانین. لە تەواوی خاكی پیرۆزی كوردستان گورگە(6)كوژە داچێنین وقرتان دەكەین. ئێمە دەژین و دەژینەوە, چاوێك لە رابردوی خۆتان و ئیستای ئێمە بكەن. مێژوو خەریكە ئێوە لە رابردوودا دەنێژێ, وەكو چۆن ئیمپراتوری عوسمانی لە شەڕەكانی باڵكان بە قەبری بابی سێحەبیدا ڕیا,ئەوە چارەنووسی رەش و چڵكن وپیسە. هیچتان نەماوە بۆخۆتان و بۆ مرۆڤی ئینسانی سەر گۆی ئەو ئەرزە! ئێمە لە بەهاردا لە دایك بووین و سەرمان هەڵداوە, لە نەورۆزدا ئاگرمان گرتووە وتین وگەرمای لەشی ئێمە دەگەڕێتەوە, سەرچاوە بریقەدارەكانی ئەهورامەزدا, بستێك لە ئاسمان بە ئەستێرەكانی ئێمە دەدرەوشێتەوە, بەهار بە گوڵەگەزیزە و وەنوشەی ئێمە خۆی دەرازێنێتەوە, چۆن دەتوانن بمان كوژێنەوە وویشكمان كەن؟؟!! تاقە, تاقەی لەشی ئێمە, وشەیكە بۆ شیعرێكی مەزن وئەهورایی بە نێوی كورد وكوردستان. ئێمە ویژدانین,ئێمە باوەڕین, ئەو دووانەش هەتا هەتایە دەمێنین!

كورد زیندووە و قەت نانەوێ ئاڵاكەمان(11و12یمانگی 3ی ساڵی 2003)

1- گورگان خواردو: تووشی بەڵابوون بێ فریاڕەس
2- تەریدە: چەتە, رێگر
3- بەیداخ: ئاڵا, بەیاخ
4- گورمتە: پەلامار, شاڵاو, حەمەلە
5- داكروپان:چاوپۆشی لێكردن
6- گورگ كوژە: گیایەكی ژەهراوییە دڕندە دەكوژێ
7- سەرچاوەی ئەو باسە: 40 ملیون خەڵكی كوردستان

**كەس نەڵێ كورد مردووە!**

سەرەتای رووخانی شاە دەستی پێكردبوو و لە هەموو ئێران خەڵک دژی شا و حكومەتەكەی هەستا بوو و بە هەزار جۆر خۆپێشاندانیان دەكرد, دیارە كوردستان لە پاش باقی شوێنەكانی تری ئێران دەستی پێكرد, ئەوەش هۆی زۆرە لە

حەوسەلەی مندا نیە باسی بکەم, یەک لەو هۆیانە ئەوە بوو کە خەڵکی کورد لە پێشدا باوەڕی بەو هەستانە نەبوو و بە هی خۆی نەدەزانی, هەڵبەت لە دووایشدا روون بووە کە خەڵکی کورد زۆر جوان لەو جوڵانەوە گەیشتبوو بەڵام لێیان تێک دا.

لە شارە خنجیلانەکەی بۆکانیش ئەو گڕ وتینە تازە دەستی پێکردبوو. لە خۆپیشاندانی یەکەم لەو شارەدا هێندێک حاجی و دەم راستی ئەو کاتە, ناوی خۆپیشاندەرەکانیان دەنووسی و کۆیان دەکردەوە کە بە دەوڵەت بڵێن ئەوانە هەموو خەڵکی شاری بۆکان نەبوون و تەنیا جەماعەتێکی سەر رووتی خودانەناسن کە ئاژاوە دەگێڕن. دیارە حەولی ئەو جەنابانە بوو بە بڵقی سەرئاو کارەکەیان پووچەڵ بووە.

خۆپیشاندانی دووهەم هاوکات بوو لە گەڵ ڕاگەیاندنی سەراسەری ڕێپێوان و خۆپیشاندان لە ئێران. ڕۆژێک بەر لە خۆپیشاندانەکە جەماعەتێک کۆبوونەوە و بە خەیابانەکاندا دەرۆیشتن و دەیانکوت: بەیانی تەعتیلە,...., بەیانی تەعتیلە !

دەوڵەتی شا وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆی, زۆربەی زۆری کاربەدەستانی ئیداراتی لە شارە عەجەمەکانەوە رەوانەی کوردستان دەکرد. هەڵبەت لە پێشدا هەموویانی یەختە دەکرد بە جورێک کە هیچکام ساحەبی گوون نەبوون. رەییسی شارەبانی بۆکانیش یەکێک لەوانە بوو کە نەکوردی دەزانی و نە کوردی دیتبوو. و نەیدەزانی توراغ چیە؟! بەڵام دەیکوت : شاهەنشاه باوکمە و فەرح دیباش مادەرم. لەو قسەی ڕا دیار بوو کە حەرامزادە نیە و بە داک وبابە!! کە بەنێوشاریدا دەهات قەت دەمانچەی نەدەبەست و دەتکوت بە سەر فەرشی سووردا دەڕوا و سان دەبینێ, فەخری دەفرۆشت و خۆی دەنوواند. کە وڵات بشێوی تێکەوت, ئەو هارت و هورتەی نەما, وەکو کارمەندی بانکی مللی سبەینان دەچووە ژوورەکەی خۆی هەتا ئێوارە نەدەهاتە دەر.با ئەو قسەیەش لە بەینی خۆماندا بێت وەکو سەگ لە کورد دەترسا. دەیکوت: کورد هەمووی موسەلەحن, هەموو تفەنگیان لە ژێر عەرزدا شاردووتەوە بۆ رۆژی مەبادا. یەکێک نەبوو بەو رەییسی شارەوانیە گەوجە بڵێ باشە رۆژی مەبادا و تەنگانەی کورد کەنگێیە و کەنگێ دەگاتێ؟ هەتا ئەو کوردە ئەسلەحەکەی دەربێنێ؟!

جەماعەتی خۆپیشاندانی« بەیانی تەعتیلە» زیادی کردو گەیشتنە نزیک شارەوانی.لێرەوە دروشمەکەیان گۆڕاو وەکو سەربازی ئەرتەش ڕێک و پێک لاقیان لە عەرز دەدا و سرودی ئەی رەقیبیان دەخوێندەوە. بەراستی زۆر بەگوڕ وتین بوون, ئەرزیان وەلەرزە خستبوو.

نێو شارەوانی شێوابوو, هەموو پاسەبانەکان سپی هەڵگەرابوون و بێ گیان ماتڵی کفن بوون, هەتا ئێستا شتی وایان نەدیبوو. رەییسی شارەوانی لە هەموویان خراپتر. دیاربوو لەسەرەوە دەستوریان بۆهاتبوو هەتا دەتوانن لە پێشدا بە ئارامی خۆپیشاندەرەکان ئارام بکەنەوە و بڵاوەیان پێ بکەن با پەرە نەگرێ.

هەربۆیەش رەییسی شارەوانی دوو پاسەبانی کوردی نارد و کوتی بچن بزانن خواستەکانیان چیە و چ شوعارێک دەدەن. پاسەبانەکان گەڕانەوە و پێیان کوت: قوربان هەموو دەڵێن کەس نەڵێ کورد مردووە. رەییسی شارەوانی کە لە گوێی باوکیدا نووستبوو و لەو قەلە و دەلە سەری دەرنەدەچوو بە تورەیی کوتی: کودام پدر سەگ گفتە کورد موردە.

پاسەبانەکان: قوربان ما ئیتلاع نەداریم

رەییسی شارەبانی کە بۆ خۆی دەترسا بڕواتە دەرەوە بە دوو پاسەبانەکەی کوت: بڕون بڵێن هەر کەسێک کوتویەتی غەلەت کردە, گۆە خوردە, مەگەر کوورەن نەمیبینەن کە کورد هەمەشون زندەاند.

دوو پاسەبانەکە: بە چشم قوربان و دەرکەوتن. رییسی شارەبانی و شاهەنشای باوکی و فەرحی دیبای دایکی و میرات خۆرەکانی ئێستاش هەر نەیانزانی و بۆیان مەعلوم نەبوو کە کێ کووتویەتی کوردە موردە!(6.12.2002)

**دێموکراسی بۆ ئێوە کێو و شاخیش بۆئێمە**

زۆربەی خەڵکی دونیا لە زۆر شوێن لە سایەی سەری حیزبەکانیان و خەباتی خۆیان بوون بە وڵات و دەوڵەتی خۆیان دامەزراندو ئاڵایان بەرز کردەوە, بۆئەوەش نمونە زۆرن, بۆخۆتان وەدوای کەون باشترە, لە تاقەتی مامەدا نیە!
درۆ نیە, ئەگەر بڵێم لە زۆربەی زۆری ئەوخەڵکانە, بگرە زۆرتریش حیزب ودەستەمان هەبووە وهەیە,دەیجا باشە کوا وڵات! کوا دەوڵەت ! کوا !.تەڕەماش! هەرچەند ئەوەی ئاخرمان هەیە و زۆریشمان هەیە!
ئەوەندەی مامە ئاگادارە, بەردی قوچەقانی کورد, هەمیشە چۆلەکەی بۆ بێگانە کوشتوە و بۆخۆی دەست بەتاڵ ماوەتەوە, وەك تاجی مان لێ هاتووە تەماڵ دەگرین و پێشکەش ئاغاکانی دەکەین.

بۆخۆمان لە برسان مردووین باسی شاخی ئافریقا دەکەین, هەزارویەك قودسیان لێ گرتووین گۆرانی بە سەر فلستین دا هەڵ دەڵین و هەزار هەڵەبجە و قارنا و قەڵاتانمان هەیە شیعر بۆ سەبرا و شەتیلا دەڵین.
کاکە رەحمانی کرێکاریی خۆمان لەماڵەوە ئفلیج و بێ دەستەڵات ماوەتەوە,کەچی ئێمە شان و پیلی کرێکاری ئابادان وئیسفەهان دەشێلین. ئایا خودا غەزەبی لێ گرتوین و لەونی لێ گۆڕیوین؟؟؟!!!
کابرا لە تاران گوێز وگێزەر لیك ناکاتە وە، من بۆ دەبێ خۆمی لە سەر بە کوشت بدم؟! دێموکراسی دەوێ!؟ دە بڕۆن چاوی لێ کەن بزانن نیەتی!!
دەبڕۆن چاو لە تەواوی کوردستان بکەن, بزانن بە قەرا دوو پارك و باخی وە حەوشی تاران خەرجی لێکراوە!! دەبڕۆن!.
ئەی ئێمە خۆمان بۆکێ بە کوشت داو بە کوشت دەدەین؟ بۆ ئەوانەی لە سەر چلەوکەبابێك دەمان کوژن؟!
یان بۆئەوانەی لە سەر ئاشتی لە خوێندا دەمانگەوزێنن؟!
مامە بۆتان نابژێرێ, بۆخۆتان بچن!! دەبڕۆن !؟ لە سەر چی راوەستاون؟!
تەواوی ئەوکوردستانە بستێکی رێگای ئاسن هەیە؟ کارخانەی تێدایە؟
*مامەگیان لە سەرەخۆبە, ئارام بەوە, مەچۆ بۆئاسمان, ئێمە لە سەر ئەرزی دەست بەتاڵین,ئاسمان هەر پێشکەشی ئەوان وخوداکەیان.*
دەبرۆ بۆ تاران بە جل وبەرگی کوردیەوە, بڵێ 50 ساڵە ئێمە وەدوای دێموکراسی بۆ ئێوە کەوتوین, بزانە چۆن 50 هەزار جارت لە 50هەزار شوێن بێ حورمەتی وسووکایەتی پێ دەکەن!!
بفەرموو ئێمە خۆمان بۆ ئێوە بە کوشت دا پاداش چیە؟
پێیان بڵێ بزانە لێت حاڵی دەبن, یان هەروەك جاری جاران هەموو سیلات لێ دەگرن و هەتا ئەو سەری کێو وشاخی کوردستان ڕاوت دەنێن و وڵاتت غەرقی خوێن دەکەن هەتا قڕت دەکەن! بەڵام تۆ هەر لە سەر قسەی خۆت ڕاوەستە و بڵێ: دێموکراسی بۆئێوە و کێو وشاخیش بۆ ئێمە!!
هەژار گوتەنی:

*خۆزگەم بە کەسێ نیشان وناوێکی نەبو      لە شوێن پروپوچ خەیاڵی خاوێکی نەبو*
*نەك وەك من وتۆ کوندەبەبو ئاسایی      چاوی لە قەڵایەك بو کەلەوائێکی نەبو*

## تێکەڵاوی ڕەنگەکان بە قازانجی کێیە!؟

بە خۆشییەوە دیسان خەبەرم پێ گەیی کە لە باشور شایی و گۆوەندە ونەقوڵ و شیرینی بڵاودەکەنەوە, دەهوڵ و زوڕنایان وەڕێ خستووە, گۆرانی یەکیەتی دەڵێن. ڕەبی موبارکیان بێ, کێیە پێی ناخۆش بێ؟! مەگەر دوژمن و حەسوودی کورد!!!. بەڵام مامە عەزۆ هەرچەند بیری لێ دەکاتەوە سەر لەو ماست و دۆشاوە دەرناکا و بۆی جیا نابێتەوە. نازانم بۆ ئەگەر بۆخومان دەڵێین ئاشت بنەوە, کەس گوێ بۆ قسەمان ڕاناگرێ و هەر سواری سەری یەکتر دەبن و سەروگوێلاکی یەکتر دەشکێنن, بەڵام هەرکە زرینگەی زەنگوڵەی واشینگتۆنیان بیست, باوەش بە یەکتری دادەکەن و لاچاوی یەکترماچ دەکەن, نانی گەرمەشانی بە یەکتر بە قەرز دەدن. ئێمە ئەو فیلمەمان زۆرجار دیوە, بەسە! ماندوو بووین! بۆ پێتان وایە ئێمەش زاتەلایتی ئاسمانین و لە ئاسمان دەژین و خەبرمان لە عەرزی نیە! لە رووی ناچاری ئەوجاریش بەخێرهاتنتان دەکەین و دەڵێین کارێکی چاکتان کرد بوونەوە بە (1), بەڵام بەو شەرتە جاری ئاخرتان بێ و لە سەر قسەی خوتان راوەستن. گەمە بە خەڵکی مەکەن! ئەوەش بڵێم, ڕەنگەکان بە تەنیا هەر ڕەنگن و زۆر جوان نادروشێنەوە, بەڵام کە تێکەڵ بوون مەبەستیان دەبێ و شانازی دەێنن و لە بەختەوەری نزیك دەبنەوە و تابلۆیکی جوان و رازاوە پێك دێنن.

## هەڵپەرینی ورچ و دەعبایەکی تازە

پێم وایە ئەوانەی وا دووکراسیان زۆرتر لە مامە عەزۆ دڕاندووە, بە باشی لۆتی وورچ و مەیمونەکەیان لە بیرە, کە بە وڵات دا دەگەڕان وخەڵکیان لێ کۆ دەبووە, سەیروسەیاحەتێکی تەواو بوو. زۆرجار بۆ رۆژە تایبەتیەکان دەهۆڵ و زۆرنای لە گەڵ بوو! چیە ئەوە شاهەنشا یان کوڕی شاهەنشا لە دایك بوون!

ماوەێکیش پاڵەوانەکوێرەی کرماشان و پاڵەوان شیرازی بوون بە عەجایب و سەیری رۆژگار. پاڵەوان شیرازی عەجایب پاڵەوانێك بوو, ماڵت نەشێوێ تەراکتوری بە سەر زگی دا دەڕۆیشت کەچی هیچی لێ نەدەهات, ساغ وسەلیم هەڵدەستاوە سەرپێ. کوڕە کوتم جا ئەوە چیە من میللەتێکم پێ شك دێ 40 ملیون جار تەراکتور وتانگ وتۆپ و تەیارەی بە سەر زگ وسەری دا دەڕۆن کەچی هیچی لێ نایە, هەروەك خۆیەتی! لە جێی خۆی جوولە ناکا, بۆتە پاڵەوانە قۆڵ رەشەکەی پیرەمێرد, هەموو رۆژێك چینێکی لێ نەدەن ناچێتە مەیدان, یان دەبێ هەموو رۆژێك 5000جار لە هەڵەبجە بیسوتێنن جا ئەو جار هاواری بەرز دەبێتەوە. پاڵەوان شیرازی چی و مریشکی چی و هیلکەی چی!!

ئێستا ئیتر دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان هەموو شتێکیان بۆ هاسان بۆتەوە,نە ورچ و زنجیریان دەوێ و نە لۆتی و میمونەکەی و نە پاڵەوان شیرازی. تازە ئەوانە باشتربوون دەهاتنە نێو خەڵکەکەوە وحاڵ ورۆژیان بە چاوی خۆیان دەدیت. ئێستا دەعبایەکی سەیر و سەمەرە جێگای هەموو ئەوانەی گرتۆتەوە وەك جادووگەر وایە هەزار ویەك سیحر وفێڵی لێ دێتە دەرێ. بەقەرا مجرییەکە,(هەڵبەت گەورە و چوکەی هەیە) ناویان ناوەتەلەوزیون! هەوسارەکەشی بە دەست پیاوچاکان لە سەرەوەیە وهەر چۆنێ پێیان خۆش بێ راوی دەدەن. نوێنەری دەوڵەتە ودەم راستی ئەوان. بە بێ دەردەسەر وخوێن ڕشتن سەر بەهەموو ماڵێك دا دەکا و باس وخەبەریان بۆ دێنێ وبۆ دەبا.

هەزار پاڵەوانەکوێرە وپاڵەوان شیرازی دێنێ. تازە ئەو هەموو رۆژو شەو سەعاتێك هەیە و هەر بەردەوامە وپاڵەوان بازی خۆی دەکا! ئارام و لە سەرەخۆ خەڵك ژەهرخۆر ودەرمان داو دەکا ولە خەویان دەکا. بیروباوەڕیان تێك دەدا و بیروباوەڕی تازەیان بۆ دروست دەکا, کاری نەکردە دەکا و سێحری نەدیتوو!. بەراستی سەری هەزار زانای پێوە گێژە!!!

جا لەهەمووی خۆشتر وسەیرتر ئەوەیە ورچ وپاڵەوانەکەش لە خۆت بێ. بەزمانی زگماکی خۆت قسە بکا وبەیت وبالۆرەت بۆ بڵێ, جنێوت پێ بدا .

کوردیش بۆئەوەی لەو کاروانە بێ سەروشۆێنە وەدوا نەکەوێ و وەکوو هەموو خەڵکی ئەو دونیایە چاوی بپشکوێ و روون بێتەوە و دونیا ببینێ لە ئاسمانەوە بە هۆی چەند مەلاییکەوە تەلەوزیۆنیان بۆ هێنا. ئاغاگیان بوو بە شایی وگۆوەند و هەڵپەرکێ لە هەزار ویەك پارچەوە. هەموو پێیان وابوو ئەوە پیاوچاکێکە کە ئاوی بابەقەتاری لە گەڵ خۆی هێناوە و بە گەرومانی دادەکا وچاك دەبینەوە وچاومان دەپشکوێ.

دەعبا عەجیب وجادوگەرە وەخت و بێ وەخت بە کەیفی خۆی هەڵیان دەپەراندین و شایی یان پێدەکردین وبگرە بە شەڕیشیان دەدایین. ئەوجار ئەوە ورچ وپاڵەوانەکە نەبوو کە هەڵدەپەڕین بەڵکو ئێمەی ئاگا لە خۆ نەماوی بەستزمان بووین کە بە چەقەنەی ئەوان هەڵدەپەڕین و شەڕو شادیمان تێکەڵاو دەکرد. سەیرمان بە راستی خۆش بوو, هەموو عالەمی دونیا سەیری ئێمەی دەکرد, بێچارە بڵێن چی شتی وایان لە وڵاتی خۆیان نەدیتبوو, ئێمەی گۆشت نەدیوی گۆشت نەخۆریش, بە زمانی خەڵك لێوی خۆمان دەلێستەوە. قامکمان بە چاوی یەکتر دادەکرد! نازانم خەڵکەکە دەبێ شانازی بەو تەلەوزیونانە بکا یان تەلەوزیونەکان بەم خەڵکەکە, سەرم سوڕماوە.

نامەوێ زۆر لە سەری بڕۆم وسەرتان وئێش بخەم. بەڵام لێم گەڕێن قسەی دوایەش بکەم جا ئەوجار ئێوە بەخێر ومامەش بە سلامەت.

لێتانی ناشارمەوە, دەمویست خۆم قانع کەم ودڵ خۆشی خۆم بدەمەوە وبڵێم مامە گیان ناراحەت مەبە, ئەوە شکور تەلەوزیونمان هەیە, شەورۆژ لە کاردایە وبەهەناسەی ساردی گەرمەوە خەریکە بە خۆمان وخەڵکی دونیا بڵێ, کە ئێمە حەقمان خوراوە, حەقمان دەوێ, حەق دەستێنین بەڵام مخابن مامەئاهۆن نابێتەوە و باوەڕناکا هەرچەند پێستی سەری ئەستور نیە و زوو لە شت دەگات. ئەگەر زمانی ئەو دەعبا تازەیە نەزانین لە وانەیە ببێتە سەرەخۆرە و سەری خۆشمان بخوا!!

خوڵا ئەو رۆژە نەهێنێ! ئاخری خێر بێ!(21.11.2002)

هیوادارم ئەو نووسراوەیە وە بەرچاوی ماموستای بەرێز دوکتور جەماڵ نەبەز نەکەوێ, دەنا چوار کتێبی بە چوار زمان لە سەر دەنووسێ.

**لکی قەڵەشیو**

رۆشنبیر,, تێگەیشتوی پێگەیشتو,, رۆشن لە گەڵ بیر!
هەمبانە بۆرینە دەڵێ:
رۆشن: بەرانبەری تاریك, رووناك.
بیر: چاڵاو, هزر, فیکر, یاد.
دەبا بۆلێکدانەوەی ئەو وشە گرینگە, کە سەرچاوەی زۆربەی زۆری گیروگرفتەکانە لە ئاخرەوە بێنەوە سەر هەوەڵ.
بیر: ئێمە دەزانین لە هەر شوێنێك ناتوانین بیر لێدەین و بیر هەڵکەنین. لەوەتی کورد هەیە و خودا بە حەقی ناناسێ, بیر هەبووە و بیر هەڵکەنیشی لە گەڵ. وەك دەزانن بەداخەوە زۆربەی وڵاتی ئێمەیان ئیسفاڵت کردووە, لە هەموو شوێنێك ناتوانین بیر هەڵکەنین, هەربۆیەش بۆئەو مەبەستە دەبێ لە کێووشاخی بدین, دەنا سەرگەردان وئاوارە وەگوند ولادێکان کەوین. شکور لەوێنە ئێستاش بیرماوە و بیر هەڵکەنیش قەدری هەیە. زۆرجار بەهەڵکەندنی سێ چوار میتر زەوی لە زۆربەی دەتوانین ئاو هەڵهێنجین. بەداخەوە ئەوە هەمیشە نیە وهەروا هاسان نیە, شوێنی واهەیە لە بیست میتری زەویشدا چۆرێك ئاو پەیدا نابێ.

ئەنواعی بیرمان هەیە: بیری تەسك, بیری قوڵ, بیری پان وبەرین, بیری بێ بن.
هەریەك لەو بیرانە لێكدانەوەی لەسەرخۆو بەتاقەتی دەوێ, ئێمە بۆ مەبەستی خۆمان بە قەرا سەری مێرولەیەك چیلكەی تێوەردەدین و شی دەكەینەوە, بزانین چۆڕێك ئاومان وەدەست دەكەوێ!
بیری تەسك: بیرێكە لە یەك دووگەزی عەرزی دا دەگا بەئاو مخابن ئاوی بەقەرا قەڵافەتی خۆی تێدایەو زوو خەڵاس و وشك دەبێ.
بیری قوڵ: بیرێكە كە زۆرجار لەبیست گەزی عەرزیەوە دەست پێدەكاودرێژەی هەیە و كوتایی نایا. ئەوە لەتاقەتی هەموو كەرێسكەن وبیرهەڵكەنێكدا نیە, زۆرجار بۆ ئاهەڵهێنجاندن لە ترومپا و دۆڵچە وچەرخ یا توربینی كارەبایی كەڵك وەردەگرن.
بیری پان وبەرین: بیرێكە كە لەباری قوڵایی وپانیدا خۆی دەنوێنێ, ئەوجۆرە بیرە ئاو لەخۆیدا رادەگرێ و دەمێنێتەوە, زۆرجار دەبێتە ئەستێری ئاو لە سەر عەرزی. هەموو كەسێك كەڵكی لێ وەردەگرێ, زۆرجاریش لیخن ولێڵ ئاو دەبێ.
بیری بێ بن: ئەو بیرە بەداخەوە هەتاكو ئێستا نەگەیشتۆتەوڵاتی ئێمە.كەس خۆی لێ نادا, لەسەرێكیشەوە شەرعی نیە.
جا ئێستا ئەگەر بمانەوێ وشەی,,رۆشن,, و,,بیر,, وەك دووفلیقانە بەیەكەوە بلكێنین زۆر مانای رەنگاو رەنگ و جواروجور دەداتەوە, بۆئەوەی لەو خلێنە و بلێنەش حاڵی بین تۆزێك خلیتكەی دەدین هەتا ددانی وەدیاردەكەوێ.
هەموو ئەو بیرانەی سەرەوە دەچنە چوارچێوەی دوو جۆری سەرەكی رۆشن یان رووناك لە گەڵ تاریك.
رووناكبیر: ئەو بیرانە رووناكن یان نێوەكەیان دیار وبەرچاوە, هەڵبەت ئەو رووناكیێەش لە هەموو شوێن و كاتێكدا بەرانبەر نیە! زۆر وكەمی هەیە.
بیری واهەیە ئەوندە رووناكە, چاوی مرۆڤ وە رەشكە وپێشكە دەخات, بۆ وە نابێ چاوی لێبكەی. بیری واش هەیە رووناكییەكەی بە قەرار شۆقی چرای لامپای دەنمرە دەبێ یاخۆ چراتۆڕ. هیواش هەیە وەكو لامپی نێئۆنە رەنگاو رەنگ دەنوێنێ.
تاریك بیر: پێم وابێ هەمووكەسێك زوو لێی حاڵی دەبێ مەبەست تاریكی یە, هەڵبەت ئەو تاریكی یەش جوراجورە, ئی واهەیە بە چراقووەیەكی دووباتری دەتوانی بنەكەی ببینی. ئی واش هەیە ئەگەر بەرقی شاری تۆكیوی ژاپونی بۆ هەڵكەی ئێستا هیچ دیار نیە.
زۆرجار لە زۆر وڵات كاتێك ئەو رووناكبیرانە دەكەونە لای یەكەوە ترس هێنەرن, كەس توخوونیان ناكەوێ. ئەوترسەش لەوەدایە ئەگەر رووناكبیرەكان لە لای یەكەوە بن, لەوانەیە تێكەڵ بن, ببن بە زێی و چەم و سەری خۆیان هەڵگرن هەتا بە دەریا دەگەن. هەر لە بەر ئەوەیە لە وڵاتە دوواكەوتوەكان تا دەتوانن پێشی كەرێسكەن و بیرهەڵكەن دەگرن, بیری رووناك لێدەن. رووناكبیر و رووناكبیری چەرمەسەرێكی گەورەیە! هەرچەند ئاوی خاوین وپاك هەمیشە لە بیری قوڵ ورووناك دایە, نە لە ئی تر!.

**كاتێك بۆ دیتنی سینەما**

بەهەمن قوبادی لە وتووێژێكی تەلەوزیونی دا دەڵێ:« ,,من سناریۆ نانووسم,, هەموو شەوێك نوشتەیەك دەخەمە ئیستكانێك ئاوەوە, بەیانی ئاوەكە دەخۆمەوە ئەوجار دەست دەكەم بە فیلم. لە كوردستان لە دەرگای هەرماڵێك بدەی, ئەوە خاتوونێك راوەستاوە سێ چوار حەلقە فیلمی پێیە! یانی بەراستی كوردستان هەمووی فیلمە!! سناریۆنووسینی ناوێ!» هەموو بووین بە سینەما! تازە وردە وردە خەریكە فیلمەكانمان وەدەر دەكەوێ و زاهیر دەبێ و خەڵك خەڵاتی زێڕ وئوسكاری پێوەردەگرن! كوردستان سینەمایكی تەواوە.
مامە عەزۆش بە نۆبەی خۆی لاچاوی راستی بەهەمەن گیان دووماچ دەكا بۆ ئەو راستییەی وەدەری خست. هیوادارم لە كاروباری سەركەوێ و قەت تووشی بەردی سارد وگەرم نەبێ, عەمر درێژ بێ بەهەمەن گیان.
بەهمەن گیان ئەو جۆرەی تۆ دەستت پێكردوە لەوانەیە كاتێك نەبێ بۆ ناولێنانی فیلمەكانت, مامە عەزۆ بە بێ هیچ چاوەروانییەك هێندێك ناوی بۆ هەڵبژاردووی, هیوادارم پڕ بە پێستی فیلمەكانت بێ, دور لە تەنگی!



كاتێك بۆخوێندنی كەڵەباب!
كاتێك بۆ هەڵپەڕینی ورچ!
كاتێك بۆ هەڵفرینی قاژوو!
كاتێك بۆ دابەزینی مەیموون!
كاتێك بۆ هەڵخزینی ماسی!
كاتێك بۆ دەرمان داوكردنی سەگەكان!
كاتێك بۆ سەربڕینی مریشك ومامر!
كاتێك بۆ لێنانی حەلیمی ,,بۆقلەموون,,!
كاتێك بۆ دزی وفزی پشیلە وكتك!
كاتێك بۆ قرتاندن و خرماندنی بەچكە مشك!
كاتێك بۆ ناڵی بە گوێچكەی,, جاشە كەر,,!
كاتێك بۆ خەڵاتی كەر و زڕەی شاهانە!

کاتێك بۆ دروستکردنی قەفەسی کەو!
کاتێك بۆ مردنی لە سەرەخۆی پەڕەسلێکە!
کاتێك بۆ جووتە و لوشکەی یەستر!

تەبینی و سەرنجی مامە:
هیوادارم ئەو ویسکی یانەی فیلمەکە ساختی ,,جمبوری,, نەبن کە خەڵکی پێ کوێر دەبێ و دەمرێ.
ئەوندەی من بیستومە و ئاگادارم لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەسێك عارەق بخوا و مەستی بکات 80 زەربەی شەلاق لێدەدەن و تازە دەبێ هەموو جارێك تەکبیر بڵێت! بەداخەوە لە فیلمەکەی تۆدا حیسابی ئەوئەسپە فەقیرانە لە هەشتا تێدەپەڕی و زۆریش لادەدا, پێم وابێ هۆی ئەوە بوو کاتی لێدان تەکبیریان نەدەکوت, تۆش پێت وانیە؟
هەروەها ناوەندی پارێزگاری و پشتیوانی لە مافی حەیوان ڕەخنەیێکی توند وتیژی هەبوو بەرانبەر بە لێدان و قامچی کردنی ئاکتورە ئەسپەکانت, بە هیوایی ئەوەی لە داهاتودا ئەوەش وەبەر مقەستی تیژی فیلم بڕەکانت کەوێ.

قاز و قوڵینگ

- لە گوندی حەسار, عوسمان هێشتا نەگەیشتبووە سەر مەزارەکەیان, دەستی بە گیرفانی راستی پانتۆڵەکەیدا کرد و کەوتە گەڕان و سەرو خوار کردن, لە سووچێکی گیرفانی چەند دەنک تووی کەوتە بەر دەست, هێنایە دەر و بێ ئەوە چاوی لێ بکات لە زاری هاویشت و ئاودیوی کرد. پێنج دەقیقە بەر لەو گۆرانی نیزام نیزامی حەسەن زیرەکی دەکوت. سۆفی محەمەد سەرە خڕ و چکۆلانە و ئاڵۆزەکەی لە سەر ملی داکوتابوو, گوێی لە دەنگی 9 دانە قازوقوڵینگ لە ئاسمان بوو کە بەرەو هەولێر دەفڕین.
-خا خەجیج چاوی بڕیبووە هەر دوو دەستی خۆی و واق مابوو, بیری لە هیچ نەدەکردەوە, لە ناو لپی دەستی خاڵی رەنگ قاوەی مەیلەو رەش سەری هەڵدابوو, با بڵێین شین هەڵگەڕابوو. هەزار پیکەی کە بە ناوچاوانی سوقراتەوە نووسابوو لە بەر گەرمای کورەدارەکەدا کەوتە خوارێ و خا خەجیج وەبیر زەمانی خەنەبەندانی خۆی کەوتەوە. رەحیمی کوڕی دەویست دایکی بەرێت بۆلای دوکتور نەکا نەخۆشییەکی تایبەتی گرتبێت. ڕۆڵەگیان نەخۆشی چی!؟ داخوا دەستم لە چی داوە! هەرچی بێ خۆ ئێشی نیە, خۆ من کچی عازەب و شابانو نیم, ئەوەی کوت و خۆی پێکەنینی بە قسەکەی خۆی هات.
پێنج دەقیقە لەوە بەر خا خەجیج لە بەر خۆیەوە گۆرانی قاقەز دەنووسم بۆ لەیلای محەمەدی ماملێی دەکوت.
-سۆفی محەمەد لە بەر دەرگای نەخۆشخانەکەی بۆکان راوەستابوو, بە ئەسپایی لە چاوەچکۆلە بێ هێزەکانیەوە فرمێسک ئەرژا. عوسمانی کوڕی لە ژووری ژمارە پێنج لە بەر پەنجەرەکە لە سەر تەختێک راکشابو, هەر لەو ژوورەی کە حەسەن زیرەک دوا کاتەکانی ژینی لەوێیدا بەسەر بردبوو.
رەحیم هاتە بەر دەرگای نەخۆشخانە, سیغارێکی داگیرساند و مژێکی قوڵی لێداو چاوی بە سۆفی محەمەد کەوت. مامەگیان سیغار دەکێشی؟ ئەوەی کوت و لێی نزیک بووە. دووکەڵی سیغارەکانیان تێکەڵ دەبوو و بەرەو سەربانی نەخۆشخانە هەڵدەکشا و مەیلەو ناڵەشکێنێ پێچایەوە و ئەوجا بەرەو ئاسمان ئاوا بوو, 9 دانە قازوقوڵینگ فوویان لە دووکەڵی سیغارەکە کە ئێستا ببوو بە هەور کرد و تێپەڕ بوون.
-دوکتور رەزا کە خەڵکی هیندوستان بوو و کچێکی کورد ئاشق و شەیدای چاوە خومارەکانی ببوو, هات بۆ لای رەحیم و بە فارسێکی هیندوستانی پێی کوت: "دەبێ هەرچی زووتر دایکت بەری بۆ تەورێز, لەوێ لە ژێر چاوەدێری دوکتوری پسپۆری پێستدا دەبێ ئازمایشی بکرێ, لێرە عیلاجی ناکرێ! هەر لەو کاتەدا ماموستا هەژار بەرگی یەکەمی شەفای قانوونی ئەبوو عەلی سینای لە عەرەبییەوە کردبوە فارسی. رەحیم کەڕ و کاس وێستابوو. دوکتور رەزا پێی کوت: ئەگەر ئیمکانت نیە, دوو سەعات ماتڵ بە تا بە ئامبولانس نەخۆشەکەت لە گەڵ کوڕی ئەو کابرایە, دەستی بۆ لای سۆفی محەمەد درێژکرد, بەڕێ کرێت بۆ تەورێز.
لە سێ رێیانی میاندوئاو پاسدار پێشی پێ گرتن و کوتیان: ئەوانە پێشمەرگەن و لە شەڕدا وایان لێهاتووە. سوفی محەمەد: "ئاغای برادەر پێشمەرگە و مێشمەرگەی چی, ئەو کوڕەی من ژەهری خواردووە و دایکی رەحیمیش سوورێژەی لێهاتووە. رەحیم هەر ئەوەی بە فارسی دەکوتەوە. جاشکێک هات و بە کوردی پێکوتن: مەرەخەسن, کاک رەحیم تۆ چۆنی؟! رەحیم کوتی: قوربانی وجوودت, باشم. تف لە گەروویدا ویشک ببوو.
لە کاریدۆری نەخۆشخانەی پەهلەوی هەر دوو مەیتی عوسمان وخا خەجیج لە سەر برانکار داندرابوو و چاوەڕێی ئامبولانس بوون بۆ گەڕانەوە. رەحیم و سۆفی حەمە یەکتریان لە ئامێز گرتبوو دەگریان. دوکتور جەوادی کە تەورێزی بوو و دوکتور سەلیم کە کوردی بانە بوو بە دیاریانەوە راوەستابوون. دوکتور سەلیم لە دڵی خۆیدا وەک رەحیم و سۆفی حەمە دەگریا.
دوکتور سەلیم پاش بێدەنگێکی زۆر کوتی: " کوڕەکەت«مەرگە مووشی» خواردبوو, بە داخەوە زۆر درانگ هێناتانە تەورێز, دوکتورەکان هیچ کارێکیان بۆ نەکرا, ژارەکە چووبووە ناو خوێنەکەیەوە. سێ چوار دەنکە گەنمی ژاراوی لە ناو

گەدیدا دۆزرایەوە." سۆفی رەحیم وەبیری هاتەوە کە هەفتەی رابوردو لە دوکانی حاجی سەعید مەرگەمووشی کڕیوە و داویە بە عوسمان لە عەمبار بۆ مشکەکانی دانێ.
دوکتور سەلیم دەستی نایە سەر شانی رەحیم و کوتی:
"دایکت ئالێرژی بە فاب و سابوون و شتی پاککەرەوە هەبوو, بە داخەوە سەرەتانی پێستی بوو, ئەویش سەرەتانی"بەدخیم" چارەی نەدەکرا."
ئەو کاتەی دەوڵەت بۆکانی گرتەوە و داگیری کرد, زۆربەی لاوان و جحێلان هەڵوەدای کەژ و شاخەکان و شارەکانی تر کران, رەحیم لە شاری تەورێز لە کارخانەی سابوون سازی کاری دەکرد, سابوونی جل شۆری. ئەو شوێنە هەر بە نێو کارخانە بوو, لە تەویلە دەچوو, نە پەنجەرەی هەبوو, نە هەواکێش و نە بەرگی تایبەتی بۆ کرێکاران هەبوو. رەحیم و چەند کوردی دیکە و چەند کەسی ئازەری شەوانە کاریان دەکرد, کەسیان بەسەرەوە نەبوو, هەر بۆخۆیان بوون, هەر کاتێک میزیان هاتبا دەیانکردە مەنجەڵە گەورەکانی سابوونەکەوە. دەیانکوت: "خۆ ئەو سابوونە بە چۆڕێک میز پیس نابێ".
-قازوقولێنگەکان گەیشتبوونە سەر قەڵای هەولێر. منداڵە قەرەچییەکانی گەڕەکی قەڵا کۆببونەوە و بە تێکرا دەیانکوت:
"کوردستانە, کوردستان باخچەی گوڵان, دەردی دڵان.... ئیرۆ ماینە بن دەستن باری گران.... "(11.4.2004)

**ڕەخنەی چەك و چەکی ڕەخنە**

- نازانم کورد بۆدەبێ هەموو شتێك لە سەرڕا دەست پێبکا. لە تاقیکردنەوەی خەڵکانی تر وتەنانەت لە تاقیکردنەوەی رابردوی خۆی کەڵك وەرناگرێ, بۆئەوەش بە داخەوە سەدان وبگرە هەزاران بەڵگە هەیە.
- لە پێشدا بە خۆشەویستی دەست پێبکەین باشە, چونکو بێ خۆشەویستی ژیان ئاورگەیەکی بێ ئاورە, کە نە تین وگەرمای هەیە ونە ڕووناکی. زەمانێك مرۆڤ خودایەکی هەبوو, ڕووناکی دەپەرست, ئێستاش کە خودایەکی بۆ هەموو شتێك پەسەند کردوە, ڕووناکی هەروا پیرۆزە!
- بیر سەرەتای جیابوونەوەی ئینسان لە هەموو زیندەوەرێکی ئەو ئەرزەیە.
- ڕووناك بیر میوەی دارێکە بە نێوی زانست و لە مانایەکی خێرادا یانی مرۆڤی زەمانی خۆ بوون, تێگەیشتن لە بزووتنەوەی ئینسانی ئەوڕۆ لە هەموو ئاستێکدا ودیتنی کاکڵی ڕاستەقینەی ژیانی ئەوڕۆ و داهاتوو!
- مێژووی ڕووناك بیر وڕووناك بیری, مێژوویێکی پڕ لە کارەساتە و پێچەڵە وپوچ وبگرە زۆر خوێناویشە,مەبەست لێرە چوونە نێو ئەو باسە قووڵە و لێکدانەوەی نیە. ناڕنا ئەو باسە کوڵی وا قورس وگرانی پێهەڵناگیرێ,تەنیا, دەروازە زێڕین وتەلایەکانی لە دوورە ونیشان دەدا, بۆ ئەوانەی پێیان وایە, دانیشتووی ئەو کۆشك و قەڵا وباڵەخانەیەن. بۆ کوردی ڕووناك بیر, بۆ ڕووناك بیری کورد.
- ئەگەر ئەوڕۆکە ئێوە لە مەیدانی شەڕی ڕاستەقینەی کورددانین و هەریەکە وچەکێکتان بە شانەوە نیە وخەریکی خۆکوژی ویەکتر کوژی نین, مانای ئەوە نیە بێکار دانیشتوون وئاش بەتاڵتان کردوە, ناڕنا قەت شتی وا قەبووڵ ناکەن کورد کوتەنی شەڕ لە بەتاڵی خۆشترە.
- بەحەقی ئەوەی سەر ڕوتن ودوای شتی خۆش دەکەون, شەڕەکەتان هێناوتە مەیدان و گۆڕەپانێکی دیکە, خودای شەڕ باڵی بە سەردا کێشاون و مریدی هەڵقە لە گوێی شەڕن, ئێوە لە شەڕدا جەزم دەبن و بە شەڕ خەنی ودڵ خۆش. لە جیاتی زەرگ, قەڵەم لە گوێتان رادەکەن وقەڵەم بە چاوی یەکتردا دەکەن.
- ئەگەر کوردستان بە هەزاران کێلی براکوژی لێ شین بووە, بە بای خەیاڵتان دا ناچێ. بەڵام هەر ئێوە بوون. قاقەزو بلاڤوکتان ئیمزا دەکرد دژی شەڕی براکوژی. شەڕی ئەوان دیارە, تەرمی لاوەکانی کورد و خوێن سوورەئاڵەکەیان تروسکە لە چاوتان دەخا وبۆماوەیەکی کورت وەخەبەرتان دێنێ, لە وەنەوزی ڕوشنبیری.
- ئەگەر ئینسانێك بە ڕوحێکی ئازاد و دڵێکی پاك وویژدانێکی خاوێن وئینسانی چاو لە کردەوەکانتان بکا, هەزاران جار دەڵێ, موخابن, داخ و سەد داخ بۆ ڕوناکبیری کورد, کە هەمیشە لە ناسکترین و هەستیارترین وگرنگترین کات وژیانی کۆمەڵەکەماندا خەریکی شەڕی خۆترینن.
- ئەو ڕۆ فلانە کەس ڕەخنەی لێگرتووی, هەموو شەو خەوت لێ بزر دەبێ وخەوت لێ ناکەوێ, هەر ئەمشەو دەبێ وەڵامی بدەمەوە دەنا دەتەقیم. هەموو وشەکانت ریز دەکەی و پڕیان دەکەی لە باڕوت و دەستبەجێ ڕستەکانت لە ئاوی ژەهر هەڵدەکێشی, بۆ ئەوەی بەیانی بیانتەقێنیەوە و ڕەقیبەکەت ژەهرخۆر کەی.

- خاوەن بیرێکی گەورەی چین دەڵێ« ئەو کەسە کە هەموو کاتێکدا لە بیری تۆڵە وتۆڵە ساندنەوە دایە, دوو قەبر هەڵدەکەنێ! یەکیان بۆ خۆی و ئەوی دیش !
- ئەویش لە گەڵ برای خۆت, کە دوێنێ بە یەکەوە قاقەزی دژی براکوژیتان بە یەکەوە مۆر دەکرد.
- وای لێدەکەی کابرا بە جارێك مەحو دەکەیەوە, لە هەموو زاتێك وسفەتێکی ئینسانی دوور دەخەیەوە, هەزار ئەتك وبێ ئابڕویی پێدەکەی. ویژدانی پێشێل دەکەی, کەسایەتی بۆ ناهێڵی وجیق وفیقی دەردێنێ. لە دوایەشدا دەڵێی ڕەخنەم لێگرت, من ڕەخنەگرم. حەك خودا دەوامی عومرت نەدا بۆ ڕەخنە وڕەخنەگریشت. کەس لە گۆڕپانەکە نابینی و مەیتی براکەت وخوێنەئاڵە سوورەکەی تروسکە لە چاوی کەس ناخا, کەسیش پێی وانیە, تۆ هەر ئێستاکە ئینسانێکت کوشت, ئینسانێکی خاوەن بیر! تەنیا وتەنیا جورمی ئەوەیە, کە وەك تۆ بیر ناکاتەوە وبیری جیاوازی هەیە. کەسیش بە تۆ ناڵێ پیاوکوژ و بیرکوژ. توی خاوەن بیر قەبر هەڵکەنی, تەرمی بیری براکەت بووی؟!
- بەڵام کەس نیە وەبیرت بێنێتەوە, گەورەترین جەنایتکاری مێژوو, ئەو کەسەیە, کە بیردەکوژێ وبیر لە بەین دەبا. بیر گەورەترین و بەیاخ ترین دەسکەوتی مرۆڤ وئینسانی سەر ئەرزە. ئەڵماسی هەزار و یەك دروەشاوەی سەر سینگی ئینسا نیەتە.
- واتکیان(پێتەختی مەسیحیەکان) لە دوای 400 ساڵ لە سووتاندنی بیری گالیلە, هات و سەری دانەواند و کورنۆشی کرد و داوای لێبوردنی لە گالیلە کرد. تۆ بڵێی کەنگێ نۆبەی ئێوە بێ.

سرتە: میللەتەکەشمان ڕەخنەگری, کون گری, خاوەن بیری جوان وباش و دڵ پڕ لە خۆشەویستی ودروستکەری دەوێ, نەك ئینسانی داخ لەدڵی, رق ئەستوری, بیرئاڵۆزی, تەسك بیری, بیرکوژی تێکدەر.(10.01.2002)

## (100) پرسیار و یەك پیرۆزبایی[1]

خۆزگە بە خۆزگەی ئەودنیایە بمزانیبا, ئێمە وەك ,,میللەتێك,, بە چی کەیف خۆشین و بە چی بێ کەیف و توڕە؟!
ئەگەر ئەو مامە عەزۆیە کەشکۆلی هەڵنەگرتبایە و یان کۆڵی قەرچییەتی بە شانەوە نەبایە, لەوانە بوو لەو کەین وبەینە و خرتە وپرتەی ئەڕۆکەمان حاڵی بایە, باشە چارە چییە؟
نازانم خۆر کە هەموو رۆژێك بە قوچ قرۆچکەی ئاسمانەوە دەدروشێتەوە و شەومان لێ دەکا بە رۆژ بۆ نایبینین!؟ و هەر ودوای شۆقی کزی ,,لەنتەرێکی کابرایەك,, کەوتووین و سەرمان سوڕماوە! دەمانەوێ چ بڵێین کە بۆمان نایە, یاخۆد چمان درکاندووە کە موچرك تەواوی ئازای گینمانی هەژاندو و دڵمان لە خۆ بۆتەوە؟!
خۆزگە بە خۆزگەی ئەو دنیایە بمزانیبا, ئەگەر ئێمە (100) نەبایەین و هەزار بوایەین, هەزار نەبوایەین و سەدهەزار بوایەین, ئەویش نەبوایەین و بە ملیوین بایەین چمان دەکرد و چمان لە دەست دەهات؟ خۆزگە بە خۆزگەی ئەم دنیایە بمزانیبا, رۆشنبیر و هونەرمەند ونووسەری کورد بە کام دەست دەنووسن؟!
هەموو شتێك نرخی تایبەتی خۆی هەیە ودیار وروونە, ئەگەریش بۆماوەیەك لەومەبەستە دور بوو, ئەوە کاتی یە و بەسەر دەچێ, زێڕ لە ژێر گلیش بێ نرخی خۆی لە دەست نادا.
مامە عەزۆ نایەوێ بە زمانی فەلسەفە لە گەڵمان بدوێ و هەر پێچەلەپووچی کاتەوە!! نەخێر مامەگیان ئەو هەودایە, تاڵی چندراوی زاری کاکڵەمووشانی  فەلسەفەیە کە مامەشی گیرداوە و دەرتانی نیە و دەربازبوونی سەختە.
وشەی ڕەسەن ئەوڕۆ پیرۆزە, دەبا هەمووی لە یەك پیرۆزباییدا تەواو نەبێ و لە دوایدا ئاس وکاس لە سەر ساجی عەلی دانەنیشین و هیچمان بو نەمێنێ.
ئەگەر (100)تین سەد قسەمان هەیە بیڵێین و ئەگەریش هەزارین سەدهەزار.
ئەدی باشە بۆ بێدەنگین ومەتەقمان نایا!؟ لە سەر خەنجەرەکەی شێخ مەحموودی نەمر ڕاوەستاوین, یان چاوەڕوانی مەشغەلی ئاگرەپیرۆزەکەی پیرمێرد دەکەین, یاخود ئێستاش لەموزەخانەکانی دنیا لە شوێنی ئەو پەتە دەگەڕێن وا قازیان پێ هەڵواسی؟!لەبیرمان چۆتەوە کەئێمە هەمیشە لە کاتی ئاشتی دا سەرمان هەڵدە پروسکێنن و لە سەر تەختی سیاسەت ,, کەوڵمان,, دەکەن, بۆ ئەوەش بە قەرا هەموو خەڵکی ئەو دنیا پان وبەرینە تەجربە و بەڵگەمان هەیە.
ئەوە بۆچی نەبوونە سەدو یەك!؟
قاقەزەکەتان بۆ نەبردە لای,, قالە مەڕەش ,, بە خوێنی ئەنگوستە گەورەکەی بۆتان ئیمزا کا؟! خۆی و شمشاڵەکەی لاتان بێ قەدرە؟
ئەدی ئاواتە بەرزەکەی هەژاروهێمن و زیرەك وماملێ و خەڵکەکەمان چی بەسەر هات؟

1- پیرۆزبایی 100 نووسەر و هونەرمەند بۆ....

## رۆژهەڵاتی کوردستان وگەزی ئیسفەهان

ئەو غەریبیەش شتێكی سەیرو سەمەرەیە!
جاری وایە پیاو وەكو ژنی دوگیان مەگیرانی و بێزك دەكاو وەبیر شتی وادەكەوێتەوە كە بە عەمری بابی بیری لێ نەكردۆتەوە, بۆ وێنە ئیشتای گەزی ئیسفەهان! ئاخر تركاشە لە كوێ و گەزی ئیسفەهان لە كوێ!؟
لە رۆژهەڵاتی كوردستان ناكرێ باسی رۆژهەڵات بكرێ و گەزی ئیسفەهانی تێكەڵ نەبێ, هەڵبەت مامە عەزۆ مەبەستی گەزو ونیوگەزی خەیات و دەرزی و قوماش فرۆش نیە, كە لە گەڵ گەزونیوگەزی هەموو عالەم فەرقی هەیە! بۆئەوانەی نەیان خواردوە و تام و چێژی نازانن دەبێ بە جوانی باس بكرێ و لێك درێتەوە.
لە قەدیمەوە ئەوانەی بای قرانێك سەوادیان بوو پێیان دەكوتن میرزا مامەش ئەو قسەیەی لە وان بیستوە «ئیسفەهان نیسفی جیهان»
لە زەمانی حەمەرەزادا كولێرەی شاپەسەندیان بە وڵاتدا بڵاوكردەوە, «زۆر خۆش و بەلەزەت» بوو, بەڵام نەیتوانی دەرەقەتی كولێرەناسكە و كولێرە چەورە و كەلانەی خۆمان بێ. هەر بۆیە هەموویان لە تەندوری ئاگری خەڵكدا سووتان و بوون بە خەڵوزو خۆڵەمێش!
ماوەی پتر لە بیست ساڵە رەشەپیاو, نێوە پیاو, زڕەپیاویان لە ئیسفەهان نەهێشتووە و سواری بارگینیان كردوون و هەتا كوردستان غاریان داون و بە هەزارویەك نێوی سەیروسەمەرە وعەجایب سواری كۆڵی خەڵكیان كردوون و«كلیلی بەهەشتیان» لە مل كردوون و پێیان كوتون: دەسپێكی پردی سیرات لە كوردستانەوەیە تەنانەت بە سەر پردەكەی برایم خەلیلیشدا تێدەپەڕێ!
ئەو بەچكە بیژوانەش كە مێشكیان تەغارێك قسەی هیچ وپووچی تێدایە, بە لەبیك و حوكمی «نۆشادر», هەتا كوردستان گیرنەبوون. پشووی مامە بۆئەوە نابێ جارێ لێكۆڵینەوەی لە سەر بكا, ئەو تاقەتەشی نەماوە, هەڵی دەگرێ بۆ پیاوی خۆی!!

گەز وگەزخواردن, گەزارەلێ كێشانی زۆری دەوێ. لەگەڵ كو زمانی شیرینی فارسی ! فێربووم و زانیم بە شەمچە و شقارتە وگوگرد دەڵێن كبریت لێم حاڵی بوو ئەو جۆرەی كە دەڵێن دونیا لە سەر پشت گاو ماسی یە, وانیە بەڵكو دەبێ لە سەر پشتی دەعباێكی دیكە بێ.
ئەوەی نەنكم و باوەگەورە دەیان كوت وانەبوو, هەمووشتێك دەبایە لە سەر ڕاوە فێربم. ئەو شەكراوەی هەموو رۆژێك لە مەدرەسە بە گەرویان دادەكردم, منی لە بیر دەبردەوە ومنێكی دیكەی دروست دەكرد. رۆژ لە گەڵ رۆژ نێوانی من و دایە گەورەم خراپتر دەبوو. خەتای ئەو بوو لە زمانی تازەی من حاڵی نەدەبوو! تێنەدەگەیشت,كە هەموو رۆژێك تێكم دەدەن و دروستم دەكەنەوە. لەو ئاخریانەدا پێی وابوو شێت بووم, ناردبووی لە زەمبیل لە لای حاجی سەید نوشتەێكیان بۆنووسیبوم. نوشتەكەی لە مشەمما گرتبوو و لە شاڵێكی سەوزی هاڵاندبوو, بە دەزیێەوە لە نێو سەنیرەكەی ئاخنی بوو. دوای چەند شەوێك پێم زانی وفڕێم دا. بەڵام دیسانەوە ئەو كارەی دوپات دەكردەوە. بەستزمان نەی دەزانی,گڵۆڵەی كەوتۆتە سەرولێژی!
راستە دەڵێن ئێمە شتی خۆمان بە لاوە هیچە. نازانم گەزۆبرێشكە چییەتی كەوا خەڵك بەرەو گەزی ئیسفەهان دەچن؟
پێم وانیە ئەو گەزخواردنە, حكمەتێكی تێدانەبێ! چاو لێ كەن جەماعەتێكی پریسكە لەسەری ردێن درێژی ریپۆق لە چاو دێن و وڵاتەكەمان داگیردەكەن و لە بریدا فێری گەزوگەزخواردنمان دەكەن بۆچی؟
ئەگەر بە پەلە بە چاویلكەێكی تایبەتی چاوێك بە ئێراندا بخشێنین دەبینین كوردستان و ئەوشوێنە وەدواكەوتوانە هەر وەك خۆیان ماونەتەوە و مەتەقیان نەكردووە, نە لە باری ئابوری ونە رامیاری ونە مێژوویی, « هەر چاوەڕوانن شتێك بقەومێ و ناقومێ! كەسێك بێ و كەسیش نایا!» نە حەزرەتی مووسا ماوە بە گۆچانەكەی دەلیا دوو شەقە كا و رێگایەكمان بۆ بدۆزێتەوە و نە عیسا. تازە ئەگەر زیندووش بووایەن سەریان لە كوردستان نەدەدا, تەنانەت حەزرەتی سولەیمانیش كە دەگەیشتە كوردستان هەوساری قالیچەكەی بادەداوە بەرەو بەغدا!
دەیجا باشە ئەو خەڵكەی رۆژهەڵات چی بكەن؟ چی لەوە باشت فێری گەزخواردن و سۆهانی قووم بن! ئەوە هەم خۆشە و هەمیش متفركە!
دۆستێكم لە وڵات گەڕابۆوە, لە شاری سنە, پێم وابوو ئێستا هەجووجەك وكونجی گەزوی سنە وئاردەتوی هەورامان و گوڵ قەندی بۆكان و خۆشاوی بانە و هەرمێی خوراسانە و گوێزی ئاجی كەندی بۆ هێناوم, بەڵام هیچی لە وانە پێ نەبوو, تەنانەت دۆی سابلاخ و شیرنی خۆمایزی و نان كاكی كرماشانیشی پێ نەبو. لە جیاتیان سۆهانی قوم (ساختی سنندج) و گەزی ئیسفەهانی(كوردستانی) پێ بوو. لە سەرخۆ پرسیم: ئەرێ ئا برا وەك بزانی نان برنجی كرماشان ماوە؟ خێسەێكی كردو جوابی دامەوە: زۆر سەیری تۆش مامە, خەڵك نانیان نیە بیخۆن, نۆبەی نان برنجی یە!

**وتووێژی لە گەڵ ماموستا هەنجیر**

مامە عەزۆ: ماموستا بەخێر هاتی, تكایە خۆت بناسێنە!
هەنجیر: ماموستا هەنجیر
مامە عەزۆ: ئەوە ناوە یان نازناوە قوربان؟
هەنجیر: ئەوە لە راستیدا ناوە بەڵام هێندێكیش نازی لە گەڵە.

مامە عەزۆ: ماموستا خەریکی چی و بە چییەوە سەرت قاڵە؟
هەنجیر: خەریکی شیعر کوتنم, جاری وایە گۆرانیش دەڵێم.
مامە عەزۆ: چۆن بوو دەستت کرد بە شیعرکوتن؟
هەنجیر: وەڵا لە بێ کاری
مامە عەزۆ: چۆن,دادەی بۆمان وەگێڕە.
هەنجیر: لە دوایی ئەوەی بابم عەمری خودای کرد,
مامە عەزۆ: خودا عافوی کا.
هەنجیر: لە گەڵ مردووی ئێوە! لێم گەڕێ قسەکەم بکەم,لەبیرم دەچێتەوە.
مامە عەزۆ: فەرموو!
هەنجیر: لە کوێ دابووم؟
مامە عەزۆ: باسی باوکت دەکرد هەڵفری بۆ ئاسمان!
هەنجیر: ئەوە چیە قومارمان پێدەکەی؟!
مامە عەزۆ: ئەسیتەغفروڵا, مامە عەزۆ و قومار؟؟!
هەنجیر: لە دوایی ئەوەی باوکم هەڵ فری, تۆبە, عەمری خودای کرد, باخێکی هەنجیرمان بە میرات بۆماوە. بەڵام چونکو منداڵ بووین, مامم بە فێڵ و تەڵەکە باخی هەنجیری لە دەست ساندین و بێ کەس و کارو ماڵ ماینەوە. هەموو شەوێك بە دزیەوە دەچومە بن دار هەنجیرەکان و لە بەرخۆمەوە دەمناڵاند, لە دوایی دا زانیم ئەوانە هەمووی شیعر بوون.
مامە عەزۆ: ماموستا هێشتا شیعرەکانت بڵاوبونەتەوە؟
هەنجیر: بەڵێ قوربان, تەنیا لە ماڵی خۆم بڵاوم کردونەوە, ماوە نەبووە لە جێگای کە بڵاوی کەمەوە.
مامە عەزۆ: وەڵا بە سەری مامە, ماڵی خۆت لە هەموو جێگایەك ئەمینترە, هەر لەوێ بڵاوی کەوە. ئێمە قسەمان نەماوە, جەنابت قسەیەکتان هەیە؟
هەنجیر: ناوڵا هەر ئەوەندە دەڵێم خودا غەزەب لە مامم گرێ بۆ شوغلی فێری کردم.

**دەنگ و باسی خێرا و بێ گرێ!!**

گۆواری سرۆە رایگەیاند:« سروە لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و هەر دێتە دەرێ»
مامە عەزۆ: خودا دەوامی عەمری بدا, بەڵام لە چوونە دەرەوە دەبێ زۆر ئاگای لە خۆی بێ.

- ناوەندی ئەستێرەناسی ئێران رایگەیاند:« بە بۆنەی نەبوونی ئەستێرە لە ئاسمان ئەو ناوەندە دادەخرێ»
- لە بەر کۆچی پەلەوەری زۆر بۆئێران, قەرارە کارتی سەوز(بەرگەی ناسنامە)یان بۆ دروست کرێ.
- حاجی لەك لەکەکان رایانگەیاند:« لە داخی عەرەبستان ئەو ساڵ دەچن بۆ مەشهەد.» ((دەبن بە مەشەدی!))
- هاووڵاتیە ئازەریەکان بە داخەوە لە ئیتالیا مەجبورن بە زمانی ئیتالیایی قسە بکەن.
- گوندێك لە باشوری رۆژئاوای ئێران دۆزراوە, کە ئێستاش خەڵکەکەی پێیان وایە ئەحمەدشای قاجار پادشای ئێرانە!
- کۆمەڵە یەکگرتووەکان رایگەیاند:« تەواوی کۆچەرانی ئێرانی, خەڵکی باکوری تارانن» ((بەروپشت ئەتلەسن.))
- ئەمریکا رایگەیاند:« خەڵکی ئەفغانستان ساڵی داهاتوو دەتوانن لە هەڵبژاردنی سەرکۆمار بەشداری بکەن!!!»
- مەك دۆناڵد و کۆکاکۆڵا و ماڵ بڕۆ رایانگەیاند:«بۆ دروست کردن و خاپورکردنی ئەفغانستان حازرن.»
- جورج دابڵ youبووش کوتی:« موشکلی ئەفعانیەکان تەنیا ئەوەیە, کە ئەفغانین, دەنا هیچ موشکلەیان نیە!»
- لە دوای گیرانی کەفاشی(کەوش درو)بەناوبانگی تەورێزی مەعلوم بوو, ئەو کابرایە بە ئەسڵ ونەسەب ئیتالیایی یە!
- فستیواڵی نێونەتەوەی وێنیز رایگەیاند:« ئێران بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی ,,پستەی خەندان,, خەڵاتی کومێدیترین وڵاتی دنیا وەردەگرێ!»
- ئیدارەی پۆستی ئێران هەرچی زێڕفرۆش و زەڕگەرە لە پۆست دایمەزراندوون و بە فارسی دەڵێ:« پست امانتدار طلائی مردم است»
- خەڵکی بۆئەوەی بزانن, نامەکانیان چەند عەیاری زێڕ تێدایە, هێرشیان بەردە سەر زێڕفرۆشەکان.
- بازاری تاران ڕایگەیاند:« ئەی هاوار! ئێرە ئازەربایجان نیە!!!!»
- وەزارەتی پەروەردە بە سوێندوقورئان ڕایگەیاند:« دایك وباوکەکان لە خوڕا نیگەرانی داهاتووی منداڵەکانیانن»
- شارداری کرمان ڕایگەیاند:«ئەوساڵ بەداخەوە شاری «کرمان» تووشی کەماسی «زیرە» دەبێ!»
- خەبەرێکی خۆش:« شوێنی راستەقینەی زرشك دوزرایەوە!» ((زرشك!!))
- سەنتەری عەرب ناسی دنیا ڕایگەیاند:« عەرەبی راستەقینە و خەست وخالیس لە ئێرانن!»
- رێکخراوی وەرزشی جیهانی ڕایگەیاند:« قلیان کێشان بە عینوانی وەرزشێکی ئاوی ناسرا( بە قەولی ئەفغانیەکان,,ئاوبازی,,)وناویان نا,, واترپۆڤ,,.Watter Poof
- رێکخراوی ئاووهەوا ڕایگەیاند:« هاوینی ئەوساڵ هەوا گەرم دەبێ((!!ماشاڵا!!))

- داهێنەرێکی جەوانی تەورێزی بە دروستکردنی ئامرازێکی تەواو ئۆتۆماتیکی ,,قەمە لێدان,, کە لە هەر خولێکدا 20 قەمە لێدەدا, خەڵاتی زێڕینی داهێنەرانی جەوانانی ئێرانی وەرگرت!
- کابرایێکی ددانسازی ئێرانی ڕایگەیاند:« کرم خواردنی ددان, هیچ ڕەبتێکی بە کرمی فەقیرو بەستزمانەوە نیە!»
- ڕێکخراوێکی ئاسمانی جیهانی ڕایگەیاند:« بە بۆنەی کەڵکی یەکجار زۆری خەڵکی ئێران لە ,,ماهوارە,, لە داهاتوودا هەر ئێرانی دەنێرن بۆ ئاسمان!»
- موزەخانەی بەردناسی فەرانسە ڕایگەیاند:« پێیان خۆشە ,,سۆهانی قوم,, کە زۆر سەرسەختە لەموزەخانەی فەرانسە داینێن.!»
- کارخانەی ,,ئۆهۆ و چەسپی قەترەیی,, بۆ بەستنی قەرارداد لە گەڵ ,,گەزی ئیسفەهان,, , قەرارە بچن بۆ ئێران!
- گۆیا خەڵکی کرماشان بۆ دروستکردنی «نان برنجی»کرماشان لە برینجی تایوان کەڵك وەردەگرن»
- ڕاوچیەکانی ماسی بەحری خەزەر دور لەچاوەڕوانی,بۆیان روون بۆوە کە زۆربەی ماسێکان پاسی روسی یان هەیە!

**ڕێنوێنی بە ئەدەبەوە**

بۆکان- خوار گۆڕەکەی حەسەن زیرەك: جەعفەر نەعلەشکن شیعر ونامەکەت گەیشت بە دەفتەر.
مامە عەزۆ: دیارە زەوقی شیعریت هەیە, بەڵام بە زیاد نەبێ پڕە لە کەم و کوڕیی. هێندێك لە شیعرەکانت وا کوور بونەتەوە بۆمان راست نەبوونەوە. ئەو من منت, منی کوشتوە لە شیعرێکدا حیسابم کرد 43 منی تێدا بوو, عەیب ناکەی, بۆ پێت وایە هەر تۆمنی!! هەروەها لە باری وەزنەوە لاسەنگن, شیعرەکەت یەك کیلۆ و دوو درەمی کەم بوو. بۆ ئەوە وەزن بە باشی فێر بی, مامە عەزۆ دەڵێ: بچۆ بۆ قەپانی قاسم ئاغا یا قەپانی حەمەدەمین ئافا.
سەردەشت- پشت دارەکان: خالید ئەنگورپەرەست
نامەکەت گەیشت.
مامە عەزۆ: دوو شیعرت لە نامەکەتدا نووسیبوو, یەکەمیان جوان و بە سۆز و کورت بوو, ناردم بۆگۆوارێکی دیکە بە نێوی خۆم بۆت چاپ کەن. بەڵام لە شیعری دووهەم دا ئابڕوی خۆت بە جارێك بردووە, کاکە گیان کێ بە تۆی کوت غەزەل بڵێی؟ بۆ سواری گوێ درێژی خەیاڵ بووی وهەتا شیراز غارت داوە, ئایا نەتدەزانی حافز غەزەلی بە نێوی خۆی سەپت کردووە و ئیمتیازەکەی بە کەس نافرۆشێ؟! لە غەزەل دا دەبێ دوو میسرەعی بەیتی یەکەمی شیعر,,یەك,, قافیەیان هەبێ. ئەتۆ لە سەردەشت و ئەویش لە پشت دارەکان ئەو هەموو قافیەیەت لە کوێ بۆ پەیدا دەبێ پیاو, بۆ لە کۆڵ خۆت نابیتەوە.
ئەندیمیشك ـ گەرەکی ئەسکەرئاغا: بیژەن بیدمیشك زادە
نامەکەت گەیشت.
مامە عەزۆ: بە بڕوای ئێمە لەنووسینی شیعردا هەر پەلەی مەکە, ئەسڵەن دەزانی چی, سێ چوار ساڵی تەواو, خەتێکیش شیعر مەڵێ! شاعیر بە تاقە شیعرێکی باش نێوبانگ دەردەکا, بەڵام بە کۆڵێك شیعری ناحەزەوە ئابڕوی خۆی دەبا. ناکرێ بڵێین چونکو کوڕی پورم شاعیرە, ئەمنیش دەبێ ببم بە شاعیر. جگە لەوەش بە بێ ,,پارتی,, لە هیچ شوێنێك شیعرت بۆ بڵاو ناکەنەوە. ئەتۆ تەنیا ئەو دەم دەتوانی ببی بە شاعیر کە ژن بێنی و سەربازیشت خەلاس کردبێ, جا کاکی خۆم هەستی شاعیرانە رووت تێدەکا, شەو رۆژ هەر شیعران دەنووسی و کاغەز بەرگەت ناگرێ. ئەگەر بە قسەشمان دەکەی ئەو کتێبە,, فنون شیعر وکالبدهای پولادین ان,, شەوانە مەخوێنەوە و کەڵکی لێ وەرمەگرە. ئەو شیعرەی بۆئێمەت ناردوە لەنگ ولۆری تێدا بوو, ناردمە بەشی گاڵتە وگەپ و هەڵپەرکێ.
بانە- کەلی خان: سەعدون قاچاخ پەرەست
نامەکەت گەیشت
مامە عەزۆ: ئەو سڵاوە گەرمەی لە شارەخۆشەکەی بانەوە بۆئێمەت ناردبوو, بەداخەوە بەشی ئارشیوی گۆوارەکەمانی سووتاند و وڵاتی نەهێشت. هەروەها نامەی یەکەمت دەستی کابرای پۆستچی شەوتاندبوو. برای بەرێزم بۆهێندێك ساردی ناکەیەوە, وجا ئەوجار بۆمان بنێری.شیعرەکانتان لە قەپاندا لە باری وەزن وقافیەوە تەواون, تەنانەت یەك مسقالیش کەم و زۆریان نیە. بەڵام نەگەیشتون کاڵ وکرچن, هێندێکیان وەکو هەنی نێوەکەیان زەردە, سورنەبونەتەوە. بۆ لاپەڕەی شاعیرانی لاویش نابێ, لە تۆگوزەراوە. دیارە هەر شتێك کە لە چاپ نەدرا هۆی ئەوە نیە کە بە کار نەهاتووە, بەڵکو هۆی ئەوەیە ئێمە پێمان خۆش نیە, نۆبەی خۆمانە. بە خۆشییەوە پلەی شیعر لەئەدەبیاتی ئێمەدا زۆر چۆتە سەرێ,خەریکە دەگاتە سەربانی پشتماڵان.
سەرنج بدە ئەو شیعرەی خۆت:
*قازوقوڵینگیش لە گەڵ تەیارە*
*سەعدوونی شێت کرد بە بێ ئیجارە*
*عاسمان واشینە و شین هەڵگەڕاوە*
*چاییم لە بیر چوو وادەخۆم قاوە*
شنو- کاك عومران ئاشنا پەرەست

شیعرەکەتمان لە گەڵ مەنجەلێك ماستی مەڕ بە دەست گەیشت.
مامە عەزۆ: زۆر خاوێن وپڕ سەرتۆ بوو. لە هەوەڵەوە جوانت دەست پێکردبوو بەڵام لە ئاخردا بەجارێك تێکت داوە, هەر نەت هێشتوون. دیارە هۆی ئەو کارەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی خەریکی ماست و پەنیری بووی, پێم وایە ئەوە باشترە قازانجی خۆت و پەزەکانی تێدایە. شیعرەکەت ئاوا دەست پێکردووە:
ئەی وەتەن جێی کورد ومەڵبەندی ناڵبەندی
*خاکی تۆ دەکەم بە خاکەقەندی بژی ئەفەندی*
*سرەوی خۆشەویست, هێزی هەناوم*
*وردت نووسیوە, زەعیف بوو چاوم*
سەقز: عەتا نەقاش پەرەست
مامە عەزۆ: ئەوشیعرەی بۆ خۆشەویستی ,,دایك,, نووسیبووت, دام بە دایکم, شپلاغەیکی لە بن گوێ سرەواندم و کوتی: «وەدوای ئاکار و رەفتاری وا نەکەوی»
بەڵام تۆ درێژە بە کارەکەت بدە و بەرهەمەکانت کۆ کەوە, هەتا لە شیعر دەبیەوە. سەرنج بدە ئەو شیعرەی خۆت:
*دایە گیان بەخێوت کردم بە شیری شوشە*
*سەروماڵی من ئاگر وپووشە*



نامەی ئەم ئازیزانەشمان پێ نەگەیشتووە:
مشکین شار: شۆرش ئازادی تەلەب
دیواندرە: هێرش پارتیزانی نەواز
مەریوان: کاوە شاکوژ
سنە: سەعید کۆمەڵ پەنا
ئەهواز: شەپۆل تووفان زادە
پیرانشار: نەبەز شەڕخواز
شنۆ: جەلال دموکرات
مەهاباد: غولام کۆمونیست
تەورێز: عەسکەر قیام خیز(باوکی کوردە)

## سرتە و خورتە ونامە ومامە

*پۆستی سروە و مامەعەزۆ*

***سرتەێکی خۆمانە!***

*ئەو نێوانە هەمووی دەستپوختی مامە عەزۆیە, ئەگەر بە هەڵکەوت لە شوێنێك بە ڕاست دەرچو, تکایە یەخەم مەگرن و قەرزدارم مەکەن ئەوە هەڵکەوتە و ویستی مامە عەزۆنەبووە!*
*پیرانشار: ئەرشد جان نسارزادە نامەکەت گەیشت.*
*مامە عەزۆ: فۆرمی ئابوونمانی گۆوارەکەمان بۆناردی, پڕی نەکەیەوەش قەی ناکا, هەر بێ زەحمەت فیشی بانکی پووڵەکەت لە بیر نەچێ. لە بیرت ناچێ ئیشاڵا.*
*ورمێ - گوندی قاسملو: رەسوڵ دموکرات تەلەب، نامەکەت گەیشت.*
*مامە عەزۆ: بۆخوێندنەوەی بەسەرهاتی قەڵای دمدم دەبێ بچیێە ئێرەوانی ئەرمەنستان, شەش مانگ لەوێ بمێنییەوە, جا دوای ئیجازەت هەیە سەر لە کتێیخانەی رۆژهەڵات ناسی بدەی. کە چووی دەرکەوانەکەی کوردە, ناوی جەلۆی وەزیرە, بڵێ مامە عەزۆ منی ناردوە. داوای کتێبی قەڵای دمدم نووسراوەی عەرەب شەمۆی لێ بکە. ئەگەر گوێی نەدایەی, ماڵی باوکی لە تفلیسی گورجستانە بچۆ شکایەتی لێ بکە, ئەو بۆخۆی بۆت دەستێنێ. ئەوەش ئادرەسی باوکی لە خوارەوە:*
*تفلیس: مەجبورئاوا, گەرەکی لێنین, شەقامی ئیستالین, پشت مەیدانی سەوزی فرۆشەکان, خەلۆ هەژارۆویچ.*
*تێبینی: گەرەك و شەقامەکان ناوەکانیان گۆڕاوە بۆخۆت بیدۆزەوە.*
*پاوە: شەریف ئاغاپەرەست، نامەکەت گەیشت*
*مامە عەزۆ: ئەو دەمەی نامەکەت گەیشت ماموستا هەژار و هێمن و مەلا غەفور مابوون. بەڵام بە داخەوە ئێستا کە وڵامت دەدینەوە ماوەیەك لە کۆچی دوایی ئەو خوشەویستانە تێدەپەڕێ و لە گۆرستانی بوداغ سولتانی مەهاباد لە تەنیشت یەکەوە نێژراون. هەزار رەحمەت لە گۆڕی پاکیان بێ.*
*سنە: بەهروز تاران پەرەست ، نامەکەت گەیشت*

مامە عەزۆ: پێشنیارەکەت بۆگۆڕینی کاغەزی گۆوارەکەمان زۆر باشە. ئێمەش پێمان خۆشە ئەگەر پارە و پووڵێکمان بوایە, کاغەزی باشتر و قایمتر دەکار بێنین. دەزانم لە بەر خراپی کاغەزەکەمان دڵت لە گۆوارەکەمان سارد بۆتەوە, حەقتە, هێندە ناسکە لە دوایی دا پیاو ناتوانێ شۆرمەزەی تێ کا, زوو دەتلیسێتەوە. زۆر تێدەکۆشین لە وشەگەلی تریش کەڵك وەرگرین, بەڵام نە تاقەتمان هەیە و نە کەسیش لێمان حاڵی دەبێ.
سەردەشت- ئوردوگای پیرشێخ: کاك سەلاح محەمەد رەشید حاجی تۆرجان نەواز، نامەکەت گەیشت
مامە عەزۆ: عەمردرێژ بی, لە جیاتی ئەوەی ڕەخنە لە ئێمە بگری هێندێك ئەو ناوەت قولە کەوە, دەڵێی عەشیرەیەکی, ئەوە لە ئوردوگا کۆپێنی ئەرزاقی چەند کەسی پێ وەردەگری؟ شیعرەکەت لە ناوەکەت کورت تر بوو, بڵاومان نەکردەوە.
کرماشان: ئەبوو بەیان بیستونی، نامەکەت گەیشت
مامە عەزۆ: لە وڵامی پرسیارەکانت دا دەڵێین کە ,, فیلم,,ی سینەمایی دروست کردن, کارێکی دژوار نیە. کامێرایەك بە دەستەوە بگرە, سووژەت ناوێ, دەوروبەرت هەمووی فیلمە, بەڵام بەداخەوە بینەری نابێ, چون ئەو فیلمەیان زۆر دیوە و نرخی هاتۆتە خوارێ.
وڵامی پرسیارەکانتان:
مامە عەزۆ: بەڵێ دەتوانی لە گەڵ کچێکی ئێرانی زەماوەند بکەی, بەڵام لە پێش دا وەسیەت نامەکەت بنووسە.
مامە عەزۆ: ژن بەژنە بە لای ئێمەوە کارێکی ناحەزو نادروستە, بەڵام چارە نیە, پووڵی مارەیی زۆر چۆتە سەرێ, دەرەقەت نایەین.
مامە عەزۆ: لە ئیسلامدا هێنانی چوار ژن حەلالە بەو شەرتە,, زبحی ئیسلامی,, بێ.
مامە عەزۆ: ژن دەتوانێ چەند شوو بکا, پاش ئەوەی مێردەکەی مرد. بەڵام لە یەك زەماندا دوو شووی هەبێ ,,ئەستەغفیرڵا ,,.
شنۆ: کاك ئەنوەر ئەشکەوت پەرەست، نامەکەت گەیشت
مامە عەزۆ: بەڵێ راستە, بەردنووسە بەناوبانگەکەی ,,کێلە شین,, ئێستا لە ورمێ لە بەر درگای مووزەی ورمێ داندراوە. لەوە دەچێ جارێ پێیان نەکرابێ بیبەنە دەرەوەی وڵات, وەکو هەموو شتە بەنرخەکانی دیکەمان. هیوادارین بە باشی ئەو بەڵگە مێژووییەی وڵاتەکەمان بۆ بپارێزن, چونکو بۆخۆمان پێمان ناکرێ.
دیواندەرە: کاك قاسم ئاسمان پەرەست، نامەکەت گەیشت
مامە عەزۆ: بەراستی پێشنیارەکانت جێگای رێزن.باوەڕمان پێ بکە ئێمە زۆر بۆ کرماشان بە پەرۆشین ونان برنجێکەمان زۆر پێ خۆشە, گۆرانی ,, شیرینە و شیرین, شیرین گشت کەسم,, هەر لە سەر زمانمان لا ناچێ. بۆ ئەوەی چالاکیمان زۆرتر بێ, قەول دەدەم, دوو حەوتو بە ماڵ و خێزانەوە بێم بۆ لای تۆ, خاسە براگەم.
مەریوان: مەنسور موجەرەد پەرەست، نامەکەت گەیشت
مامە عەزۆ: نامە جوان و دوور و درێژەکەتان گەیشتە دەستمان زۆر نوختە و ویرگوولت لە بیر چووبوو, ماڵت نەشێوێ نەدەکرا کورت و موختەسەر پێمان بڵێی چیت دەوێ. بەداخەوە دەفتەرەکەمان لە تاران داخراوە, ئێستاش لە حەولی دەفتەرێکی 100بەرگی خەت دار داین لە شوێنێکی دیکە, بەڵام هەموو کاغەز و مۆری مزگەوتیان دەوێ.
شنۆ- گوندی سینکان حوجرەی فەقێ یان: عوسمانی مەلا غەفور
نامەکەت گەیشت, کوتوتە,خەڵك وەك جاران نانی جومعە نادن و فەقێیان بەخێو ناکەن, چارە چیە؟
مامە عەزۆ: کاکی خۆم حەقیانە, تاکەنگێ ئێوە بەخێو کەن و بینە مەلای 12 عیلم و لە دوایەش هیچ قازانجتان نەبێ. چیتان لەو خەڵکە بەستزمانە دەوێ, ئەوە دەوڵەتی ئیسلامتان هەیە و قورئان بە کامپیوتێر دەڵێتەوە ولە رێگای ئینتێرنێتەوە موعیزە بۆ خەڵك دەکا, دەبا هەر لەورێگایەوەش نانی فەقێکانی بداو بانگەوازیان بۆ بکا. مامە عەزۆ وای پێ باشە بۆ خۆشتان قۆڵی لێ هەڵکەن و ماڵپەرێك بە نێوی «نانی جومعە» بکەنەوە.
بۆکان: رەشیدی عاشق نژاد
نامەکەت گەیی بە دەفتەر! باسی لاوێکی دڵ شکاوت کردووە و وێنەێکت بۆناردووین کە زۆر جوانە.
مامە عەزۆ: ئێمە بە پێی قانوونی مەتبوعات(کە نازانم کێ دایناوە) ئێجازەمان نیە باسی کەسێك لە زبان یەکی دیکەوە بکەین, بەڵام بە دزییەوە لە زمان ئێمەوە بەو خۆشەویستە بڵێ دنیای ئەورۆ دنیای ئەوینی لەیلی و مەجنوونان نیە بەڵکو دینای رۆمئۆوژولێتە, جا هەر لە بەر ئەوەش لە پێشدا دەبێ ئینگلیسی فێربێ و لە دوایەش بە هەر جۆرێك بێ خۆی بگەێنێتە دەرەوەی وڵات,,(کە لێرە بۆی هەڵرێژراوە)) دوایی کە هەموو کاروباری دروست بوو نامە بنێرێ بۆ ماڵەوە و کچەکەی بۆ بخوازن و کوێرەملاێکی نەناسراو مارەی بکا هەڵبەت سەنەدی ئیزدواج موهیمە لە بیر نەچێ, دوای دوو ساڵ بە گوێرەی رەسمی بە تەیارە بیهێنێتە لای خۆی. دەبێ ئازابین و نەوەستین و نەبەزین و بەرەو ئامانج بڕوینە پێش, ئەگەر قەرار بێ خۆشەویستی کچێك یا کوڕێك(بۆکچان) شێت و شەیدامان کا, ئەو کوردستان هەمووی دەبێتە شێتخانە.
گوێگتەپە: کا مەجیدی نەناسراو، نامەت گەیشت و ئەوە ئێمەش ناسیمانی.
مامە عەزۆ: لەوە کە وردە وردە فێری کوردی خوێندنەوە بووی زۆر خۆشحاڵین. حەول بدە نووسینەکەشی فێربی. هەتا تۆ بە جوانی فێر دەبی حیزبەکانیشمان خودموختاریمان بۆوەردەگرن. لە رووی چیرۆکی حیزبەکانەوە, مەشق بنووسە بە جوانی فێردەبی.
سەردەشت: کاك خۆشناوی شەرابی
نامەکەت گەیشت, نووسیوتە شاعیر بە مردوویی قەدری زۆرترە لە شاعیر بە زیندوویی, بۆچی؟؟

مامە عەزۆ: 1- هەموو کەس بە مردووی خۆشەویست تر دەبێ, چونکە نان خۆرێك کەمتر دەبێتەوە. 2- پاش مردن ڕەحمەت باشە, مردوو ئەرك وئازاری نیە, جگەرە ناکێشێ, کڵاوێ لە سەر خەڵك نانێ, پوڵی خەڵك ناخوا. کۆپێنی ئازۆقەی ناوێ, کاری بە کاری کەس نامێنێ.3- ئەوجار شاعیر خۆی ئیجازە نادا بە زیندووی هەرچی پێمان خۆش بێ پێی بڵێین, یا گەمە بە شیعرەکانی بکەین, یان بە سەری دا هەڵبڵێین. لە بەر ئەوە رادەوەستین و مەحتەل دەبین هەتا بە ماشێن وەرگەڕان یا بۆخوی دەمرێ, جا ئەوجار کاکەگیان بە کەیفی خۆمان بە حەق و ناحەق باسی دەکەین. چونکو ئێمە زیندوو کوژی مردوو پەرەستین.

بانە: خوشکە هاجەری عەتار

نامەکەت گەیشت نووسیوتە سروە بۆنی هێمنی لێ دێ!

مامە عەزۆ: تەح بابەگیان زۆرم پێ سەیرە یانی بۆنەکەی گەیشتۆتە بانەش!؟ پێمان خۆشە ئەو حاڵ و هەوایە رابگرین دەنا نە کەس باوەڕمان پێ دەکاو نە گۆوارەکەمان دەخوێنەوە, ئێستاش لە سایەی بۆنی خۆشی شاعیرێکی وەك هێمن نان دەردێنین. زۆرم پێ خۆشە کچان و (عافرەتان!) قۆڵی هەڵماڵن و کراسی بێ قۆڵ لە بەر کەن. بەڵام دەترسم تووشی گەشتی ساروڵا بن.

مەهاباد: کەماڵ ئاسن پەرەست! نامەکەت گەیشت!

مامە عەزۆ: گللەیەکەت زۆر بە جێ یە, دەبوایە « سەدی مەهاباد»یان لە تاران دروست کربایە بوئەوەی هاوشارییەکانمان هەموو جارێ نەگەڕێنەوە ساباڵخ!

سەقز: کاك ناسر گوڵ بادامی!

نامەکەت بە دڕاوی گەیشت! . ئەو نامە جوان و رازاوەییەی کە تێکەڵ هەنگوینی «زەنبورداری سەقز» بووە.

مامە عەزۆ: سپاسی ئەو هەستە خاوێنەت دەکەین کە دەڵێی ئاوی بابە قەتارە, هیواداریـن بتوانین وڵامی ئەو هەموو محەبتە, لە شاری سەقز لە ماڵی خۆتان بە سەرفی شام و نەهارێك بدینەوە.

بۆکان: کاك ئەحمەدی نامدار، نامەکەت گەیی بە دەفتەر!

مامە عەزۆ:چیرۆکی ئەمیرئەرسەلانی رۆمی بە کوردی نیە, بەڵام کوردیان زۆر لە سەری بە کوشت داوە, ئەگەرچی ئەو چیرۆکە باسی چڵەوکەبابی تێدایە ئەفسانەیە و روداوێکی راستەقینە نیە دەنا ئێمە ناوی زۆربەی منداڵەکانی خۆمان نەدەنا «ئەرسەلان» شیعرەکەت لە گەڵ رێبازی گۆوارەکەمان رێك ناکەوێ, ناردمان بۆ رێبازەکانی دیکە, ئەو شوێنەی وا عەرەب!بەڵام قەی ناکا تا دەتوانی شیعری دیکەمان بۆ بنێرە!

سەدەشت: نادربەیاتی! نامەکەت گەیشت.

مامە عەزۆ: براگیان گللەیەکەت لە سەرچاو دادەنێین و خێرا سواری نیسانە تازەکەمان دەبین و بە خزمەت دەگەین. ئەگەر بتوانین حەوتوویەك لە ماڵی ئێوە دەمێنینەوە و وتوێژت لە گەڵ دەکەین و بە خوێنەرانی خۆمان دەتناسێنین. تکایە تا ئێمە دێین بەیت و باڵۆرەکانت حازر کەو بە جوانی لە بەریان کە بێ زەحمەت بە خێزانیشت بفەرموو خواردنی زۆر چەور دروست نەکا نەخوشمان لە گەڵە.

بۆکان: کاك سەدیق قەڵا پەرەست! نامەکەت گەیی بە دەفتەر!

مامە عەزۆ: حەکیم عومری خەیام دوچەرخەی نەزانیوە. بەڵام لە چەرخی پێنجەمی کۆچی دا «گۆیا» ژییاوە. چوارخشتیەکانی خانوبەرێکی سەد نهۆمی پێ دروست دەبێ, یەکجار بەناو بانگە بە زۆر زمان وەرگێردراونەتەوە. بە پێی خواسی چوارخشتەکییەکی کە ماموستا هەژار وەرینەگێڕاوەتەوە و بە رووسییە, بۆت دەنووسین. هیوادارین تا گۆوارەکەمان بە دەستت دەگا رووسی فێر بی.

شنۆ: کاك جەماڵی شناوەر! نامەکەت گەیشت.

مامە عەزۆ: گللەیت کردبوو کە ئێمە هەڵەمان کردوە لە گۆواری نازانم ژمارە چەندە شۆرەتمان گۆڕیوی. مەردی حیسابی شۆرەتەکەت وەکو «چۆمی گادەر» وایە لە جێی خۆی راناوەستێ و هەر شناوەرە, نێو وشورەتێکی باش لە خۆت بنێ و لە خۆرا خەڵك تاوانبار مەکە. بۆ ئەوەی روون بێتەوە« ئاوروونەکەرەوەێکمان» بۆ ناردی, بۆ ئەوەش لە گەڵمان ئاشت بێتەوە دەزگاێکی فۆتۆکۆپی!

مەهاباد: کاك کەماڵ خۆش نویس! نامەکەت گەیشت!

مامە عەزۆ: ئەو نووسەرە بەناوبانگانەی کە ئەورۆ بەرهەمەکانیان لە دەست خەڵك دایە هەر لەسەرە تاوە نووسەر نەبوونە, بەڵکو لە رووی ناچاری وبێکاری دەستیان داوەتە ئەو کارە تەنانەت هێندێکیان ناڵبەند بوون, وردە وردە دەستیان بە نووسین کردووە . توش کە هۆگری نووسینی هەر ئەو رێگایە بپێوە هەتا دەگەییە « سەردەراباد» نامەکەت شتێکی جوانی تێدابوو هەڵمگرت بۆخۆم.

لە باری رێنووسەوەش تا دەتوانی لە رێدا هەر بنووسە,ئەوە رێنووسەکەت پتەو دەکا ئەگەر بە ئاوات گەیشتی, بێ زەحمەت پێی بڵێ دایکی لە ماڵەوە چاوەڕوانیەتی!

پەند ومەتەڵە جوانەکانیشت بە نێوی خۆمان بڵاو دەکەینەوە. هەموو لە جێگای خۆیان کلکیان دەرهێناوە.

سەردەشت- بێورانی خوارێ- پشت ماڵی دادەئایشێ- خالید موختەسەرپەناە! نامەکەت گەیشت!

مامە عەزۆ: برای بەرێز ئەو وتارەی ناردوتە زۆر کورت و موختەسەرە پوڵی پێ پەیدا نابێ,چونکو لێرە ئێمە بە «بست» بۆمان حیساب دەکەن و دەیپێون, کەس لە ئێمە حازر نیە ئەو زەرەرە قەبوڵ بکات. ناتوانی هێندێك درێژی کەیەوە خۆ

کارێکی گران نیە دەتوانی لە رووی گۆوارەکەمان مەشق بنووسی هەر لاپەڕەو چوار جار, هەتا تەکلیفی نەورۆزیشت بۆ دادەنێین, تکایە بە خەتی خۆش بۆمان بنووسەو بەڵام بۆمان مەنێرە, ئێمە دەڵێین سەرکەوتوبی! جا تۆش کەیفی خۆتە.
بیجار-کاك خەلیلی موتەرجم! نامە جوانەکەت دە گەڵ چەند شتومەکی دیکە گەیشتە دەستمان.
مامە عەزۆ: بەختەوەرانە هەرچەند تازە تەستیقت وەرگرتووە بەڵام شیعری فارسی چاك وەردەگێڕی, تکایە لە وەرگەڕاندا زۆر ئاگات لە خۆ بێ, جوان وجحێڵی, هەزار ئاوات وئارەزووت هەیە, هیوادارین تەستیقی پایە یەکەکەشت وەرگری!
هەر ساخ وسڵامەت بی, ئەگەر دەتوانی لە پەناشەوە وەدوای کاروکاسبێکی باش بکەوە, پیاو!
شیراز- سەلاحی بێگانە پەرست!
مامە عەزۆ: پێشنیارەکەت لە مەڕ, مەڕ و ماڵات بەدەستمان گەیشت, دامانە بەشی مەڕداری! هیوادارین لە داهاتودا تەئسیری لە سەر ماست و پەنیرەکەمان بێ! ئەو دیارییەی کە بۆت ناردبووم, بە داخەوە لێیان دزیم..
بۆکان: خۆشکە خەجیجی سەرداری! نامەکەت گەیی بە دەفتەر!
مامە عەزۆ: یاڕەبی زگت نەسووتێ و کوڕت نەمرێ لەوەی رەنج وتێکۆشانی ئێمەت لە بەرچاوە, تۆ تەنیا کەسێکی کە ددانی خێر بە کارەکەماندا دێنی. شێوەی لێنانی« میرزا قاسمیمان لە گەڵ نەواری قاسم ئابادی بۆ ناردی. لەش ساخ بی خوشکە گیان.
پیران شار- گوندی سۆغانلوو: س.پ.دلاوەر! نامەکەت گەیشت.
مامە عەزۆ: ئێمەش وەك تۆ لە چوونە سەری پوڵی مارەیی تووڕەین, باوەڕ بکە! هیچ یەك لە برادەرانی ئێمە ژنیان نەهێناوەو هەموو بوخچەی نەکراوەن. کارەکە بۆتە تیجارەت و ڕقەبەرایەتی!, هیوادارین ویزارەتی تیجاڕەت و بازرگانی کارێکمان بۆبکات(سیعرەکەی توزێك بێنێتە خوارەوە), دەنا سەری ئێمەش بێ کڵاوە.
نەغەدە- گردە قیت: خدری قەد بوڵەند!نامەکەت گەیشت!
مامە عەزۆ: بۆفێربوونی کوردی تا ئەو کاتەکە مەدرەسە نیە دەتوانی بچیە مزگەوت. ئێمەش بە داخەوە هیچ کام مەدرەسە نەچووین, هەر خەریکی کایە و قومارباز ی بووین. براگیان خۆ ئێرە ئیدارەی کشت وکاڵ نیە! تا لە مەڕ ئاژەڵداری بنووسین, هەروەها نووسیوتە لە مەڕ جەور وستەمی فێئۆدال بابەت بنووسین. سیستمی فێئۆدالی ئێستا نەماوە و زەوی دابەش کراون وئێمەش شتێکمان پێ گەیشتووە بۆ لە سەری بنووسین و باسی بکەین, شێت بووین! ئەگەر رووداوێك لە جەور و ستەمی فێئودال رووی داوەو تۆئاگاداری بینووسە و بۆمان مەنیرە.
گەورەترین سیاسەت وان کێیە؟
ئەو کەسەیە کە هەمیشە خەڵك چاوەڕێ دەکا بۆئەوە خۆی سەرکەوێ,
ئەو کەسەیە کە قەت راستی بە خەڵك ناڵێ چونکە دەڵێ تاڵە,
ئەو کەسەیە کە هەمیشە باوەڕدەکا کە خەڵکی باوەڕیان پێی هەیە,
ئەو کەسەیە وا خەڵك هەڵدەپەڕێنێ بێ ئەوەی هەڵی بژێرن,
ئەو کەسەیە کە 2,5مەتر باڵای هەیە,
ئەو کەسەیە قسەی گەورە بکا و کاری چکۆلە,
ئەو کەسەیە وا کەسێ بە غەیری خۆی قەبووڵ نەکا,
ئەو کەسەیە قسە بۆ خەڵك بکا وگوێ لە خەڵك ڕانەگرێ و خەڵك گوێ بۆ قسەکەی ڕابگرن, ئەگەر قسەش نەکا.
ئەو کەسەیە وا هەموو کەس بە کوشت دەدا بۆئەوەی خۆی هیچی لێ نەیا,
ئەو کەسەیە حەول بدا خەڵك باوڕی پێ بکەن, ئەگەر خۆشی باوەڕی بە خەڵك نەبێ,
ئەو کەسەیە وا هەتا ماوە خەڵك بۆی بمرن و ئەگەر نەشما خەڵك بۆئەو بژین,
ئەو کەسەیە وا هەزار گیرفانی هەبێ و هەمووشی پڕبێ!

هونەرمەند چی بکا هەتا خەڵك لێی رازی بن؟
خەڵك دەبێ چی بکا هەتا هونەرمەند لێی رازی بن؟

**گەورەترین هونەرمەند کێیە؟**



ئەو کەسەیە قەت هونەری خۆی نیشان نەدا,
ئەو کەسەیە چەپڵە بۆ بێ هونەر لێ دەدا,
ئەو کەسەیە هونەر بە خۆڕایی دەفرۆشێ,
ئەو کەسەیە هونەری خۆی بە لاوە هیچە,
ئەو کەسەیە چەپڵە بو خۆی لێدەدا,
ئەو کەسەیە باوەڕی بە هیچ هونەرمەندی دیکە نیە,
ئەو کەسەیە هونەری بۆ ژیان دەوێ نە وەك ژیان بۆهونەر,
ئەو کەسەیە نانی هونەر دەخوا بەڵام هونەری نان خواردن نازانێ,
ئەو کەسەیە هەمووشتێك دەفرۆشێ بو هونەرەکەی خۆی
ئەو کەسەیە قەت لە هونەر نەکشێتەوە و هونەرمەندی قەبووڵە!

# هەڵبەست و هۆنراوە

**سەدامە زێرە**

دەڵێن سەدام بە جارێك تێك قوپاوە
ئەوەی دیبوت وەکو خۆی هەر نەماوە
گلۆڵەی وا لە لێژی کەوتە خوارێ
وەکو باران گولولەی بۆ دەبارێ
ئەرێ سەدام وا لە کوێیە گورزوگۆپاڵ
دەڵێن رۆژت قوتارە,هاتووە جرجاڵ
دەڵێن ئاڵات بە دەست و ئاشتیخوازی
خوداوپێغەمبەرت کردۆتە قازی
شەری مشك وپشیلەش چەندە خۆشە
لە پاش سەدام,ئەوا نۆبەی بۆشە
هەچی شێخی عەرەب هاتە تکای تۆ
ناهێستی خوار, براستی بێ وەفای تۆ
تەواو بوو ئەودەمەی قاچت درێژ بو
هەموی عالەم بە فیتی تۆگێژی گێژبو
کە شای ئێران گریا و چو بۆ شاری ئەسوان
ئەتۆ لە ناو بەغدا تووت دەقرتاند
دەڵێی من قارەمانم لێرەکانێ
هەموخەڵکی عەرەب چاك پێدەزانێ
پەتەت سووتا,نەچای ما نەقاوە
هەڵۆ سەدام, دەڵێن حاڵت خراوە
زەمانی شاخ وشاخ بازی تەواوە
ئەوە کەوڵت دەکەن, قەباڵەت لۆ هێناوە؟

2003/03/13

**www.قووقولی قووقوcom**

لە نێو کوولەکە, بانگدان لە مێژە
سەری زانایان, پێوە گێژە
بانگ و کوولەکە, باوی نەماوە
دونیا بە جارێك, تەواو گۆراوە
کەڵەشێر ئێستا, ماهوارەی هەیە
قوقولی قووقوکەی, چاوەڕێی مەیە
لە ئینتەرنێت دا کەوا دەخوێنێ
مێشکی دوشمنی, پێ دەشڵێژێنێ
قوقولی قوقو, من کەڵەشێرم
ئی مەیلی خۆمنتان وا بۆ ئەنێرم
سێ دابلیو, لەدوایە خاڵە
قوقولی قوقویە, ئینجاکە ماڵە
قسەکەم پۆختەس, گوێرابدرێ
بەڵێ ئەز کوردم, حەقم گەرکە
نایەمە خوارەو, لە بان کەرەکە
قوقوقولی قوقو, کورد هەر نابەزێ
بەتورك و عەجەم قەت دانابەزێ
خۆ سواری کەربووە و ئاڵای بەدەستە
دەوڵەتی کوردی, پێموا مەبەستە

4.11.2002



**بەهار تاقە گوڵ**

بەتاقە گوڵ بەهار دەبوو
بەهاری گوند وشار دەبوو
ئاووگوڵ چنار دە بوو
خەڵك سواری قەتار دەبوو
بەراستی زۆر لەبار دەبوو
***
سێوو هەرمێ وخەیار دەبوو
هەنی وکاڵەك وکالیار دەبوو
نان وئاویش یەکجار دەبوو
هەموو خەڵك لە کار دەبوو
کاریان بە هەزار دەبوو
بەراستی زۆر لە بار دەبوو
****
خەڵکی کوردیش رزگار دەبوو

**سەدەی بیست ویەك**

هونەرمەندێك کە, ئەورۆکانە کوردە
لەبەرداشی زەمان, ئەسپۆنی وردە
هونەرمەندێك, کە ئەورۆ سەربەخۆبێ
بە تەنیا هەر دەمێنێ, بێ درۆ بێ
ئەگەر ئاوا بڕوا, ئەم کارەساتە
هونەرمەند بوون, ئەوە هەر بێ خەڵاتە
دەبێ ئاڵای حیزب بگری بە دەستت
وەکو فیشەك, دەگەی تۆ بە مەبەستت
مەبەستی تۆ دەبێ ,,کار,, بێ هونەر بێ
زەمانت سوور نەبێ, یا باسی سەر بێ
ئەوەی جاشە, دەبێ ئەورۆکە کەر بێ
وەکو شەمچەی «تەومکول» بێ خەتەر بێ
ئەگەر شێت بێ, دەڵێن پیاوێکی چاکە
کە «کەربوونی» لە گەڵ بێ, زۆر هیلاکە

ساحەبی ئیختیار دەبوو
ئاڵاکەی بەرقەرار دەبوو
دۆستی بە هەزار دەبوو
زوڵم و زۆریش قوتار دەبوو
بەراستی زۆر لە بار دەبوو
***
بەتاقە گوڵ بەهار نابێ
دۆستی ئێمە نەیار نابێ
گەرکو دەتەوێ چاك بژی
تەواو بکە براکوژی

بە یەکەوە تەبابین
ساحەبی یەك ئاڵا بین
کاری ئێمە لە بار دەبێ
کورد هەر بەرقەرار دەبێ

کوکو!کوکو وادەخوێنێ کوندەبۆیە
لەجیاتی پێکەنین, هەر باباڕۆیە
قەناری وا نەماوە لەو وڵاتە
شەڕی قاڵاوەکان هی دەستەڵاتە

8.10.2002



**بوشدام و هەقلی مەقۆی کورد**

**قەبۆ قەبۆ**
بوش ئەمرۆ دەڵێ, رقم هەڵساوە
سەدام بۆنی هەس, دەوری نەماوە
کەڵی خۆمان بو, بۆ زۆران وازی
فنونی شەڕی زۆر باش دەزانی
پاڵەوانی عەرەب لە رۆژهەلات بو
بەشەر نەمابو, پیاویش کە قات بو
زۆر دڕ و هار بو, بە چنگ و ددان
شەڕی بۆ کردین, لە خاکی ئێران
سەرداری عەرەب, فس فس پاڵەوان
لە ناکاوێکدا, هاوساری پچڕاند
کەری بەرەڵا, پشتی بریندار
غارغارێنی کرد, هەر سەر بەرەوخوار
خەڵکەکەی دەکوشت بە بۆمب وگازێ
مشکە قوڵەمان, لێ بوە بەرازێ
ئەگەر وا بڕوا, نەوتیش نامێنێ
کەڵە شێر نەما, قاژو دەخوێنێ
چرا و فانوس مان, پڵیتەی سووتان
سەدام یاخی بوە, هەزار جار ئامان
خەردەلی زۆرە, بۆ کوردی هەژار
بە هەر جۆرێك بێ, بیهێنینەوە خوار
کوێتی گرتوە, زنجیری پچڕاند
بەچکە عەرەبی لە خەوێ هەڵساند
نوێژیان بەتاڵ بو, دەستنوێژیان نەما
حاڵیان خەراو بو, بۆ چەقڵە سەما
کوێتمان ساندەو, بەزەبری خۆمان
سەدام با بمێنێ لە بۆ کوردەکان
,,ها کوردی ئازا بۆی بچۆ بێشە
پیشتیوانی توین, هەروا بجۆشە
حەقتان خوراوە, تازەمان زانی
خۆتان دەربازکەن لە سەرگەردانی,,

36 دەرەجەش لە بۆ کوردەکان
کورد دەرەجەی هەس, دەرەجەدارە
خۆمختاری هەس, ساحەب ئیختیارە
لەم جەغزە کە شوێنی هاتوچۆی هەموانە
بێ ژێروسەرەو لە چوان وسوانە
کێ زانی لە کوێوە هاتوە و لە کێوە دەچێ
هۆزان ونەزان وەك یەکە: سەرگەردانە!(2)
ئەوە دەسالمان, رۆیی بە سەرچو
هاتینەوە مە, لە بۆ گفت وگو
دەوران گۆراوە, تاج لە سەر منە
بزن ومەڕانە وباج لە سەر منە
قەرز کۆن بووە, قەرزدار ماوە
فیتوویەك لێ دەم, کەولی کراوە
سەدام دەگۆڕم, سودی نەماوە
قەباڵەی کۆن بوە, پەتەی سووتاوە
بەدزییەوە دەڵێم کورد سەربەخۆیە
ئاشکرای ناکەم, چونکو درۆیە
درۆ گەورەبێ, قازانجی زۆرە
گەرکو دۆڕاندت, مۆرە بگۆڕە
قەولم داوە, من بە دراوسێکانم
هەروا نامێنێ, زۆر باش دەزانم
لە کورد مەترسن, جەغزم داناوە
لاقیان خوار دانێن, قاچیان بڕاوە
کوردبازی خۆشە بۆ جاروباری
هەقلی مەقۆیە, دەیهێنمە خواری
قەباڵەم پێیە, بۆ گشتی ئێوە
ئیمزام کردوە, پێموا بەڕێوە

دوومليۆن كورد, ڕەوى بە جارێ
لە جياتى باران, گولە دەبارێ
چارێك نەماوە بە لاى ئێمەوە
دوايى دەساڵيش بێ دەگەڕێمەوە
(1) جەغزێك دەكێشين لە دەور شەيتان



**مەتڵۆكى مامە عەزۆ**

ئەو شتە چى يە؟

ئەوە چى يە مشكە ومشك نيە؟
بەشوێن ئەودا كتك نيە
دەغڵ ودانمان نارفێنێ
كولێرەو نانمان ناقرتێنێ
بە خۆشييەوە دەيخوا لەو بانە
قۆلانچە ومێش وتۆفانە
هەركە تاو هەڵدێ بەجارێ
خۆى هەڵدەواسێ بەرەو خوارێ
لە هەيوان و لە سەر بەردێ
سەربەرەوخوار لەبۆى دەنوێ
دەخەوێ بەيانى تاكو شەوێ
ديسان لەخەو ڕاستەوەدەوێ
شەقە لە دووباڵى دێنێ
بەبەرماڵمان تێدەقوچێنێ
ئەوشتە چى يە؟! ڕەشى مۆرە
ها!شەمشەمەكوێرە!!؟



**بانگەوازى مامە عەزۆ بۆچاتكەران**

كوردينە با بڕوين بۆچەقەخانە
ئينترنێت خۆشە هەر بە شەوانە
بەزم و گۆڵمەزو هەر قسەى خۆشە
هەر بۆ سەربەرزى تۆتێ بكۆشە
چەقەخانەكەى پاڵتاكى كوردى
ڕوويان تێ كردووە هەموو بە خورتى
جەماعەتێكيش جنێوفرۆشن
وێژدان كە نەما, بۆتێبكۆشن
نێويان دەگۆڕن بۆى دێنە ژوورێ
نەدايك ماوەو نەخوشك و پورێ
نە ڕێز وسڵاو نەئيحترامێك
نە قسەێكى خۆش, نەهيچ مەرامێك
هەتا دەتوانن جنێو دەنێرن
لە منداڵيەوە هەر بەوە فێرن
فێريان نەكردوون بە زمانى كوردى
خەڵك بدوێنن زۆريش بە وردى
مێشكيان پڕكردوون لەو جنێوانە
كەسيش ناگرێ قەدرى ئەوانە
بەرخى بابى من دەورتان نەماوە
جنێوتان كەدا, كارتان تەواوە
پەتەى سووتاون,چەقۆى بێ دەستە
كوردى بەشەرەف, خاوەنى هەستە
دايك جوانترين وشەى دونيايە
زمانتان بڕێ, گەر پێى بكەن كايە!

**خەونەكەى سۆفى ڕەمەزان**

سەدەى بيستەميش ئەوە تەواو بوو

**بۆ شاعيرێ كە سەد ساڵى دى دێتە دى؟**

ئەگەر هەر چيرۆكێك ڕاست بايە و هەر ڕاستييەكيش چيرۆك بايە, ئەو دەم چۆنمان لێكدەداوە؟ چۆن لە گەڵ ڕاستى و چيرۆك هەڵس و كەوتمان دەكرد؟ ئەو هەموو چيرۆكە

کوردایەتیمان خەیاڵی خاوبوو

ڕۆژێ دەمانکوت,دەوڵەتمان دەوێ
ئاڵامان بەرزە هەی لەمنو کەوێ
لەدوایی کردمان, بە خودموختاری
سەریان شێوابوو,خەڵکی دێ وشاری
یەکێکیش دەیکوت,هەشت مادەم دەوێ
ئەوی دی دەیکوت,کورد سەرناکەوێ
کاغوڵام دەیکوت,کورد کۆمۆنیستە
باسی کورد نەکەی! نمرەی تۆ بیستە
حکومی زاتی بوو, یاخودگردانی
عالەمی سووتاند, پێم وا دەزانی
نە حەقم دەوێ, نەحەق بستێنن
نە بۆدیناری,چاوم دەرێنن
سەدەی بیست ویەك, ئەوە بەڕێوە
ئەو حەکایەتە,دیسان بڵێوە!



درێژە بۆ ئینسانە, بەڵام ئینسان بۆخۆی چیرۆکێکی کورتە! ئەوانەی بەر لە ئێمە هاتن چیان کوت؟ ئەوانەی لە پاش ئێمە دێن چی دەڵێن؟ ئێمە شتێکی تازەمان پێیە بیڵێن؟ یاکو دەبێ کاوێژی رابردو بکەین؟ یان هەر لە بەند و تامەزرۆی چیرۆکێکی خۆشی داهاتووین؟! سەرم سووڕماوە لەو شاعیرانەی کە بۆ سەد ساڵی دیی َشیعر دەڵێن! کەچی ئێستا ئاش بەتاڵن و ئێمەی توونی و چاوەڕێی دوو دڵۆپ شیعر و دوو وشەی بەقیمەت و چیرۆکێکی کوردی, هەروا بە چاوەڕوانی دەهێڵنەوە! وشەکانتان بۆ, بۆ سەد ساڵی داهاتوو لە خۆ دوور دەخەنەوە ؟دەترسن وشەکانتان ببنە ئاگر و خۆتان بسوتێنن؟ من دەمەوێ ئەوڕۆ وشەکانی تۆ ببنە چاوساغ بۆ ژیانم, لە کوێرا دەزانی سەد ساڵی دی وشە وشیعر وشاعیر دەمێنێ؟ مەگەر نەتبیستووە لە بریتانیای مەزن بوونەتە,,خودا,, و مەڕیان لە بەر چاوی عالەمی دونیا دروست کردوە, هەر ئەوانیش سبەینێ ئینسانی مەڕ دروست دەکەن کە نە شیعری دەوێ و نە شاعیر, تەنیا و تەنیا تفاق و ئاخوڕ و کادێنێکی گەرمی دەوێ!!
بەو هەمو 40 ملیۆن شاعیرە کە هەمانە نەمانتوانی 5000وشە بدۆزینەوە و بیکەین بە بەری شیعرێکدا بۆ ئەو 5هەزار چیرۆکە کورتە سووتاوە....!
دەبا ئەوەش بڵێم لە ژێر خۆڵەمێشی ئەو ئاگرە شیمیاییەدا 5 هەزاری دیکەش سووتان, ئەوجار چی دەکەین؟ بۆ تاقە شیعرێکی دیکە چەند هەمبانە بۆرینەمان پێویستە؟ پیاوێکیان لێ کوشتن ئێوە نەورۆزتان بۆ سەربڕی, کەچی هەڵەبجەیان قڕکرد, ئێوە سەرچۆپیتان هەر بەر نەدا و لە گەڕیان نەکەوتن! تەمەنتان کورتە! بەڵام چیرۆکی تاوانەکانتان هێندە درێژە ئاخری بۆ نیە! ئەگەر هەر چیرۆکێک راست بایە و هەر راستییەک چیرۆکێک, ئەودەم ئێوە چیتان دەکوت و چیتان دەکرد؟!!
2002/11/28

# ئارنۆڵد



ئارنۆڵد کێیە؟

حەك ڕەبی قەزات لە هەزار ئەسپ ومایین کەوێ بۆ نەجابەتت! چاوی لێ بەکەن چەند مەتین و لە سەرەخۆ و بەشەخسیەتە و بە هەزاران ساڵە نەگۆڕاوە و هەرکەرە! لە سەر ئەسڵ و رەگەزی خۆی لای نەداوە. بۆ لابدا؟ تاجی شاهی دەکەن سەر!؟ یا کورتانی بۆ لە مەخمەلی کاشان و هاوریشمی هیند بۆدروست دەکەن!؟ یا ناڵەکانی لە زێڕی خالسی 24 عەیار دەبێ!؟ نانانا, پێویستی بەوانە نیە. لە سەر کەریەتی خۆی دەمێنێتەوە, هەر ئەوەی لە هەموو شتێك باشترە! بە خودا خۆی بە کەری دونیا ناگۆڕێتەوە, هەر بۆیەش خۆشم دەوێ!




بارگای مامە عەزۆ

## نامە بۆ ئارنۆڵد

ڕاستی لە بیرم چوو پێتان بڵێم, ئارنۆڵد خزمێکی لە خاریجە, پێم وایە لە ئاڵمانە, چەند ساڵە لەوێکانەیە بەڵام دەرنەچووە, دەڵێن کەرمان ناوێ! نامەی بۆ نووسیوە و دەڵێ: « کەر لە وڵاتی ئێمە قیمەتی نیە, کەربازاری جارانیش نەماوە! کەر لێرە زۆر بێ ساحەبە, کەس گوێ بۆ زڕەی کەر ڕاناگرێ. لێرە سەگ و پشیلە نانیان لە ڕۆن دایە و شۆرباویان پڕە لە لەپە, بە خودا برا چاکی دەگوزەرێنن,وەك شا! هەموو ساحەبیان هەیە, لە دووکان وبازار خواردنی تایبەتی خۆیان هەیە, دەیانبەن بۆ سەلمانی و پاك وخاوێن هەموو ڕۆژێك حەمامیان دەکەن. باوەڕ بکەن ڕستوران و هوتێلی سەگ و پشیلەش هەیە. خولاسە هەتا بڵێی تێر وتەسەلن و پۆشتە. وەکی دی بۆ دەرمانی چاوەزاریش کەرێك نابینی, مەگەر بچی بۆ باخی حەیوانات, ئەویش خۆ بە ناشکوری ناڵێم خۆ کەر نەماون بوونەتە ورچ و مەیمون, دایان ناون بۆ تەماشا و ئەتك پێکردن. ئاخ کەریش هەر کەری جاران.»



## ناساندنی ئارنۆڵد

تا ئێستا کەرێکم نەدیوە لە کانی یەك کە ئاوی لێ دەخوا بەردی تێ بخا, زۆر بێ ئەزیەت و ئازارن. یانی لە کەریەتی خۆیان لانادەن, کەریەتی لە بیر نەچووە و وەکو گیا لە سەر بنجی خۆیان شین بوون. بەڵام لە سەرووی هەموویان ئارنۆڵدە, سەری بۆ کەس دانەخستوە, کاوێژی بۆکەس نەکردوە, دەڵێ هەزار ساڵ پێم خۆش نیە ناڵم بکەن! پێم خۆشە گوێم لە دەنگی سمی خۆم بێ کاتێك غاردەدەم. سەگ سفت نیە, کەر سفەتە! هەتا ئێستا جووتە و لووشکەی لە خوڕایی لە کەس نەداوە. دەڵێ: « هەزار ساڵ لێرە قانگەلاشك و دڕوو بخۆم حازر نیم لێرە بڕۆم و لە دەرەوە ماکارونی و پیتزاو مەك دونالد بخۆم. دەڵێ: « وەکوو مریشك خۆڵی بەر کەندووی خۆت بخۆی لە پڵاوی دوژمن چاکترە». زۆرجار لە هالیوودوە بانگیان کردووە, بەڵام دەڵێ:« من نابمە بووکە شوشەی ئێوە و وەکو ورچ ناتوانم سەماتان بۆ بکەم, کڵاوی ئێوە ناچێتە سەرم, کەریەتی خۆم بە هەموو زێڕوزێوی ئێوە ناگۆڕمەوە, بەڵام هەموو کاتێك دەڵێم بریا ئێوە ڕۆژێك کەریەتی خۆتان لە بیر بهاتبایەتەوە, هەتا بزانن, لە کوێوە بۆکوێ چوون, لە گەڵ ئەوەشدا خۆم بە هەزاری وەك مایکل جەکسون ناگۆڕمەوە! بەس نیە سەروچاوو لووتی خۆم, بەکلکی خۆم باوەشێن دەکەم.»



## بەیاتی کەرانە یان بەیاتی کەر

لەوەتی لەبیرمە گوێم لە زڕەکەر بووە, نەك بڵێی بۆخۆم نازەڕێنم, بەڵام نازانم زڕەی کەر لە چ دەزگایکە, چونکە بۆهەڵپەرکێ و سەما نابێ, دەبێ دەزگاکەی زۆر قورس بێ. بە داخەوە لە وڵاتی ئێمە کەر زۆرە و کەرشناسی نیە, یانی کەس نیە دەرسی کەریەتی خوێندبێ, لە گەڵ ئەوەشدا مێژوویکی دورودرێژی هەیە کەر! ئەگەر زۆر بە وردی لێی بکۆڵینەوە ئێمە قەت بێ کەر نەژیاوین, هەمیشە کەر بوە و هەر دەبێ. بە داخەوە ڕشتەیەك بە ناوی «کەرلۆژی» لە دانشگا نیە, هەتا مرۆڤ بە دوای بکەوێ.

ئەوە بۆشاییکی زۆر گەورەیە, لە داهتودا زەرروزیانی زۆر لە گەڵ خۆی دێنێ. بە داخەوە کەرەکان بۆخۆشیان قەت عەقلیان بەوە نەگەیشتوە, ئاوڕێك لەو مەسەلەیە بدەنەوە, ئاوا بڕوا ڕۆژێك دادێ و کەر وکەریەتی نامێنێ, تەنیا کورتانەکانیان نەبێ, ئەویش هەر لە موزەخانەی لەندەن نەبێ لە هێچ کوێ پەیدا نابێ. کەریەتیش هەر دەورانێك خۆشە.



## کەروکورتان

ڕقم لەوکەسەیە دەڵێ کەرو وکورتان. ئاخر لە روی چ حیسابێکەوە ئەو قسەیە دەکەن. بۆ کەر وەختێك لە دایك دەبێ کورتانی لە گەڵە؟ نا. ئەی ئەوە چیە دروستیان کردوە و بە سەر پشتی کەری دادەن؟ تا ئێستا لە کەریان پرسیوە چیت پێ خوشە؟ ئەوەیە دموکراسیت,ها؟ بەڵکو کەر پێی خۆش بێ کۆت و شاڵوار لە بەرکا, کراوات لێ بدا,خۆی جوان بکا! چی لەو عالەمە کەمترە! ئەوە بۆکەس لە حەقی کەر ناپرسێ؟ یانی کەر لە سەگیش کەمترە کە هەر کەس نانی بۆ بهاوێ پێڵاوی دەلێسێتەوە!!



کەرە شیعر

لەودەمەی کە کەر هاتە دونیاوە
کەربوون لە خۆڕا,خەیاڵی خاوە
کەرێکی ڕەسەن, بە چاو دیارە
گوێچکەی درێژە و کلك بەرەو خوارە
لە هیچ وخوڕا قەت نازەڕێنێ
قاپ وقاچاغی کەس ناشکێنێ
لووشکەی بە بوغز قەت ناوەشێنێ
مەڕومالاتی کەس نارزێنێ
کەروکەریەتی لە مێژە باوە
هەرچەند لە دەفتەر ناوی نەماوە
ئەگەر کەر نەبێ, مەیدان بەتاڵە
خۆ کەرکردنیش بە سین وساڵە



**وتووێژی مامە عەزۆ لە گەڵ ئارنۆڵد**

**مامە:** ئاغای ئارنولد بەخێر هاتی سەر چاوان.
**ئارنۆڵد:** سپاست دەکەم مامە, هەر ئارنۆڵد بڵێی بەسە, زەمانی ئاغایەتی بەسەرچوە.
**مامە:** باشە ئارنۆڵد, لە پێشدا ببورە ئەو ماوەیە جیرانم بوی, لێم نەپرسیوی و سەرم قاڵ بوپێم نەدەکرا.
**ئارنۆڵد:** نە مامەگیان پێویست ناکا, تۆش کارو گرفتاری خۆت هەبوە, چارە نەبوە!
**مامە:** هەڵبەت ئینسان جیرانی کەری هەبێ, ببورە, کەری جیران بێ, هێندێك!هێندێك
**ئارنۆڵد:** هێندێك سەیرە, کەرو جیران! حیسابی هەرناکرێ.
**مامە:** نا مەبەستم ئەوە نەبو, هین, کوڕە وانێك
**ئارنۆڵد:** پێویست ناکا مامە مەسەلەکە بگۆڕێ, من قەڵس نابم.
**مامە:** هەر لێی گەڕی با بێمەوە سەر پرسیاری خۆم.
**ئارنۆڵد:** فەرمو, هەرچۆنی بە باشی دەزانی.
**مامە:** کوڕە تۆ وا بە حورمەتەوە قسەم لە گەڵدا دەکەی قسەم بۆنایا.
**ئارنۆڵد:** چی بکەم مامە! بەر ببمە زەڕە زەڕە و عەرە عەر! خۆ تۆ حاڵی نابی!؟
**مامە:** نا نا هەر بەو زمانە باشترە! خەڵکی کوێ و لە کوێڕا هاتوی؟
**ئارنۆڵد:** لە رۆژهەڵات, بە زاراوەکەمدا دیارە.
**مامە:** زۆر دیاریش نیە, وشەی هەمو ناوچەیەك بەکار دەبەی.
**ئارنۆڵد:** وا باشترە بەرەو یەك گرتووی دەچێ.
**مامە:** وایە جەنابت باشتر دەزانی, چۆن بو هاتیتە دەرەوە؟
**ئارنۆڵد:** بۆخوێندن هاتوم!
**مامە:** کەر وخوێندن!
**ئارنۆڵد:** بەڵێ, زۆر سەیرە مامەگیانە!؟
**مامە:** ناوەڵا, لەو زەمانەیەدا زۆریش سەیر نیە, باشە پێم بڵێ چیت خوێندوە وتەواو کردوە؟
**ئارنۆڵد:** دوازدە کەلاسی نیزامی قەدیمم خوێندوە, دیپلۆمی علومی ئینسانیم.

**مامە:** علومی ئینسانی! بۆ راست ئەوە؟
**ئارنۆڵد:** پێم خۆشە سەرقاڵی ئەو شتە بم, کە زۆر بەلای ئینسانەوە گرینگە.
**مامە:** ئێستا لە کام وڵات پەناهەندەی؟
**ئارنۆڵد:** لە ئینگلستان, بەڵام پەناهەندە نیم.
**مامە:** پەناهەندە نی, ئەدی چۆن لە دەرێ دەژی؟
**ئارنۆڵد:** دانشجوم و بە ویزای دانشجوی هاتوم.
**مامە:** ها ها ها, ئەی خودا هاوار شتی چۆن سەیر دەبیستم, کەر و ویزای دانشجویی!
**ئارنۆڵد:** حەقی خۆتە پێ بکەنی بەڵام مەسخەرەم مەکە!
**مامە:** نا نا ئەو قسەیە چیە! لێم بە ئیراد مەگەرە شتی وام قەت نەبیستوە.
**ئارنۆڵد:** هەر ئەو شتانەت بیستوە کە پێت خۆشە!
**مامە:** لەوە دەچێ لێم تۆرە بی! باشە ئێستا چی دەخوێنی؟
**ئارنۆڵد:** تورە نیم, کەر و دوارۆژی کەر!
**مامە:** باشە بۆ راست ئینگلستان؟
**ئارنۆڵد:** مامە هیچ شوێنێك بە قەرا ئینگلستان کەری لێ نیە! ئەوانە ئیستعمارگەر بوون, زانیاری تەواویان لە سەر کەر وکەربوون و داهاتی کەر و ئامانجی کەر هەیە, بەساڵیانی ساڵە لێکۆڵینەوە لە سەر کەر دەکەن, کەری شەشدانگ وئەسڵ لە لای ئەوانەیە, ئێرە باشترین شوێنە بۆ خوێندنی من.
**مامە:** وادیارە زانیاریت زۆرە, بە راستی من ئەو شتانەم نەدەزانی.
**ئارنۆڵد:** ئەوانە خەزێنەی هەمو زانیاری یەکن, بۆگاش هەر وان. چاو لێ کە بە سەدان ساڵە لە هیندوستان لە سەر گاو مانگا لێکۆڵینەوە دەکەن, گا لە دورەوە بە شاخی دا دەناسن.
**مامە:** بە خوا سەیرە پرسیارم هەمو لە بیر چونەتەوە!
**ئارنۆڵد:** پرسیارەکەت ئەوە بو, بۆ ناوم ئارنۆڵدە!
**مامە:** ئەرێ ئەرێ هەر ئەوە!
**ئارنۆڵد:** ناوی خۆم گۆری بۆ ئەوە ویزاکەم وەرگرم.
**مامە:** بە ناوی خۆت چی؟
**ئارنۆڵد:** بە ناوی خۆم دوو جار لە کونکوری سەراسەری بەشداریم کردو رەدبوومەوە!
**مامە:** بۆ رەد بویەوە؟
**ئارنۆڵد:** نەیاندەویست, دوو جار لە دانشگای ئیسفاهان دەرچوم, بەڵام لە مەرحەلەی دووەم قەبوڵیان نەکردم.
**مامە:** ئەوانە چیان دەوێ؟
**ئارنۆڵد:** جاشك و جاشولە! بۆئەوە مێشکی بشۆنەوە و پری کەن لە قسەی پروپوچ.
**مامە:** ئارنۆڵد گیان, ئێستا کێ خەرجی خوێندنت دەکێشێ؟
**ئارنۆڵد:** کەس, بۆ خۆم! هێندێك پەسەندازم هەبو, هەروەها لە باخی وەحشی لەندەن لە بەشی Zoologie یانی حەیوان ناسی کار دەکەم.
**مامە:** چ کارێك دەکەی؟
**ئارنۆڵد:** لە بەشی لێکۆڵینەوە کار دەکەم. هەر وەها دەرس دەدەم و کەلاسی زمانم هەیە!
**مامە:** زمانی چی؟
**ئارنۆڵد:** فارسی و تورکی وعەرەبی!
**مامە:** ئەو هەموە لە کوێ دەزانی و لە کوێ فێربوی؟
**ئارنۆڵد:** فارسی کە دەرسم پێ خوێندوە, عەرەبی و تورکیش لە مەجبوری, زۆر لە تەبرێز و ئەردەبێل و خوزستان ماوەمەتەوە!
**مامە:** جا باشە پیاوێکی وەکو تۆ, ببورە کەرێکی وەکو تۆ چۆن توانیویە بەو ئاستە و دەرجەیە بگا؟
**ئارنۆڵد:** ویستن, توانینە, هەر کەسێ بییەوێت بە ئامانجی دەگات.
**مامە:** نا لە گەڵ ئەوەدا نیم, ویستن شتێکە و توانین شتێکی جیا, هەر کەس ناتوانێ بە ئاسانی بە هەر ویستێکی خۆی بگات, چونکو هەر ویست و توانینی تۆ نیە, زۆر شتی دیکە لە کارەکاندا دەخیلن و کارگەریان هەیە, کە بەدەستی تۆ نین.
**ئارنۆڵد:** دیارە بیرو رای جیاوازیش لە سەر ئەو مەسەلەیە هەیە.
**مامە:** باشە لە وانە گەرێن, کەربازی لە ئینگلستان چۆن دەبینی؟
**ئارنۆڵد:** مامە لە راستی دا لێرە کەربازاری نەماوە. ئەوانە بە ساڵیانی ساڵە خەریکن هەمو شتێك وا رێك وپێك بکەن کە ئیتر تێك نەچێ, بۆ هەمو شتێك قانونیان داناوە, هەزار ویەك قانونیان هەیە, بۆ گووی سەگ و پشیلەش قانونیان هەیە, لێرە ئەگەر ئەنگوست بۆ کەسێك بەرزکەیەوە ویانکو جنێو بە کەسێك بدەی, جەریمەی هەیە, ماڵیات و ماڵیات وەرگرتن تەواوی تاو وپۆی ئەو وڵاتەی تەنیوەتەوە. ئەوەش بڵێم لێرە سەگ بازاری و پشیلە بازاری باوە, نانی ئەو دووانە هەمیشە چەور و حازرە! کەری بەستزمان هەر بۆ لێکۆڵینەوە و سەیر کردن ماوە.
**مامە:** لەوە ناچێ زۆر رازی بی؟

**ئارنۆڵد:** مامەگیان کەس بە بەشی خۆی رازی نیە! دەتوانی کەسێکم بۆ هەڵدەی لەو دنیایە رازی بێ؟
مامە: ها! من؟ کەسێك؟ لە کوێ کوتت؟
پاش ماوەی گفت و گۆ لە داهاتودا!. (2002/12/2)

**وتوویژ دەگەڵ مامە عەزۆ**

تکایە خۆت بناسێنە!
مامە عەزۆ: مامە عەزۆ!
لە کوێ و کەنگێ لە دایك بووی؟
مامە عەزۆ: وەڵا بە سەری بابت هێندە چکۆلە بووم هەر وەبیرم نایە!
لە کوێ گەورە بووی؟
مامە عەزۆ: لە کوردستان لە ناودڵی خەڵکدا!
دایك و باوکت کێن وخەڵکی کوێن؟
مامە عەزۆ: زۆری لە سەر مەڕۆ, بەخولاباشە, دەیەوێ شەجەرەنامەی خۆمی بە جارێك بۆ بڵێم!
مامەگیان تورە مەبە, خوێندەواریت هەیە؟ چەندە؟
مامە عەزۆ: تورەنیم, هێندێك قەڵس بووم, بەشی خۆم خوێندەواریم هەیە, نازانم چەندە!
مامە زۆر باوەڕت بە چییە؟
مامە عەزۆ: باوەڕم بە خەڵکە و بە کەر و کورتانی خۆم!
مامە عەزۆ ژنت هێناوە و منداڵت هەیە؟
مامە عەزۆ: دیسان لە سەر خەت لات دا و زۆری لێ دەڕێسی!
مامە عەزۆمنداڵت خۆش دەوێ؟
مامە عەزۆ: قەزای هەموو منداڵی کورد لە تەپڵی سەری مامە عەزۆ کەوێ!
کوردستان بۆتۆ چیە؟
مامە عەزۆ: دایە گەورە و منداڵی داهاتووم!
زمانی کوردی چیە؟
مامە عەزۆ: خۆشتر لە هەموو میوەی بەهەشتە و هەنگوینی شیرینی سەر زمانم هەتا ماوم!
مامە گیان ئەو نیوە کێ لێی ناوی؟
مامە عەزۆ: ئەوەندە دەزانم تۆ نەبووی!
گۆرانی کوردی چیە؟
مامە عەزۆ: ئاوی حەیاتە بۆ ئەو ژینە ئاڵوزە!
گۆرانی دەڵێی؟
مامە عەزۆ: ئاخە بەرخی بابم, کورد هەیە گۆرانی نەڵێ!
مامە عەزۆ راستە دەڵێن قسەی خۆش ون نابێ؟
مامە عەزۆ: لە کوردەواریدا ئەو قسەیە مەزندەی نیە!
مامە عەزۆ کام شاعیری کوردت قەبووڵە؟
مامە عەزۆ: هەموو ئەوانەی خەڵکیان قەبووڵە!
مامە عەزۆ حەز لە کام نووسەری کورد دەکەی؟
مامە عەزۆ: کاکەگیان سەردەمی حەز لێکردنی من تێپەڕیوە!
مەبەستم ئەوەیە کام نووسەری کوردت قەبووڵە؟
مامە عەزۆ: ئەو نووسەرەی وا هێشتا دەستی بە نووسین نەکردووە!
جل و بەرگی کوردی چ ناتەواوێکی هەیە کە خەڵك لە بەری ناکەن؟
مامە عەزۆ: هیچ, ناتەواوی هی خەڵکەکەیە!
پێت وایە رۆژێك کورد سەربەخۆ بێ؟
مامە عەزۆ:ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەی باشترە!
باشە کورد سەردەکەوێ؟
مامە عەزۆ: سەرکەوتن ئاسانە, لە سەروە مانەوە زەحمەتە!
ئێمە پرسیارمان نیە, تۆ قسەت ماوە بیکەی؟
مامە عەزۆ: خۆ من قسەیەکم نەکردوە!
زۆر سپاست دەکەین بۆئەم وت و وێژە!
مامە عەزۆ: ئەوە تێرم خوارد!!



## پرسیاری کورتی نادر و وڵامی خێرای مامە



نادر: مامەگیام بەخێر بێ!
مامە: خێراندار بێ نارد گیان!
نادر: ئەوە ناوی خۆتە یان نازناوە؟
مامە: هەموی نازە و ناوم بۆ نەماوە.
نادر: مامە گیان چۆن بوو هاتی بۆ دەرەوەی وڵات؟
مامە: هەر وا, لە خۆڕا, سواری ماشێن بوم, لەپڕ چاوم کردەوە, ئا! خۆ ئەوە لە دەرەوەم.
نادر: مامەگیان خەڵکی کوێی کوردستانی؟
مامە: گیاندارت خۆش بێ, گەڕەکی پشت ماڵان, جیرانی وەستا حسێنی بەنا.
نادر: ئەو هەموو قسە خۆشەت لە کوێوە بۆ دێ؟
مامە: پێت ناڵێم, دەنا دەبێ دوکانەکەم تەختە کەم و بەکەومە سەر ساجی عەلی!
نادر: مامە خاو خێزانت هەیە؟
مامە: نا! لە پشت قوللەی قافەوە هاتوم؟
نادر: مامە سیاست چۆن دەبینی؟
مامە: کوا سیاسەت! من هەر خۆکوژی و یەکترکوژی دەبینم.
نادر: مامە کورد ئەورۆکە چی بکا؟
مامە: راوەستێ بزانێ, سبەینێ دەبێتە چی!
نادر: هونەرمەندی کورد کێیە؟
مامە: ئەو کەسەیە کە خۆی بە کورد نازانێ!
نادر: نووسەرەکانمان دەبێ چ بنووسن؟
مامە: ئەو تەکلیفانەی وا لە مەدرەسە پێیان داون!
نادر: ئەو هەمو ماڵپەرە چۆن دەبینی؟
مامە: لە رێگای ئینترنێتەوە!( دۆشاو ئەگەر زۆر بو لە گونی هەڵدەسوون)
نادر: چات چیە و بۆئەو هەمو عالەمە سەریان پێوە قاڵە؟
مامە: چات چاییخانەی مودێرنە, هەرکەس لە ماڵی خۆی چای دەخواتەوە و شەڕەچەقەکەی دەباتە ماڵێکی دی.
نادر: تەلویزیونی کوردی چاو لێ دەکەی؟
مامە: بەڵێ ئەدی چۆن, ئێستا فێر بووم دەنگ و باس بە حەفتا زمان بڵێم. بۆت بڵێم؟
نادر: بۆ هەتا ئێستا ڕەخنەمان لە سەر ئەو بەشە نەدیوە؟
مامە: بۆ خوی سەرتاپا ڕەخنەیە, ڕەخنەی چی لێدەگری!
نادر: ئیش و کارت چیە و سەرقاڵی چی؟
مامە: قاقەز رەش دەکەمەوە و بەقاڵی بێ دوکانم.
نادر: رۆژنامەگەری کوردی چۆن دەبینی؟
مامە: رۆژنامەگەری بێ رۆژنامە و رۆژنامەی بێ کورد زۆر دەبینم, مەبەستت چی بو؟
نادر: بۆ دەتەوێ بە پێکەنین وەگریانمان خەی؟
مامە: چونکە زۆر جوانن, بۆیە!
نادر: ڕەخنە وڕەخنەگەری و قسەی نەستەق چیە؟
مامە: ڕەخنە باسی سەرە و مەکروهە, شەڕی لە دوایە. ڕەخنەگەری وەك خومگەری وایە, بەڵام رەنگەکەی زوو کاڵ دەبێتەوە. قسەی نەستەق وتەی پێشینیانە و باوی نەماوە و پوڵ ناکا.
نادر: حەسەن زیرەك کێیە, مامە چۆنی دەبینێ؟
مامە: حەزرەتی داودی کوردە, دەنگی هەتا هەتایە دەمێنێ, بەڵام مامە نایبینێ, ئەرێ لە کوێیە نادر؟
نادر: پێت وایە گۆرانی کوردی لە قەیرانێك دایە؟
مامە: نا, قەیرانێك لە گۆرانی کوردی دایە.
نادر: چارەی خێراو سەرەکی چیە؟
مامە: بچینەوە ماڵێ بزانین, کوپە ترشیاتەکەی وا دوێنێ دامان نابوو, گەیشتوە یان نا؟
نادر: مامە چەند زمان دەزانێ و پلەی خویندنت چەندە؟
مامە: بە بێ زمانی لە دایك بوم چەند وچونی تێدانیە, ئەو دەمەی مامە دەیخوێند پلەو شتی وا نەبو.
نادر: هێندێك جار توند وتیژی و توڕە دەبی بۆچی؟

مامە: چونکە ڕقم هەڵساوە و بە دەست خۆم نیە.
نادر: مامە چی بکەین ماڵپەڕەکەمان بەربلاوتر بێت؟
مامە: کامپیۆتێرێکی گەورەتر بکڕن باشترە.
نادر: قسەی دوایتان چیە, ئەگەر ڕەخنەتان لە ئێمە هەیە ڕاستەوخۆ پێمان بڵێ!
مامە: جا کوا دەوێرم لە خانەخوێی خۆم ڕەخنە بگرم, بزانە ماڵ وێرانم ناکەی! قسەی دوایم ئەوەیە« بای, بای

*کاك نادر فەتحی لە (نامەی بەرقی) یەکدا چەند پرسیارێکی لە مامە کردوە, مامەش لە سەر ئیزنی خاوەن پرسیار ئەوەی بە شێوەی وتووێژێك دەرهێناوە و هێندێك بەهاراتی پێداکردوە, هیوادارم بە دڵتان بێ.*

**وتووێژی نادری فەتحی لە تەك مامە عەزۆ**



نادر: مامەگیان بەخێر بێت بۆ ماڵپەڕەکەمان.
مامە: سپاست دەکەم کاك نادری خۆشەویست.
نادر: مامە بۆ خۆت بە خەڵك ناناسینی؟
مامە: ئەی ئەو ماوەیە چیم کردوە! تورم پاك کردوە؟
نادر: نا, مەبەستم ئەوەیە مامە عەزۆ کێیە؟
مامە: نووسراوەکانی بخوێننەوە دەیناسن. ئەرێ کاك نادر تۆ کاڵك خۆری یان بێ...
نادر: زۆر کەس دەپرسن پێیان خۆشە بزانن مامە عەزۆ چ کەسێکە!
مامە: باشترە ئەوانە کە دەپرسن دەست بکەن بە خۆ ناسین, بە گفتی جوبران جوبران خەلیل نووسەری گەورەی عەرەب«خۆ ناسین سەرەتای هەموو زانستێکە» لە دواییش باشترە بزانن مامە چی دەڵێ وچی پێیە, ئەگەرکو قسەکانیان بە دڵ بوو بیقۆزنەوە وگوێی بۆ ڕاگرن, ئەگەریش نا ئەوە لە بیر خۆیانی بەرنەوە و مامە هەروا کە هەیە قەبوڵی کەن نە ئەو جۆرە کە بۆخۆیان پێیان خۆشە!
نادر: ئەو نێوە لە کوێرا هاتوە؟
مامە: ئەو نێوە لە گەڵ کەسایەتی مامە عەزۆ لە دایك بوە.
نادر: هەتا ئێستا مامە لە کوێ بوو, بۆ دیار نەبو؟
مامە: نادر گیان مامە زۆری حەول داوە لە ڕێگای دیکەوە, وەك تەلەوزیون و زۆر کەرسەی ڕاگەیاندنی دیکە, ڕاستە وخۆ لە گەڵ خەڵك بدوێ وقسان بکا, بەڵام دەبایە کەسایەتی خۆی لە دەست دابایە, یانی مامە عەزۆ نەبایە.
نادر: یانی مامە دەیەوێ بڵێ ئەو ئامرازی ڕاگەیاندنانە نایانەوێ مامە قسە بکات؟
مامە: مامە وهەزاری وەك مامەش! هەموو ئەوانە قەیرانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و قەیرانەکە بەسەریاندا زاڵە.لە خۆناسین و خۆناساندن و خۆ پێناسین زۆر دورن, بە تایبەت حیزبایەتی زۆریان لەو مەبەستە ڕاستەقینەیە دور دەخاتەوە.
نادر: تا ئێستا باسی ئەو بابەتەتان نەکردوە!
مامە: بۆچی! لە هەڵپەڕینی ورچ و دەعبایەکی تازە بە گشتی باسم کردوە, بەڵام ڕاستە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە, ئەگەر قووەتم پێی بشکێ.
نادر: مامە ئەو نووسراوە وبابەتانە لە کوێرا دێنی؟
مامە: بۆخۆشم نازانم! ئەگەر ئێوە بڵاوی دەکەنەوە ڕۆژی دوایە دەچمە ماڵپەڕەکەتانەوە دەیانخوێنمەوە, پێدەکەنم وکەیفم پێی ساز دەبێ, دەڵێم ئەوە کێ نووسیویەتی!
نادر: وا دیارە پەسەندی خوتان دەکەن و چەپڵە بۆ خۆتان لێدەدەن؟!
مامە: نا, نادرگیان, بە ڕاستی پێم خوش بوو مامە عەزۆ بایەم. جێگای کەسایەتی وا زۆر بۆش وخاڵیە!
نادر: مامەگیان ئەوە نیە مامە عەزۆ حی و حازرە!
مامە: مامە عەزۆ نەك وەك نێو, وەك ویژدان, ویژدانێکی ئاگا و بیرمەند و ژیر, مەند ولە سەرەخۆ.
نادر: مامە وادیارە دەچیە ناوفەلسەفەوە؟
مامە: بێ فەلسەفە ژیان چەتونە وبێ بایخە!
نادر: مامە لەوانە گەرێین, زۆر کەسایەتی دێنە ناو باسەکانت و قسەی دڵی خۆت بەوان دەکەی بۆ؟
مامە: نالەگیان, ئەگەرکو ڕاستیت بوێت, ئەوانن دێن وقسەی خۆیان بە مامە دەکەن.
نادر: مامە زۆر جار باسی شتهایەك دەکەی کە هێندێك کەس لێی دەسڵمێنەوە!
مامە: مەبەستت گەڵ وگونە؟
نادر ئاخر مامە هێندێك چوارچێوە هەیە لە نووسیندا!
مامە: نا, نادری خۆشەویست, ئەو چوارچێوانە لە مێشکی ئێمەدا هەیە بۆخۆمان دروستمان کردوە, لە ژیانی ڕاستەقینەماندا نیە. مامە باوەڕی پێیان نیە. لە بەر ئەوە قسەی دڵی خۆی کە قسەی دڵی زۆر کەسە هەڵیدەرژێتە دەرێ. تازە کەسی کاکەی بۆ خۆت لە یەکێك لە پێشکەوتوترین وڵاتانی ئوروپا دەژی دەزانی چۆن لە گەڵە ئەو مەسەلەیە هەڵسوکەوت دەکەن, ئەوەی

مامەش نەیکوتوە ئەوان شەو و ڕۆژ لە تەلەوزیون راگەیاندنە گشتیەکانیان باسی دەکەن. نابێ قسەی خۆمان بخۆینەوە ,زمانی خۆمان گرێ دەین. ئەو وڵاتانەش خاوەنی فەرهەنگن و بێ فەرهەنگ نین.
نادر: مامە خۆ نابێ شتی ئەوان کۆپی کەین و دەربەست قەبوڵمان بێ!
مامە: کەس ناڵێ, ئێمە بە دەسرەی دەستی ئەوان ئارەقی ناوچاوانمان بسترین. بەڵام دەبێ هێندێکیش خاو بینەوەو ئەوەندە ڕق ئەستور نەبین. فێر بین بە ئارامی لە گەڵ یەکدا قسە بکەین و لە یەکتر حاڵی بین. لە سەر قسەیەك رەگی ملمان ئەستور نەبێ و شیر وشمشیر بۆ یەکتر نەکێشین. باوەڕ بکە دوژمنانی ئێمە چاکمان دەناسن و چاکیش کەڵکیان لەو ناسینە وەرگرتوە.
نادر: مەبەستت چیە مامە؟
مامە: ئێمە بە یەکەوە بۆ یەك ناژین, بێ یەك دەژین, ئەگەر چەکمان پێ بوو یەکتر قڕ دەکەین, کە چەکمان دانا لە یەکتر دور دەبینەوە. قەڵم بەدەست بووین قەڵم بە چاوی یەکتر دادەکەین, پێوست ناکات سەری کوردستان بدەی, هەر ئەوەندە بەسە سەرێکی ئەو ماڵپەرە کوردیانەو ئەو چاتانە بدەی, هەر ئەوەندە بەسە..!
نادر: مامە هێندێك باسی ڕۆژهەڵات بکەین!
مامە: بەو نێوەشەوە و بەو چلەی زستانە «ڕۆژهەڵاتی» چی!
نادر: لە گاڵتە بگوزەرین!
مامە:نا لە گاڵتە ناگوزەرێن, کاکە سوار گوتەنی« ڕێگەمان دور وسەخت و قاقرە»و دەم و نەفەسی درێژی دەوێ. پێکەنین و شۆخی پێویستە, پشوومان دێنێتەوە بەرخۆ! وا نیە نادرگیان؟ جا ئەوجار باسی ڕۆژهەڵات.
نادر: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات چۆن دەبینی؟
مامە: بەداخەوە حیزبە سوننەتییەکان لێیان بۆتە عادەت وتەنانەت فەرهەنگیش, خۆ مات دەدەن شتێك بقەومێت, ڕۆستەمی زەمانێك پەیدا بێ, خەڵکی بەستزمانیش بە هیوایی ئەوانن وچاوەڕوانی ئەوان دەکەن. ئەوانیش موخابن, نە تەقە لە تفەنگەکانیانەوە دێت ونە سیاسەتەکانیان بەر دێنێ.
نادر: مەبەستت ئەوەیە دورن لە خەڵك وکارەساتەکان, هیچ کاریگەرێکیان بە سەر ڕوداوەکاندا نیە؟
مامە: ڕەحمەت لە بابت لە نێوەراست خاڵەکەت دا! ئەوانە لە سەریکەوە خۆیان گرێ داوە بە ڕوداوەکانی ئێران, لە سەرکیشەوە هەزارو یەك بیانو دێنەوە بۆ نەجوڵانەوەی خۆیان.
نادر: پێت وایە ڕوداوەکانی باشوری کوردستان کاریگەری لە سەر سیاسەت و هەڵسوکەوتیان داناوە؟
مامە: بەڵێ, ئەوەش هۆیەکی مەسەلەکەیە. لە جیاتی ئەوەی ئەو ڕوداوانە ڕێگای جم وجۆڵیان خۆش کا و دەست وباڵیان بکاتەوە هەموویانی کەلەبچە کردوە و لە جم وجۆڵ خستوە تەنیا ئاوڕ دانەوە لە دە, دوازدە ساڵی ڕابوردو ئەوە بە جوانی نیشان دەدات.( چاوەڕوانێکی بێ بڕوا و بڕوایەکی بێ چاوەڕوانی سەری لە هەمویان شێواندوە.)
نادر: بەشێك لەوانە دەڵێن ئێمە چاوەڕوانی باشورین بزانین سەرئەنجامی بە کوێ دەگات, تەنانەت نەبوون و ڕاگرتنی خەباتی چەکداریشیان هەر بەوهۆیە دەبەستنەوە.
مامە: پارێزگاری و ئەو دەستکەوتە بە بێ دەنگی وبە عەمەلی ناکرێ, هەست وخوست لە خۆمان ببڕین بزانین چۆن سەریان پان دەکەنەوە, سنوری دەستکردی دوژمنان هەر سیاسی نیە و لە سەر عەرز نەماوەتەوە, بەداخەوە چۆتە نێومێشکمانەوە و لەوێشدا بەشبەشی کردوین. ئەوە هەقلی مەقۆیەکە دوژمنان بۆئێمەیان داناوە( یەك لە سەرێ بێ, ئەوی تر لە خوارێ).
نادر:مامەگیان هێندێك جار تۆش تورە دەبی بۆ؟
مامە: تورە نابم قەڵس دەبم, نادرگیان خەڵکەکەمان خوێنیان بووە بە ئاو هێندە زەجر و زوڵم و بێ بەختی وچارەرەشیان دیوە. سەرێك لە کوردستان بدە, بزانە ئەوخەڵکە بۆخۆی لە خۆیدا چەندە پاك وگەورەیە, باوەڕ بکە لیاقەتی زۆرتریان لە وڵاتە ئوروپایەکان هەیە کە هەموو ساحەبی دەوڵەت و ئاڵا و دموکراتی و ئازادین. ئەوان ئەو حیزبانەیان هەڵ نەبژاردوە حیزبەکان ئەوانیان هەڵبژاردوە و لە کۆڵیان نابنەوە. لە جیاتی ئەوە ڕزگاریان کەن بوونەتە مۆتە و بەسەریاندا زاڵ بوون, کەسیش نیە شوژنێك بە لوتیاندا کات.
نادر: کەس کێ؟
مامە: کەسی ڕاستەقینە هەر خەڵکە! قسەی ئاخریش هەر خەڵك دەیکات. بەڵام بۆ ئەو ڕاستیە دەبێ وریا و ئاگادار بێ و خۆ بگەیێنێتە جێگای ڕاستەقینەی خۆی.
نادر:چۆن؟
مامە:بە خۆناسین و خۆناساندن و زانین وزانیاری و دیسانیش زانین.
نادر: داهاتوی ئێران چۆن دەبینی؟
مامە:باشترە ئەو پرسیارانە لەوانە بکەی کە بەردو داری ئێران لە سینگی خۆیان دەکوتن و لە ژێر ئاڵای ئەواندا هەر جارێك بە چەشنێك قوربانی دەبن.
نادر: پێت وایە ئاڵوگۆڕێکی تێدا بکرێ؟
مامە: وادیارە لە کۆڵم نابییەوە, چاو لێکە نادرگیان لە سەرتاسەری سەدەی بیستەوە ئەگەر بە گۆترە حیسابی بکەین هەر 25 ساڵ لە ئێران شتێك قەوماوە و لە هەمووشیاندا کورد قوربانی بووە وهیچ دەستکەوتی نەبووە, ئەگەرکو بەو حیسابە بڕوین

ئێستا دوو هەتا سێ ساڵی ماوە, هێندێك سەبرت هەبێ لەوە دەچێ وەكو یوگوسلاوی و سوڤیەتستانی پێشوی لێ بیت. نوخشەی لێ بێ, ئیشاڵا بە سەرو دڵی خۆش. تۆش پێت وانیە؟
نادر: باشە مامە دەبا نوخشەی لێ بێت, لە سیاسەت گەڕیین, ماڵپەرەكەمانت پێ چۆنە؟
مامە: قەزاو بەڵای ئەو ماڵپەرەتان لە زۆر كەس وتاقم كەوێت, ناویان ناهێنم ئاشكراو روونە. ماندو نەبن ودەستتان خۆش بێت, ئەگەر بە هی خۆمم نەزانیبا خێوەتم لێ هەڵنەدەدا, دەزانم بە راستی زەحمەتی پێوەدەكێشن, هیوادارم بەردەوام بن ورەتان هەر وا بەرز.
نادر: دەبێ چی بكەین كە نەمان كردوە؟
مامە: نادرگیان ئێوە نا, ئەو خوێنەرانەی قەڵم بەدەستن وئەو قەڵم بەدەستانەی خوێنەرن, دەبێ قۆڵی لێ هەڵماڵن و یارمەتیتان بكەن و ماڵپەرەكە ئەوندەی دی دەوڵەمەند بكەن. ئەو ماڵپەرە كەسایەتی خۆی راگرت و سەر بە هیچ دەستە وتاقم وحیزبێك نیە, سەر بە كوردە و دەبێ بە هەمومان بیپارێزین.
نادر:مامەگیان من ئیدی پرسیارم نیە, جەنابت ئەگەر قسەت ماوە فەرمو!
مامە: ساحەب فەرمو بی نادرگیان, دەزانم پرسیارت ماوە و ماڵت نەشێوێ خۆ منیش قسەیەكم نەكردوە, بەڵام قەی ناكات هەڵی دەگرین بۆ كاتێكی تر. مامە شادی و كەیف خۆشی ئێوە وخوێنەرانی ئێوە دەوێت. زۆر سپاستان دەكەم.
نادر:سپاس بۆمامەش. 

